# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

شەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ _ ١٨ی فێورییەی ٢٠١٧

ژمارە: ٦٩٨

www.kurdistanukurd.com


## سەردانی نوێنەری حدک لە ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست لە بنکەی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەیە لە شاری لەندەن

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ی فوریە ٢٠١٧ زایینی بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب دیموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست سەردانی ئەم بنکەی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەی لە شاری لەندەن،ی پایتەختی بریتانیا کرد و لەلایەن بەڕێزان لویس ئەیالا سکرتێر و لەتیفە پێری کارگێری ئەو ڕێکخراوەیەوە بە گەرمی پێشوزی لێکرا. تەوەری سەرەکی و مەبەست لەو سەردانەی نوێنەری حیزب باس لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نەخش و رۆلی کورد لەو ناوچەیەدا و هەروەها گرتنی ٢٥مین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیە لەمانگی مارسی ٢٠١٧دا بوو. جێگەی ئاماژەیە کە هەر لەو چاوپێکەوتنەدا باس و راوێژێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە دەوری ئێنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست و هاوکات نەخش و رۆلی حیزبی دێموکرات وەک ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە کرا و جێگە و پێگەی حیزب بەرز نرخێندرا.



# بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکان درێژە بە شۆڕش دەدەین




لە ٢٢ی ڕیبەندانی ٣٨ ساڵ لەمەوبەر، خەڵکی ئێران بە گشتی دوای زیاتر لە ٣ دەیە خەبات لەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پاشایەتی ، لەو پەڕی خۆشیدا خۆیان بە شەریکی سەرکەوتنێکی مەزن دەزانی. ئەوان لە درێژەی ئەو ساڵانەدا، بە دوای ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌دا دەگەڕان. دوو مافی سەرەتایی ئینسانەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە تێیدا دەژین و تەمەنی خۆیان بە حەسرەتی ئازاد ژیان و ژیانێکی بە بەرهەم بۆ خۆیان و نەوەکانیان تێپەڕ دەکەن.حیزبی دیموکراتی کوردستان خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی لە خەبات لە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی سیستمی پاشایەتی لە ئێران‌دا بوو. ئەمەش هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ پشتیوانی بەرینی خەڵکی کوردستان لە پەیامەکانی لە سەردەمی شۆڕش بۆ وەلانانی دەسەڵاتی پاشایەتی. هەروەها دروست بوونی پشتیوانییەکی بە هێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتدارانی نوێی کۆماری ئیسلامی کە هەوڵی فریودانی خەڵکیان دەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکانیان.ئامانج گەلێک کە جگە لە بەفیڕۆدانی خولیای خەلک بۆ گەیشتن بە هیوا لەمێژینەکانیان و دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی ژیانی ئینسانی کارێکی دیکەی نەکرد.بۆیە لەدوای ٣٨ ساڵ ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی و بەتایبەت خەڵکی خەباتکار و نیشتمانپەروەری کوردستان، دیسان لە هەوڵی خولقاندنی هەلومەرجێکی نوێدان هەتا ئەوجار بە چاوکراوەیی زیاترەوە و لەدرێژەی شۆڕش‌دا، ئامانجەکانیان وەدی بێنن و مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیان دەستەبەر بکەن.

## پرسی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران دا

**بەسەرهاتی تاڵی چاوەڕوانییەکی ڕەوا!**

**قادر وریا**

٢ ساڵی دیکە چل ساڵی تەواو بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا رادەبرێ. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە رابردوویەکی دوورو درێژی لە خەبات لە گەڵ ڕێژیمی پاشایەتی‌دا هەبوو، چالاکانە لە شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران دا بەشدار بوو، چونکە دەیەویست بە گۆڕانی رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، کۆتایی بە بێبەشی لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێ‌و لە سەر خاکو نیشتمانی خۆی‌و لە چوارچێوەی ئێران‌دا مافی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بدرێتەوە بە خۆی، جارێکی دیکە وەک سەردەمی کۆماری کوردستان زمانی کوردی لە کوردستان ببێتەوە بە زمانی ڕەسمی‌و لە قوتابخانەکان پێی بخوێندرێ‌و لە ئیدارەو دامەزراوە ڕەسمییەکانی ئەو ناوچەیە قسەی پێ بکرێ‌و کۆمەڵێک مافی دیکە کە لە دوای رووخانی کۆماری کۆردستان لەم گەلە ئەستێندرابووەوە، بۆی بگەڕێندرێنەوە. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم رابردووە پڕ لە خەباتو قوربانیدانەو هەر وەها لەژێر کاریگەریی ئەم چاوەڕوانییەش دابوو کە حیزبی دیموکرات بە تایبەتی‌و گەلی کورد بە گشتی لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، داخوازەکانی خۆیان بە روونی هێنایە گۆڕێ‌و وەبیر دەسەڵاتدارانی تازەیان هێنایەوە کە ناتوانن دەست لەم مافانەیان هەڵ بگرن‌و چاوپۆشیان لێ بکەن. چونکە بە بێ وەدیهاتنی ئەم مافانەو مانەوەیان لە بێبەشی‌و لە ژێر سەرکوتی نەتەوەیی دا شۆڕش ئاکامو مانایەکی نەدەبوو.

بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا پێک هاتن‌و دامەزراوەکانی لە بارودۆخێک دا بنیات نران کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران کە شۆڕشیان کردبوو، لە سەر داواو چاوەڕوانییەکانی خۆیان پێداگر بوون‌و بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم پێداگرییەی خۆیان نیشان دەدایەوە. کۆنترۆڵی کەش‌وهەوای سیاسیی ئێران لە دوو ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان‌دا، هێشتا بە تەواوی نەکەوتبووە دەستی دەسەڵاتدارانی نوێ. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان‌و

ل٢

## بەڕێوەچوونی دوو کۆبوونەوەی بەرینی تەشکیلاتی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بۆ ئەندامانی ئاشکرای حیزب

بە مەبەستی گەیاندنی ڕێنوێنی و راسپاردەکانی دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامانی سەر بە تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە باشووری کوردستان، تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەندامانی حیزب لە بڕیار و بیرو هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزب کە بە تایبەت لە دواکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەیان باسیان لێکراوە و وەک روانین و نەزەری ڕێبەری حیزب بۆ داهاتووی کارو تێکۆشانی حیزبی بە پێویستیان دەزانی هەموو ئەندامانی لێ ئاگادار بکرێ،دوو کۆبوونەوەی بۆ ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی پێک هێنا.

لەم دوو کۆبوونەوەیەدا هەردوو بەڕێزان؛ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتی حیزب لە کۆبوونەوەکەی شاری هەولێر و ، کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆبوونەوەکەی شاری سلێمانی، بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە وێڕای پێشکەش کردنی کۆمەڵێک باسی سیاسی، ڕێنوێنی و راسپاردەکانی دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبیان لە گەڵ ئەندامانی حیزب هێنایە بەر باس.

***

لە کۆبوونەوەی ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە شاری هەولێر کە ڕۆژی هەینی، ٢٢ی ڕێبەندان بەمەبەستی تاوتوێی پرسە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی حیزب پێکهاتبوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدان دەستی پێکرد و ...

ل

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حدک بەبۆنەی کۆچی‌دوایی پێشمەرگەیەکی لە مێژینە، لە نێو ڕیزەکانی حیزب




بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەیەنێ کە کاک محەممەد گۆرانزادە ناسراو بە "حەمەگۆران" دوانیوەرۆی ڕۆژی ٥ شەممەی ٢١ی ڕێبەندان بە هۆی نەخۆشی کۆچی‌دوایی کرد.

کاک حەمەگۆران ساڵی ١٣٢٣ لە ئاوایی گۆراناوەی نەڵێنی سەردەشت لە دایک بووە، لەتەمەنی ١٠ساڵی ئاوارەی کوردستانی باشوور بووە، بۆ ماوەی ١٩ ساڵ لەو بەشە لە کوردستان ماوەتەوە.

دواتر گەڕاوەتەوە کوردستانی ڕۆژهەڵاتو، ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە لەو سەروبەندەدا پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتو، زۆر چالاکانە تێکۆشانی خۆی بەڕێوە دەبرد.

لە ماوەی تێکۆشانی‌دا ٤ جار لە لایەن ساواکەوە ڕەوانەی زیندان کرا، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بەدەستەوە دەگرت، ساڵی ١٣٦٢بوو جارێکی دیکە خۆی و دوو برای بە ناوەکانی هەمزە گۆران‌و سمایل گۆران ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێن.

ل٢

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین مام عەلی گوڵی



کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبارەی کۆچی‌دوایی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکڕات، مام عەلی گوڵی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە.

دەقی ئەو ڕاگەیەندراوە بەمجۆرەیە:

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕایدەگەنین کە مام عەلی گوڵی، تێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی، ٢٩ی ڕێبەندان بەهۆی پیری و نەخۆشی کۆچی‌دوایی کرد.

مام عەلی گوڵی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە گوندی "مەڵلاڵەر"ی ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایکبوو.

مام عەلی یەکێک لە تێکۆشەرانی کورد لەو ناوچەیە بوو کە هەر لە سەردەمی پاشایەتیدا بە هەستکردن بە زوڵم و زۆری دەسەڵات بڕیاری دەستهەڵگرتن لە ژیانی ئاسایی و خەباتی دابوو، وێ هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی خۆپیشاندانەکان لە شاری بۆکان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕۆڵی بەرچاوی بینی.

ل٢

## «ئاشتبوونەوە»کەی خاتەمی و «ئاشتنەبوونەوە»کەی خامنەیی

**سمایل شەرەفی**

لە بەرەبەری ساڵرۆژی سەرکەوتنی! شۆڕشی گەلانی ئێرانو دامەزرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران،...

ل٣

## ڕۆڵی زمان لە بەستێنی شوناسی نەتەوەیی‌دا

**مەنسوور مروەتی**

هەژدە ساڵ لەوەپێش واتە لە ساڵی ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢١ی فیوریە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە بە ناوی ڕ ...

ل٥

## سێبەر و تارمایی هەڕەشەکانی ترامپ لە سەر ئاسمانی ئێران

**عەزیز شێخانی**

جیهانی سیاسەت و قۆرت و پێچەکانی ئەو زانست و هونەرە دەرخەری سروشتی راستەقینەی...

ل٧

## ئابووری ئێران: لە نێوان دۆخی ئارایی و ئامارەکان‌دا

**ئەیووب شەهابی‌راد**

حەسەن روحانی لە ڕێورەسمی بیست و دووی ڕێبەندان، وێڕای ئاماژە بە ئاستی گەشەکردنی ئابووری ....

ل١٠

درێژەی

# پرسی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران دا

## بەسەرهاتی تاڵی چاوەڕوانییەکی ڕەوا!

ڕۆژنامەو بلاوکراوەی ئازاد، سەرەڕای پێناخۆشبوونی تاقمی بە دەسەلات گەیشتوو، هەبوون‌و وەک دەڵێن : ئەمری واقیع» بوون. لە کوردستانیش جگە لە پێداگری لە سەر داواو چاوەڕوانییە لە مێژینەکان، خەڵک لە دەوری حیزبی دیموکرات‌و هێزە سیاسییەکانی دیکە کۆ بوونەوەو پشتیوانیی هەموو لایەنەیان لێ دەکردن بۆ ئەوەی لە ڕێگای وتووێژو دانوستانەوە بێ یا لەڕێگای خۆڕاگری‌و بەرگری کردن لە خۆیان، ئەم مافانەیان بە دەسەلاتی تازە بسەلمێنن. پێکهاتەی یەکەم مەجلیسەکان یا دەورەی یەکەمی مەجلیسەکانی دامەزرێنەران(کە ناوی نرا خوبرەگان)و مەجلیسی شووڕای میللی( کە ئەویش ناوی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لێ نرا) بە جۆرێک بوون، کە هێشتا مەجالێک‌و مەیدانێک بۆ هێنانەوە گۆڕی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی شۆڕش‌کردوو، مابوەوە. لە ژێر کەشوهەوایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنەدا کاتێک یاسای بنەرەتیی وڵات(دەستوور)ی ئێران داڕێژراو پەسند کرا، کۆمەڵێک لە مافەکانی خەڵک لە بواری جۆراوجۆر دا، دیارە بە کلک‌و گوێکراوی‌و نیوەچڵی، لەو دەستوورەدا ڕەنگیان دایەوەو دانیان پێدانرا. ویستی خوێندن بە زمانی پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە قوتابخانەکان یەک لەو مافانە بوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئەسلی ١٥ی دەستووری ئێران دا ڕەنگی دایەوە.

چارەنووسی ئەم ویستەی نەتەوەی کوردو نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، لە زۆر بارەوە شیاوی هەڵوێستە لە سەر کردنە. خودی ویستی خوێندنی گەلێک، نەتەوەیەک‌و پێکهاتەیەکی نەتەوەیی‌و زمانیی چەند میلیۆنی بە زمانی خۆی، بەشێکی کەم‌و بچووکە لە کۆی مافە سیاسی‌و نەتەوەییەکانیان. بە تایبەتی ئەگەر لەوەش ورد بینەوە کە ئەو مافە لە چاوەڕوانیی «بە ڕەسمی ناسران»و» مافی خوێندن بەو زمانانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن‌دا» بووە بە « ئازادبوونی خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی لە قوتابخانەکان‌دا»! ئەو کات پتر هەست بە بچووکی‌و کلک‌و گوێکرانی مافەکە دەکەین. بەو حاڵەش پاشی تێپەڕینی نزیکەی ٤٠ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌و پەسندکرانی دەستووری نوێ‌دا، نەک هەر ئەم ئەسلە جێبەجێ نەکراوەو بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو هەتا ئێستاش هەر کاندیدایەکی سەرکۆماری‌و هەربەربژێرێکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە بیانهەوێ دەنگی نەتەوە نافارسەکانی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەم ئەسلەیان وەبیر دێتەوەو بە بەڵێنی جێبەجێکردنەکەی، بازاڕگەرمییەک لە جەنگەی ململانێی هەڵبژاردن‌دا بۆ خۆیان وەڕێ دەخەن. ناخۆشتر لەم گاڵتەکردنە بە هەست‌و عەقڵی خەڵکیش ئەوەیە هەر کە بازاڕی هەڵبژاردن کۆ کرایەوەو کەریان لە جۆگەی «چاوەڕوانییە قەومییەکان»ی دەنگدەری نەتەوە نافارسەکانی ئێران پەڕییەوە، یا بەڵێنەکەی خۆیان لە بیر دەبەنەوەو هەتا سەروبەندی هەڵبژاردنێکی دیکە، ئاوڕێکیشی لێ نادەنەوە، یا ئەگەر لە توێی هێماو ئیشارەیەکیش دا، باسی «پێویستیی خوێندنی زمان‌و ئەدەبیاتی قەومیەتەکانی ئێران لە قوتابخانەکان دا» کرد، دەسبەجێ نافەرهەنگستان‌و کۆمەڵێک ناوەندو دامەزراوەی دیکە دێنە سەر خەت‌و مەترسیی «شێوانی ئەمنیەتی نەتەوەیی»و لاوازبوونی زمانی فارسی وەک هەودای برایی‌و پێکەوە بەستنەوەی نەتەوە سەردەست‌و بندەستەکانی ئێران و «ئەنجامە خراپەکان»ی دیکە جێبەجێکردنی ئەسلە ٤٠ ساڵ پشتگوێخراوەکەیان، وەبیر دێننەوە. بە جۆرێک دەیکەن بە هات‌وهاوارو وەها داواکاران‌و لایەنگرانی ئەم جۆرە ویست‌و داوایانە دەدەنە بەر پەلامار، کە لە ترسی تاوانبارکران بە خەیانەتی سیاسی‌و ئەمنیەتی، سەریان بەرنەوە نێو قاپێلکی خۆیان‌و قسەکەیان دەجێی خۆی بکەنەوە!

زۆر تاڵە کە دەبینین دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ هەوڵدان‌و بە دواداچوونی دڵسۆزانی زمانی زگماکی‌و نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب‌و ...ی ئێران‌و دوای ئەو هەمووە کایەی سیاسی‌و «گەمەی هەڵبژاردن»ی دەسەڵاتداران بەو ئەسڵەی دەستووری ئێران، سەرئەنجام کێوی دابینکردنی چاوەڕوانییەکی ڕەوای نەتەوە نافارسەکانی ئێران، لە سەردەمی کلیلە گۆیا سێحراوییەکەی حەسەن ڕۆحانی‌دا ترەکی‌و جرجە مشکێکی بوو، بەڵام چ جۆرە جرجە مشکێک؟! لەو ناوچانەی ئێران کە خەڵکی نافارسیان لێ دەژین، لە هێندێک قوتابخانە، دەکرێ قوتابیان بە دڵخوازی خۆیان لە تەنیشت دەرس‌و خوێندنی ڕۆژانەی خۆیان، ئەدەبیاتی یەکێک لەو ٣ زمانە(عەرەبی، ئینگلیزی‌و زمانی دایکیان) بخوێنن!! ئێستا وای دادەنێین حکوومەت کتێب‌و مامۆستاشی لە ڕادەو ئاستی ئەم بڕیارەدا بۆ خوازیاران دابین کرد، ئایا لەم جۆرە بە دەنگەوەهاتنی ویستێکی لەمێژینەو مافێکی ڕەوای کۆمەڵێک نەتەوەی چەند میلیۆنیی ئێران، بۆ خۆی گەورەترین بێڕێزی بە هەست‌و شوعوورو مافەکانی ئەوان نیە؟! ئەمە نەک جێگای پێزانین‌و دەسخۆشی نیە بەڵکوو شایانی ئەوەیە بە ڕاشکاوی بە حەسەن ڕۆحانی‌و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگوترێ مافی زمانی‌و نەتەوەیی ئێمە شتێکی زۆر لەوە گەورەترە. نە بەو هەمووە ماندوو کردن‌و لە چاوەڕوانی‌دا هێشتنەوەمان دەست لە مافی ڕەوای خۆمان هەڵ دەگرین، نە بەوجۆرە «کردنەوەی قفڵ»و ئەم چەشنە بە دەنگەوەهاتنە شەرمێونانەیەتان، چاومان دەنووسێ.

درێژەی

### ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حدک بەبۆنەی کۆچی‌دوایی پێشمەرگەیەکی لە مێژینە، لە نێو ریزەکانی حیزب

پاش ئازاد بوونیان هەردوو براکەی، ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدەبژێرن‌و بە داخی گەرانەوە هەردووکیان لە بەرگری کردن لە خاکی نیشتمان‌و بەرەنگاری دژی رێژیمی کوماری ئیسلامی‌دا شەهید دەبن.

کاک حەمە گۆران ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویی لەریزی تەشکیلاتی ئاشکرای تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سازمان دەدرێ و، لەو کاتەوە تا دوا ماڵئاوایی لە خەڵکی کوردستان‌و حیزبەکەی، بێ‌وچان لە خەبات بەردەوام بووە.

ناوبراو لە چەندین ئورگانی حیزبی کارو تێکۆشانی خۆی بەڕێوە بردوەو.

هەروەها بەهۆی بەرێوە بردنی ئەرکەکانی چەندجار لەلایەن حیزبەوە تەشویق کراوە.

کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، بە بۆنەی کۆچی‌دوایی کاک محەممەد گۆرانزادە ناسراوە بە حەمەگۆران لە بنەماڵەی ناوبراو و هاوسەنگەرانی، لەگەڵ خەڵکی ناوچەی سەردەشت بەگشتی و گوندی گۆراناوە بەتایبەتی سەرەخۆشی دەکاو، خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێ.

**کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حدک**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٥هەتاوی‌ی**

درێژەی

### ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین مام عەلی گوڵی

ئەوکە بە دڵگەرمیی زیاترەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بۆ خەبات و تێکۆشانی سیاسی هەڵبژاردبوو، بە ئیمان بە ڕەوایی خەباتی نەتەوەکەی دڵسۆزانە هەموو ئەرکە پێسپێردراوەکانی ڕادەپەڕاند.

مام عەلی گوڵی کە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا سازمان درابوو، تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی بە شێلگیرییەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی تێدەکۆشا.

کۆمیتەی شارستانی بۆکان، نەخۆشخانەی٢٥ی گەلاوێژ، کۆمیسیۆنی ماڵی و ڕادیۆ دەنگی کوردستان ئەو چەند ئۆرگانە بوون کە مام عەلی بە دڵسۆزییەوە تەمەن و تێکۆشانی سیاسیی خۆی تێیدا بردەسەر.

ناوبراو لە کاتی پیریش‌دا بە باوەشگەرمییەوە هاوکاریی ئۆرگانەکانی دیکە و یەک لەوان ڕاگەیاندنی حیزبەکەی دەکرد و ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بە نێو ئیدارەکانی کۆیەدا بڵاو دەکردەوە و بە دەستی کەسایەتییەکانی دەگەیاند.

مام عەلی گوڵی هەروەها کوڕێکی بەناوی حوسێن گوڵی لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکڕاتدا پێشمەرگە بوو کە دوای برینداربوونی لە شەڕێک لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم‌دا بۆ چارەسەری بەرێی دەرەوەی وڵات کرا، کە بە داخەوە ساڵی ١٣٩٠ بەهۆی نەخۆشی کۆچی‌دوایی کرد و تەرمەکەیان هێنایەوە کوردستان و لە گۆڕستانی تێکۆشەرانی حیزب بە خاک سپێردرا.

کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بە کۆچی‌دوایی مام عەلی گوڵی وێڕای ڕاگەیاندنی خەم و پەژارەی خۆی سەرەخۆشی لە خزم و کەسوکار و هاوسەنگەرانی دەکا و خۆی بە شەریکە خەمیان دەزانێ.

**کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی**
**٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥**
**٢٠١٧/٠٢/١٧**

# چەند چالاکی‌یەکی حیزب

## سەردانی سکرتێری گشتیی حدکا لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەیانیی ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٦ ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ ی هەتاوی (١٤ ی فێوریەی٢٠١٧ی زایینی) هەیئەتێکی حدکا بە سەرپەرستیی بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد و لەلایەن هاوڕێی بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

مەبەست لەو سەردانەی کاک مستەفا هیجری و هەیئەتی هاوڕێی گەیاندنی پیرۆزبایی خۆی و، ڕێبەریی حیزبەکەی بە سکرتێری گشتی و جێگری سکرتێری حیزب بۆ دەستبەکاربوونیان لە بەرپرسایەتیی تازەدا و ئارەزووی سەرکەوتنیان لە ئەرکی نوێ‌دا بوو.

هاوکات هەیئەتی حدکا جەختیان لەسەر پێویستیی دەستپێکردنەوەی دیالۆگ و دانیشتنەکانی نێوان دوو لایەن بەمەبەستی تاوتوێ و چارەسەری پرسی نێوان دێموکڕاتەکان کرد.

لەو دیدارەدا هاوڕێ مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای بەخێرهاتن کردن و سپاس لە کاک مستەفا هیجری و هاوڕێیانی، باوەڕ و ئیرادەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ مشوورخواردن لە پرسی دێموکڕاتەکان و پێویستیی درێژەدانی ئەو ڕێگایە لە لێک نزیک بوونەوە کە تا ئێستا بڕدراوە بە هەیئەتی حدکا ڕاگەیاند.

لە درێژەی ئەم دیدار و دانیشتنەدا، هەردوولایەن لەسەر کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و کاریگەرییەکانی ئاڵوگۆڕەکانی لەسەر ئایندەی ناوچە و ئێران و بزوتنەوەی کورد گفتگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## سەردانی شاندێکی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٨ی ڕێبەندان شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان بە سەرپەرستیی مام خدر ڕوسی، سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیە سەردانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا هەیئەتی میوان سەرەتا پیرۆزبایی هەڵبژێرانی سکرتێری نوێی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌یان لە حیزبی دێموکڕات و هەیئەتی خانەخوێ کرد و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خواست.

بارودۆخی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، پێویستیی لێکنیزیکی و هاوپێوەندیی هێزە سیاسییەکان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بۆ کەلکوەرگرتن لە هەل و دەرفەتەکانی بەردەم لە ئەگەری گۆڕانکارییەکان تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەو دیدارە بوون کە دوو لایەن ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کردن.

## بەشداری یەکییەتی لاوان لە ٦٤ەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکییەتی قوتابیان و لاوانی کوردستان

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەمە ٢٠١٧/٠٢/١٨ شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی‌پوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراو، بەمەبەستی پیرۆزبایی ٦٤مین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان گەیشتنە بارەگای سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و لە لایەن بەڕێز تەیمور تەیمور عەبداڵ سکرتێری یەکیەتیی لاوان و بەڕێز حەسەن شێخ عەلائیدین سکرتێری یەکیەتیی قوتابیان و هەروەها شاندی سکرتاریەتی هەردوو ڕێکخراو پێشوازیان لێ کرا.

بەڕێز تەیمور تەیمور عەبداڵ سکرتێری لاوانی پارتی دێموکرات وێڕای بەخێر هاتن کردنی شاندی لاوانی دێموکرات، خۆشحاڵی خۆی بە ئامادە بونیان دەربڕی و شاندی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وێڕای پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی برا و هاوپیشەیان لە باشووری کوردستان، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان لە تێکۆشان بۆ خواستن و جەختیان لەسەر ئیدامەی کاری هاوبەش بۆ خزمەت بە دۆزی کورد و لاوانی کورد کردەوە

## سەردانی بەشی پەیوەندییەکانی نۆروێژی حیزب لە پارلمانی ئەو وڵاتە

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، کاک ناسر قادرپوور، بەرپرسی پێوەندییەکانی حدک لە نۆڕوێژ ، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کرد و، لە لایان بەڕێز «مۆرتن وڵد»، پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی پێشکەوتنخواز، پێشوازی لێکرا.

لەو دیدارەدا ڕەوشی ئێستای مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و پێشێلکارییەکان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە لاین هاوڕێ ناسر قادرپوورە تیشکیان خرایە سەر.

لەو دانیشتنەدا ناسر قادرپوور، جیا لە خستنە بەرباسی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باسێکی لە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و پێی لەسەر ئەوە داگرت لە ئێستادا پارتی پێشکەوتنخواز کە لەسەر دەسەڵاتە و پشتگیری لە خەباتی ڕەوای کورد دەکا، پێویستە لە نفووز و تواناکانی خۆی بۆ فشار لە سەر ڕێژیمی ئێران کەڵک وەربگرێ.


# «ئاشتبوونەوە»کەی خاتەمی و «ئاشتنەبوونەوە»کەی خامنەیی



سمایل شەرەفی

لە بەرەبەری ساڵرۆژی سەرکەوتنی! شۆڕشی گەلانی ئێرانو دامەزرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، سەید محەممەد خاتەمی، سەرۆککۆماری پێشووتری ئێران و ڕێبەری بەرەی ڕیفۆرمخواز، لە پەیامێکی کورتدا باسی لە ڕاگەیاندنی «ئاشتی میللی» لە وڵات کردو وتی: «بۆ ئەوەی پێشگیری لە شەڕ بکرێ، پێویستیمان بە ئاشتی میللی هەیە». ئەم پەیامەی ناوبراو کۆمەڵێک هەڵوێست و بیرورای جیاواز و دژبەیەکی لێ کەوتەوە کە گرینگترینیان، هەڵوێستی توندی ڕێبەری نیزام، عەلی خامنەیی بوو. ناوبرا لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە؛ «ئاشتی میللی هیچ واتایەکی نیە»!. عەلی خامنەیی ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندان لە کۆبوونەوەیەکیدا لە گەڵ بەشێک لە خەڵکی پارێزگای تەورێز لە جوابی خاتەمیدا وتی: «بۆ مەگەر خەڵک پێکەوە نەبانن کە پێویستییان بە ئاشتبوونەوە بێت؟!» پاشان وێرای ئاماژەدان بە ئاڵۆزییەکانی ساڵی ٨٨ لە ئاکامی کودەتا لە دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، خامنەیی وتی؛ «هەڵبەت خەڵک لەو کەسانەی کە ئەو بارودۆخەیان پێک هێنا- کە مەبەستی لە کەسانی وەک خاتەمی، مووسەوی، کەڕووبی و زەهرا ڕەهنەوەردو... بوو- تورەن و لە گەڵیشیان ئاشت نابنەوە»!!.

هەڵوێستەکان بەرانبەر بە ئاشتەواییەکەی خاتەمی لە نێو تەیف و لایەنەکانی نێو دەسەڵات لە ئێراندا گەلێک جیاواز و هێندێکیان دژ بە یەکن. تەنانەت ڕیفۆرمخوازەکانیش خوێندنەوەو هەڵوێستی هاوبەشیان لەم پێوەندییەدا نیە. لە گەڵ ئەوەکە بەشێک لە ڕیفۆرمخوازان پێیان وایە خاتەمی بە پێی دەرکێک کە لە داهاتووی پڕمەترسیی ئێران هەیەتی، دەیهەوێ لە ڕێگای «ئاشتی میللی»یەوە پێش لە تووشبوونی ئێران بە شەڕێکی نەخوازروا بگرێ و، لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە هەڕەشەکانی دۆناڵد ترامپی سەرۆکی نوێی ئامریکا دەکەن. بەڵام کەم نین ئەو کەسانەی کە هەر لە بەرەی ڕیفۆرمخوازدان



و پێیان وایە، خاتەمی بە لەژێر پێنانی بەشێک لە پرنسیپەکانی ڕیفۆرمخوازی و پاشەکشە لە ئیدیعاکانی بەرانبەر بە باڵی بناژۆخوازو، بەتایبەت «ڕێبەری» نەرمکێشی دەکات و پێیان وایە ئەمە نەتەنیا بە قازانجی ڕیفۆرمخوازان نیە، بەڵکوو متمانەیان لە نێو بەشێکی بەرچاو لە لایەنگرانیان لاواز دەکات.

بەوردبوونەوە لە «مەبەست»ی ڕاگەیاندراوی خاتەمی لە هێنانە بەرباسی «ئاشتەوایی میللی» و، ئەو «کات»ەی کە ناوبراو ئەم پەیامی تێدا ڕادەگەیەنێ، لە یەکەم سەرنجدا دەردەکەوێ کە ئاشتەوایەکەی خاتەمی «میللی» نیە. «میللی» بە مانا گشتگیرەکەی کە تەعبیر لە تەواوی خەڵکی وڵات بکات و بیهەوێ ئاشتبوونەوەیەک لە نێوان خەڵک و سیستەمی دەسەڵاتداریدا چێ بکات. بەڵکوو مەبەستی ناوبراو ئاشتبوونەوەی جەناحەکان و تەیفە جۆراوجۆرەکانی نێو بازنەی حاکمییەتە. خودی وڵامەکەی عەلی خامنەییش هەر ڕاست ئەوە دەگەیەنێ. خامنەیی لە گەڵ ئەوەیکە ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێ کە هیچ باوەڕی بە ئەسڵێک بە ناوی «ئاشتی میللی» نیە و بە «بێمانا»ی وەسف دەکات، بەڵام بە درووستی وڵامی مەبەستەکەی خاتەمی کە هەمان ئاشتبوونەوەی جەناحەکانە دەداتەوەو بێمنەتانە بەوان دەڵێ: خەڵک! لە گەڵتان ئاشت نابێتەوە و بەمجۆرە دەیەوێ خەڵک لەبەرامبەر ئەواندا ڕابگرێ و بە پشتیوانی خۆی لە قەڵەمیان بدا.

هەر وەک باسکرا بانگەوازەکەی خاتەمی بۆ ئاشتەوایی، بە هیچ شێوەیەک



لە خانەی پرسی «میللی»دا جێ ناگرێ و هەر وەک بەشێک لە خودی ڕیفۆرمخوازانیش باس دەکەن؛ خاتەمی لەم هەلومەرجە گرینگەدا بۆ ڕیفۆرمخوازان کە هەڵبژاردنی خولی نوێی سەرکۆمارییان لە پێشە، تووشی هەڵەیەکی گەورە بوو و نەیتوانی لە کارتی «ئاشتی میللی» وەک پێویست کەڵک وەربگرێ.

ڕاگەیاندنی «ئاشتی میللی»، لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لە؛ ئاشتبوونەوەی کۆی سیستەمی بەڕێوەبەری، یاسایی و دادوەریی دەسەڵات لە گەڵ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی وڵات. لەم پرۆسەیەدا سەرەتا دەوڵەت و حاکمییەت بە ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی، دەزگاکانی بەڕێوەبەری، یاسایی و دادوەری ئەرکدار دەکات کە پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو بڕیارو حوکم و سیاسەتانەدا بکەن کە خەڵکی وڵاتیان بە نیسبەت دەوڵەت و حاکمیەتەوە تووشی بێ متمانەیی کردوە. بە واتایەکی روونتر یەکەم هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی میللی، لە گەڕانەوەی متمانەی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی وڵات و، دانی وادەو بەڵێنی بەرپرسانەو دەروەستانەی کۆی سیستم بە خەڵکەوە دەست پێ دەکات. دووهەم هەنگاو لە جیبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی نەتەوەییدا، ئامادەکاریی دام و دەزگا پێوەندیدارە یاساییەکانی دەوڵەت و خۆئامادەکردنی هێزو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی وڵاتە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بە شێوەیەک کە هەموو لایەک بتوانن ئازادانە خۆ دەربخەن و چالاکییەکانیان بە ڕەسمی ناسرابێ. کە بەداخەوە لە ئێستای وڵاتی ئێراندا ئەمە تەنیا دەتوانێ ئارەزوویەک بێ.

کە بگەڕێینەوە سەر ئاشتەواییەکەی خاتەمی، دەکرێ دەرک کردنی ئەو واقعییەتە ئاسان بێ کە بۆ ناوبراویش بە هیچ شێوەیەک نە دەکرێ و نە لە ڕووی پێگەو مەوقعیەتی تایبەتی خۆیەوە کە دەرکەوتنی بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کراوە، دەتوانێ بانگەشەی وەها ئیدیعایەک بکات. بەڵام ئەوەی لە پێوەندی لە گەڵ جۆری بانگەشەکەی خاتەمیدا دەکرێ قسەی لە سەر بکرێ و بە جۆرێکیش ڕەخنەی ڕووبەروو بکرێتەوە، غایببوونی خەڵک و لانیکەم لایەنگرانیەتی لە دەربڕینەکانیدا. بە دیوەکەی دیکەدا دەکرێ بڵێین جۆرێک لە دڵخۆشبوونی ناوبراو بە «سازان» و ڕێکەوتن لە گەڵ باڵی بناژۆخواز و «ڕێبەری»دا دەبیندرێ کە، تەنانەت لایەنگرانیشی لەوە دڵنیگەران کردوە کە؛ «خاتەمی لە پاشەکشە دایە». خودی ئەم بەرداشت و تێگەیشتنە لە هەڵوێستەکانی خاتەمی وەک کەسێک کە تا ئێستایش بە ڕابەری بەرەی ڕیفۆرم و، پاڵپشتی بەرەی «ئیعتدال» دەناسرێ، دەتوانێ مەوقعیەتی ئەم دوو تەیفە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماریدا لاواز نیشان بدات. لە بەرانبەردا بەرەی بناژۆخواز بە هەموو تەیف و وردە باڵەکانیەوە کە چاویان لە زاری عەلی خامنەیی بڕیوە، بەم هەڵوێستە توندانەی ناوبراو کە هەر گاڵتەی بە ئاشتەوایی دێت و خۆی لە جێی خەڵک دادەنێ و لە گەڵ کەس ئاشت نابێتەوە، زیاتر لێک کۆدەبنەوەو وێدەچێ یەکگرتووانەتر لە خولی پێشووی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بێنە مەیدان.

# داواکاری خوێندن بە زمانی دایک لە لایەن چالاکانی سیاسی و مەدەنی

بەهەزاران کەس لە ناوخۆی وڵات بە ئیمزاکردنی نامەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، خوازیاری بە ڕەسمی ناسینی خوێندن بە زمانی کوردی بوون.

ئەمساڵ لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داواکاری چین و توێژەکانی کورد، سەبارەت بە مافی خوێندن و نوسین بە زمانی زگماکی بەربڵاوتر لە ساڵانی ڕابردوو بەڕێوە چوو.

لە حەوتووی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەنگی ویستی نەتەوەیی خۆیانیان بەرزتر کردوەتەوەو، بە شێوەی مەدەنیانە خوازیاری جێبەجێ کردنی مافی گەلان لە ئێرانن، کە بەرچاوترینیان ڕێگەدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکییە لە قوتابخانە و خوێندنگەکان.

لە دوایین چالاکیی مەدەنیانەی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە مافی ڕەوای زمانی زگماکی ، بەشێک لە کەسایەتی و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد، لەگەڵ چەند کەس لە نوێنەرانی کوردی خولی پێشووی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، لە نامەیەکی سەرئاوەڵەدا زەرووڕەتی جێبەجێ کردنی مادەی ١٥ لە یاسای بنەڕەتی ئێران"یان، وەبیر سەرۆککۆمارو نوێنەرانی مەجلیس هێناوەتەوەو داوایان لە نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران کرد کە لەم پێوەندییەدا بەدواداچوون بکەن.

نزیک بە ٩٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد بە واژۆ کردنی نامەیەک، لە سەرۆک کۆمارو نوێنەرانی مەجلیس و بەتایبەتی نوێنەری شارەکانی کوردستان داوایان کردووە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە مافی خوێندن و نووسین بەتایبەتی لە بەشی ڕاهێنان لە زۆربەی گرێبەستە نێونەتەوەییەکان و دەروەستنامە جیهانییەکان وەک مافێکی بێئەملاوئەولای مرۆیی، ئاماژەی پێدراوە و، هەروەها لە یاسای بنەڕەتیی ئێرانیش ڕاشکاوانە وەک ماددەیەکی دەستووری هاتووە، داوایان کردوە کە لە زووترین کاتدا مادەی ١٥ لە یاسای بنەڕەتیی ئێران بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

لە بەشێک لە نامەی چالاکانی سیاسی ومەدەنی کورددا هاتووە:

مافی ڕاهێنان وپەروەردە بە زمانی زگماکی لە زۆربەی بەڵگەنامە و دەروەستنامەکانی مافی مرۆڤ وەکوو مەنشووری زبانی دایکیی، جاڕنامەی گەردوونیی مافی زمان، خاڵەکانی ٣و٤ لە ماددەی چوارەمی جاڕنامەی مافی نەتەوەیی و زمانی و ئایینی تاکەکان، مادەی ٣٠ لە کۆنوانسیۆنی مافی منداڵ و مادەی ٢٧ی گرێبەستی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی وسیاسییەکان بە ڕاشکاوی جەختی لەسەر کراوە و، هەروەها لە یاسای بنەرەتی ئێرانیشدا هاتووە کە لە تەنیشت زمانی ڕەسمی لەوڵاتەدا، خوێندن ونووسین بە زمانی زگماکی وئەدەبیگەلانی دیکەی ئێران لە قوتابخانەو خوێندنگەکان ئازادە.

لە درێژەی ئەو نامەیەدا هاتووە؛ کە جێبەجێ کردن و بەڕێوەبردنی هەمەلایەنەی مادەی ١٥ لە یاسای بنەرەتیی ئێران، هەڵهێنانی هەنگاوی پتەو و قایمە، بۆ چارەسەری پرسی مافی گەلان لە ئێران و سڕینەوەی هەڵاواردن و دووچاوەکییە لە نێوان کۆمەڵگە و شارۆمەندانی دیکە کە لە جواغرافیای ئێراندا نیشتەجێن.

لە کۆتایی ئەو نامەیەدا نووسراوە؛کە ئێمە واژۆکەرانی ئەم نووسراوەیە داواکارین کە لە ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی ٢١ی فێوریە بەرانبەر بە ٢ی ڕەشەممە مافی یاسایی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بەکردەوەی بکرێ و، بە بێ هیچ لەمپەڕ و پاساوێک بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هەروەها داوایان لە نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی کردوە کە بۆ بەدواچوونەوە کردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو داواکارییە، لە یەکەم هەنگاو ئەوانیش نامەی چالاکانی سیاسی ومەدەنی واژۆ بکەن و، پەیوەست بن بە کەمپەینی مافی خوێندن ونووسین بە زمانی زگماکی.

هەر لەم پێوەندییەدا بەشێکی دیکە لە چالاکانی مەدەنیی ناوخۆی وڵات بە وەرێخستی کەمپەینی پشتیوانی لە نامەی چاکالان بۆ سەرکۆمار و نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران، بە هەزاران ئیمزایان لە خەڵکی ناوخۆی وڵات کۆ کردوەتەوە و داوای بە ڕەسمی ناسینی خوێندنی زمانی کوردییان کردووە.

## چەند چالاکی‌یەکی دیکەی حیزب

### ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ ڤۆرکشۆپێکی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب پێکهێنا

ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندان ڕێکخراوی نادەوڵەتیی ژنێڤاکاڵ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڤۆرکشۆپێکی بە مەبەستی باس لە چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەکارنەهێنانی مینی تاکەکەسیی و پێشێلکردنی مافی ژنان و منداڵان و بەگشتی خەڵکی مەدەنی لە بەرەکانی شەڕدا، بۆ بەشێک لە پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبرد.

لەو ڤۆرکشۆپەدا سەرەتا دکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات باسێکی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ و چۆنیەتیی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لەو ڕێکخراوەیەدا کرد و دواتر دوو ئەندامی ڕێکخراوی نادەوڵەتیی ژنێڤاکاڵ بە تێروتەسەلی باسیان لە چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە دەروەستییەکانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کرد.

دوابڕگەی ئەو ڤۆرکشۆپە بۆ بەشی پرسیار و وەڵامی بەشداران و بەڕێوەبەرانی ڤۆرکشۆپەکە تەرخان کرابوو.

### بەڕێوە چوونی یادی ٧١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە نورویژ

ڕۆژی شەممە ٤ی فێورییەی ٢٠١٧ی زاینی بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی چەند هێز و لایەنێکی کوردستانی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، بە هاوکاریی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە پارێزگای "ئۆسلۆ ئاکشهوس، و کۆمەڵەی کلتووریی کوردیی ڕۆمەریکە، یادی ٧١مین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان کردەوە.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب" کە لە لایان کۆرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ، ئامادە کرابوو دەستی پێکرد.

پاشان چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ڕاگەیاندرا.

ئینجا پەیامی کۆمیتەی نۆڕوێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن هاوڕێ "هەمزە ئاگوشی" یەوە خوێندرایەوە. لەو پەیامەدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە هەلومەرجە ناوچەیی و نێونەتەوەییانەی کە بوون بە دەرفەتێک بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، شوێنەوارو کاریگەرییەکانی بەسەر تاکی کورد و هێزە سیاسییەکانی کورددا خرابووە ڕوو کە لە بەشێک لە پەیامەکەدا هاتبوو: ئەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییە لە بۆنە نەتەوەییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، کۆمەڵێک کاریگەریی ئەرێنییە بەسەر تاکی کورد و هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکانیدا کە لە مێتۆد و فۆڕمی جۆراوجۆردا خۆ دەنوێنن و بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو و هەڵوەستە لەسەر کردنێک، ئەم گرینگییەمان بۆ دەردەکەوێ. لەو پەیامەدا ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان درابوو و تێیدا هاتبوو: " ئێمە وێڕای تەقدیر و پێزانین و ماندوونەبوونی و دەستخۆشی لە بەڕێز خالید عەزیزی کە ماوەی ١٠ ساڵ لە پۆستی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەرکی خۆی زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوە بردووە، هاوکات پیرۆزبایی لە بەڕێزان کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتی و دکتور ئاسۆ حەسەنزادە جێگری سکرتێری گشتی دەکەین کە لە هەڵبژاردنێکی دێموکراتێکی سەردەمییانەدا سوکانی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتیان پێ ئەسپێردرا و دڵخۆش و بەختیارین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، دوور لە دروشمی بریقەدار، باوەڕی قووڵی بە ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک و دەستاودەستکردنی دەستەڵات هەیە و ئەمەشی بە کردەوە لە ریزەکانی خۆیدا تەجرووبە کردووە و نیشانیدا کە جگە لە خەبات و قوربانیدانیدان و تێکۆشانی دەیان ساڵەی، لە نوێکاری و کلتوورسازیی سیاسیی ئەرێنیشدا هەر پێشەنگە و هەر پێشەنگییش دەمینێتەوە.

بە دوای پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕوێژ، پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کوردیی "ڕۆمەریکە" لە لایان خاتوو "مەحبووبە ڕەحیمی"یەوە خوێندرایەوە.

لێژنەی ناوچەی نۆڕوێژی پارتی دێموکراتی کوردستان ،ئەنجوومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە نۆڕوێژ و کۆمیتەی نۆڕوێژی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەر یەکەیان بەو بۆنە پیرۆزەوە پەیامی خۆیان پێشکەش کرد. دوایین بڕگەی ئەو ڕێوڕەسمە، تایبەت کرابوو بۆ بەشی هونەری و هەر یەک لە هونەرمەندانی دەنگخۆش "باوان کەریمی و بێهروز لوتفی و هوشیار ئیبراهیمی" بە هاوکاری مووزیکژەنی "پێشڕەو" چەندین گۆرانی تایبەتیان پێشکەش کرد

### چالاکیی لاوان و لایەنگرانی حیزب لە شاری سەقز

پولێک لە لاوان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێکخستنی خۆیان لەو شارە چالاکیی خۆیانیان دەسپێکرد.

ئەندامانی پەیوەست بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز، یادکردنەوەی شەهیدانی سوورخەڵاتی شەوی یەڵدایی خوێناوی دێموکراتیان کردە دەسپێکی تێکۆشان و بەبڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار بەڵێنییان دا کە تا سەر لەگەڵ ڕێبازی پێشمەرگانە وەفادار و بەردەوام بمێنەوە.

ئەو شوێنانەی لە شاری سەقز چالاکیی تەبلیغی کراوە بریتین لە؛ دەبیرستانی ئاوینی، تەرمیناڵی سەقز بۆ سنە، جیهادی کشاورزی و چەندین گەڕەک و کۆڵانی دیکەی ئەو شارە.

درێژەی

# بەڕێوەچوونی دوو کۆبوونەوەی بەرینی تەشکیلاتی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بۆ ئەندامانی ئاشکرای حیزب

دواتر راپۆرتی کۆمیتەی هەولێری حیزبی دیموکرات لەلایەن چیا مەلاک، بەرپرسی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

لەو راپۆرتەدا بە تیشکخستنە سەر ئەرک و چۆنیەتیی تێکۆشانی ئەندامانی ڕێکخستنە ئاشکراکانی حیزبی دیموکرات باس لەو زەرفییەتە زۆرەی تەشکیلاتی حیزب لە شارەکانی باشووری کوردستان کرابوو کە دەتوانێ پاڵپشت و پشتیوانی سەرخستنی کار و بەرنامەکانی حیزبی دیموکرات بێ. توانا و زەرفییەتێک کە ئەگەر وەک پێویست کاری پێ بکرێ، دەتوانێ ببێتە مایەی پێشکەوتنی هەرچی زیاتری حیزب لە بواری کاری سیاسی و تەشکیلاتی‌دا.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا وێڕای پێشکەشکردنی چەپکە گوڵ بە سکرتێری نوێی حیزب، بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی و دەربڕینی سپاس و پێزانین بۆ کارو زەحمەتەکانی سکرتێری پێشووی حیزب، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، کاک مستەفا مەلوودی باسێکی سیاسی _ تەشکیلاتی پێشکەش کرد.

بەڕێز مستەفا مەلوودی لە باسەکەی‌دا بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە حەوت دەیەی ڕابردوودا، بە وردی تیشکی خستە سەر سەنگ و قورسایی ئەو ئەرکە تەشکیلاتی‌یانەی ئەندامانی حیزب لە هەموو بڕگە و قۆناغەکانی خەبات‌دا دەیگرنە ئەستۆ و بە سەرکەوتوویی‌یەوە ڕایدەپەڕێنن. کۆمەڵە ئەرکێک کە ئاکامە ئەرێنییەکانی لەسەر تێکۆشانی حیزب و خەباتی نەتەوەکەمان حاشای لێ ناکرێ.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری حیزب بە هێنانە بەرباسی هەڵوێست و خوێندنەوە سیاسی‌یەکانی حیزب لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا، پێی وابوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ماوەیەدا توانیویەتی درەوشاوە دەربکەوێت و واقعبینانەتر خوێندنەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و کورستان بکات و بەڕێزیان وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی حیزبی دیموکرات لە کارو چالاکیی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆی وڵات، رایگەیاند کە وەک سکرتێری حیزب هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ کە بە هاوکاریی سەرجەم ئەندامانی حیزب درێژە بەو سیاسەت و خوێندنەوانە بدات.

هەر لەم پێوەندیەدا بەڕێز مەولووی بە پێزانینەوە باسی لە ڕۆڵ و کاریگەریی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزب بە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی دە ساڵی رابردووی حیزب کردو رایگەیاند کە دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزب بە گشتی لە داهاتوویش دا کەڵک لە بیروبۆچوونەکانی بەڕێزیان وەردەگرن.

باس لە پێویستیی ئامادەکاری و خۆتەیارکردنی تەشکیلاتی حیزب بە هەموو بەشەکانیەوە بۆ قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانی بەردەم و دەوربینین لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە لە بەرژەوەندیی پرسی کورد لە ئێران و؛ ئاوڕدانەوە لە چەند پرسێکی تەشکیلاتی و راسپاردەکانی دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، چەند تەورێکی دیکەی باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا بوون.

***

لەکۆبوونەوەی ئەندامانی ئاشکرای حیزب ٢٩ی



ڕێبەندان‌دالە شاری سلێمانی‌دوای خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی حیزب وگەل، بەڕیز کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

ئاوردانەوەیەک لە مێژووی ٧١ساڵەی حیزبی دیموکرات و، دەورونەخشی پیلانگێڕانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەو، پرسی کورد لە بەشەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی



کوردستان تەوەری سەرەکیی باسەکەی هاوڕێ کەماڵ کەریمی بوو.

ناوبراو لە بەشێک لەقسەکانی‌دا بە ئاماژەدان بە ڕاپۆرتی کۆنگرەی شانزدەی حیزب، کە بۆ درێژەدان بە خەبات، لەهەموو ڕەهەندەکانی خەبات کەڵک وەردەگرین، باسی لە گرینگی‌دان بە جموجۆڵ وخەباتی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی کردن لە خەباتی مەدەنی کردو وتیان کە،یەکێک لە ئەرکەکانی حیزب پشتیوانی و داکۆکی کردن دەبێت لە جموجۆڵی خەباتی ناوخۆی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کە لە ڕابردووش‌دا هەوڵی بۆ دراوەو ، لە داهاتووش درێژەی دەدرێ. بەڕێزیان هەر لەم پێوەندی‌یەدا جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە، بەجەماوەری‌کردنی خەبات و کەڵک وەرگرتن لە هەموو توانا وزەرفیەتەکانی خەبات، ستراتیژی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

بەڕێز کەماڵ کەریمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەرژایە سەر کارو چالاکی و خوێندنەوەو هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەم پێوەندییەدا وتی؛»بە هەوڵ و ماندووبوونی هەموو لایەک حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتووتە ئاستێک کە دوست ودوژمن حیسابی لەسەر دەکا.

بۆیە دەبێ بە خۆڕێکخستنەوەو درێژەدان بە سیاسەتی باش و جێکەوتوومان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەروەها بەخۆداچوونەوەو خەسارناسیی کەموکوورییەکانی ڕابردوو، خۆمان بۆ درێژەدان بە خەبات توندوتوڵتر بکەینەوە. ئەمەش هەوڵ وهیمەت و چالاکیی گشت ئەندامانی حیزبی پێویستە.» ئەو باسی لەوە کرد ئەگەر حیزبێکی سیاسی نەتوانێ بەوەخت و بە پێی پێویستییەکانی بیر لە کەموکوورییەکانی بکاتەوە و ڕێگەی چارەسەری بۆ گۆڕانکاری لە نێوخۆیدا نەبینێتەوە، ناتوانێ لەبەرەوپێشچوون و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن دڵنیابێ. کارێک کە ئێمە لە حیزبی خۆماندا لێی غافڵ نەبووین.

سەبارەت بە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکە کاک کەمال کەریمی گوتی: «ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان نابێ سیاسەتی چاوەڕوانی و ئینتیزار بگرینەپێش و، دەبێ بۆ هەرچەشنە ئەگەرێک خۆمان ئامادەبکەین وزیاتر حیساب لەسەر توانایی سیاسی وتەشکیلاتی خۆمان بکەین. لەم روانگەوە ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە توانا و زەرفییەتی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان دەتوانێ گەورەترین پشتیوان و یارمەتیدەر بێ بۆ سەرکەوتن.

کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە درێژەی قسەکانی‌دا کۆمەڵێک پرس وبابەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ لە نیو ڕیزەکانی حیزب وپۆستی سکرتێری بە وردی بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. هەروەها لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان‌دا گوتی: «لە پێوەندی لەگەڵ حدکا، ئێمە لەوبارەوە سیاسەتمان ڕوونەو بە جیددی کار بۆ چارەسەری ئەو پرسە دەکەین». لە کۆتایی قسەکانی دا بەڕێز کەماڵ کەریمی بە پێزانینەوە باسی لە دەور و رۆڵی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکرات کرد.

***

لە دوایین بەشی هەر دوو کۆبوونەوەکەی هەولێر و سلێمانی‌دا، ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکان بە بەشدارییان لە باسەکان‌دا، تێبینی و پێشنیار و ڕەخنەکانیان هێنایە بەرباس و وێڕای سپاس و پێزانین بۆ ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزب بە سەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزبەوە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ حیزبەکەیان خواست و ئامادەیی خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوەکانیان دووپات کردەوە.

## چەند هەواڵی ئێران

### لە مانگی ژانوییەدا ٧٨ کەس لە سێدارە دراون

لە یەکەم مانگی ساڵی ٢٠١٧ دا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ٨٧ کەسی لە سێدارە داوە. لەو ٨٧ کەسە دوو مێرمنداڵ و٦ کەسی دیکەیان لە پێش چاوی خەڵکەوە ئێعدام کراون.

ئێعدامی لانیکەم ٧٨ کەس لە یەکەم مانگی زایینی ئەمساڵ لە حاڵێک دایە کە ئێران تەنیا هەواڵی ١٩ ئێعدامی لە سەرچاوە رەسمییەکانەوە بڵاوکردۆتەوە.

بەپێی داتاکان زۆربەی ئێعدام کراوەکان لە پێوەندی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان بە لە سێدارە دراون.

### نیوەی یەکەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنان لە ئێران داخراون

عەلیڕەزا خوسرەوی، نوێنەری پێشووی مەجلیس دانی بەوەدانا کە سەدی ٥٠ شارۆچکەکانی پیشەسازی لە ئێران داخراون و، نیوەی دیکەشی ناوەناوە یان بە نیوەی زەرفییەتی خۆیان کار دەکەن.

عەلیڕەزا خوسرەوی لە لێدوانێکدا بۆ هەواڵدەریی حکومەتیی ئیرنا ڕایگەیاند ڕۆژ نییە کە یەکەکانی بەرهەمهێنان لە ئاستی ئێراندا دانەخرێن و هەر لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ٧٠٠ یەکەی زێڕنگەری و هەروەها کۆمەڵێک پرۆژەی ئاژەڵداری کە هەناردەی شیریان دەکرد بە تەواوی داخران.

ناوبراو وێڕای هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ڕوحانی گوتی، «دەوڵەت بەداخران و وەستانی ٧٥٠٠ یەکەی بەرهەمهێنان چۆن ئاستی ئاوسان بۆ یەک ڕەقەمی دادەبەزێنێ؟!»

### سناتۆر لێبرمەن: ڕێژیمی ئێران سەرەکیترین حکومەتی پشتیوانی تیرۆریزمە

سناتۆر جۆ لیبێرمەن دەڵێ لە ماوەی تەمەنی ٣ حەوتووی دەوڵەتی ترامپ‌دا سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. ئێمە دەڵێین، ڕێکەوتنی ئەتۆمی بە باش نازانین و سەرکۆماری ئەمریکا بە زمانگەلی جۆراوجۆر ئەو قسانەی چەند پات کردۆتەوە.

سناتۆر لیبێرمەن بە تلویزیۆنی«CNN»ی گوت: هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکین کە سەرۆک ترامپ چاودێریی چالاکانەی ڕێکەوتنی ئەتۆمیی ئێران دەکا و ئەگەر ئێران پێشێلی کردبێ دەبێ بەخێرایی سزای دەدا. ئەو گوتی بەپێچەوانەی ئیدیعای دەوڵەتی پێشووی ئەمریکا، ڕێژیمی ئێران بەرنامەی ئەتۆمیی خۆی ڕانەگرتووە.

لیبێرمەن لە درێژەدا گوتی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانی سەرەکیی تیرۆریزمی جیهانییە و هێشتا بێ‌ڕەحمانە مافی خەڵکەکەی خۆی پێشێل دەکا و کارتێکەریی خراپی لە هەموو وڵاتانی ناوچە هەیە و ئێمە دەبێ فشاری زیاتر بۆسەر ئەو وڵاتە بێنین و ئەگەر کاریگەریی نەبوو ڕێکەوتنی ئەتۆمی هەڵوەشێنینەوە.

### ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران نیگەرانیی خۆی لە سزای ئێعدامی زیندانییەکی کورد دەربڕی

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران لە سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر یەکێک لە دەستبەسەرکراوەکانی شاری شنۆ نیگەرانیی خۆن دەربڕی.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕایگەیاندوە کە "دادگای شۆڕش لە شاری ورمێ بۆ حەوت کەس لە دەستبەسەر کراوانی شاری شنۆ، سزای قورسی وەک سێدارەی بەسەرداسەپاندوە" و سەبارەت بەم حوکمە نارەزایەتی دەربڕیوە.

هەریەک لە "هیدایەت عەبدوڵلاپوور حووکمی ئێعدام، حاسڵ عەزیزی ٢٥ ساڵ زیندانی تەعزیری، محەممەد زاهێر فەرامەرزی ٢٠ ساڵ زیندان، یاقووب بائەکرەم ١٥ ساڵ زیندان، جەلال مەسرووری ١٥ساڵ زیندان، کەماڵ مەسرووری ١١ساڵ زیندان، سدیق بائەکرەم ١٠ ساڵ"بە ناحەق حوکمیان بۆ براوەتەوە.

لە درێژەی دروستکردنی پەروەندە نارەوا بۆ هاووڵاتییان و سەرچاوەیەکی نزیک لە هاووڵاتیی زیندانی کراو لە وتووێژ لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕایگەیاندوە کە؛ "هیدایەت عەبدوڵلاپوور، هیچ ڕۆڵێکی لە شەڕی قەرەسەقەڵدا نەبووە، بەڵام حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاوە".

# ڕۆڵی زمان لە بەستێنی شوناسی نەتەوەیی‌دا

## ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەمرێ بەرلەوەی دڵی ڕاوەستێ زمانی لە گۆ دەکەوێ، کەواتە گەلێک زیندوویە کە زمانەکەی دەپارێزێ



مەنسوور مروەتی

هەژدە ساڵ لەوەپێش واتە لە ساڵی ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢١ی فیوریە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کرا.

ناودێر کردنی ئەو ڕۆژە لە لایەن یۆنێسکۆوە بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە بە سەر خوێندکارانی زانکۆکانی داکا لە بەنگلادش‌دا هات کە ئەوکات بە ڕۆژهەڵاتی پاکستان دەناسرا.

> "لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا و ئێستاشی لە گەڵ بێ هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و ئیسلامی هیچکات ڕێگایان نەداوە کە بە شێوەیەکی فەرمی زمانی کوردی لە قوتابخانە و شوێنە پەروەردەییەکاندا بخوێنرێ و بنووسرێ. "

ساڵی ١٩٥٢ خوێندکارانی زانکۆکانی داکا بە وەڕێخستنی خۆپیشاندانێکی هێمنانە خوازیاری ئەوە بوون کە زمانی بەنگالی لە تەنیشت زمانی ئوردوو بە دووهەمین زمانی ڕەسمیی ئەو وڵاتە بناسرێ، بەڵام ئەو خۆپیشاندانە هێمنانەیە لە لایەن پۆلیسەوە تەقەی لێکرا و لە ئاکامدا ژمارەیەک لەو خوێندکارانە گیانیان لە دەست دا. ساڵانێک دواتر و کاتێک کە بەنگلادش سەربەخۆیی خۆی لە پاکستان وەدەست هێنا، لە سەر داوای ئەو وڵاتە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنێسکۆوە بە ڕۆژی زمانی دایک دیاری کرا و لەو کاتەوە هەموو ساڵێک لە زۆربەی وڵاتاندا ئەو ڕۆژە بە شێوازی جۆاوجۆر یادی دەکرێتەوە و ڕێزی لێدەگیرێ.


بێگومان چارەنووسی زۆرێک لە نەتەوەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە هاوشێوەی چیرۆکی گەلی بەنگلادیشە کە بۆ وەدەست هێنانی سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێک کە هەمان خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی‌یانە دەبێ لە گیانی خۆیان مایە دابنێن و لە سەر ئەو داوا ڕەوایە لە لایەن دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەروڵاتەکەیاندا تووشی گرتن و لێدان و کوشتن ببنەوە.

بە چاوخشاندنێک بە سەر مێژوودا دەبینین کە زۆرێک لە گەلان تەنانەت زمانەکەیان لە ناوچووە و زمانی گەلی داگیرکەریان بە سەردا سەپاوە. نموونەی لەو چەشنەش دەکرێ ئاماژە بەو وڵاتە ئافریقایی‌یانە بکەین کە کاتی خۆی لە لایەن وڵاتە ئورووپاییەکان و بە تایبەت بریتانیا و فەڕانسەوە داگیر کراون. ئێستا و لە پاش چەند سەد ساڵ لەو داگیرکاری‌یە زۆرێک لەو وڵاتانە ئەگەر زمانەکەیان نەفەوتابێ لانیکەم ئەوەیە کە زمانی ڕەسمی وڵاتەکەیان ئینگلیسی یا فەرانسەوییە. لەم نموونەیە بەو ئاکامە دەگەین کە نەبینراوە لە مێژوودا دەوڵەتێک بە هێرشی سەربازی بۆ سەر وڵاتێکی‌تر توانیبێتی ئەو گەلە لەناو ببا بەڵام توانەوەی گەلێک یان تەفروتوونا کردنیان زیاتر لە ڕێگای هێرشی فەرهەنگی و لەو نێوەشدا گرنگتر لە هەموان لە بەین بردنی زمانی ئەو گەلە و بڕەودان بە زمانی داگیرکەر یان نەتەوەی سەردەست بووە.

نەتەوەی کوردیش یەک لەو نەتەوانەیە کە بە درێژایی مێژوو لە لایەن وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا خوێندن و نووسین بە زمانی خۆی لێ قەدەغە کراوە و هەرچەشنە هەوڵێک بۆ ئەو مەبەستە تێچووی قورسی وەک زیندان و دوورخستنەوە لە وڵاتی بە دواوە بووە.

نموونەی ئەو تێکۆشان و تێچوویانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان زۆرە، بەڵام ئەوەی جێی ڕێزلێنانە و لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کە تێکۆشەرانی کورد چۆن سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکانی سەر ڕێگایان توانیویانە خزمەتی زمانەکایەن بکەن و لە فەوتان ڕزگاری بکەن و بیهێننە ڕیزی زمانە زیندوەکانی جیهان.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا و ئێستاشی لە گەڵ بێ هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و ئیسلامی هیچکات ڕێگایان نەداوە کە بە شێوەیەکی فەرمی زمانی کوردی لە قوتابخانە و شوێنە پەروەردەییەکاندا بخوێنرێ و بنووسرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا لە ئەسڵی پانزەدا وتراوە کە خەڵکی ئێران ئیزنی ئەوەیان هەیە کە لە تەنیشت زمانی فارسیدا خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی خۆیان بکەن، بەڵام هەتا ئێستا ئەو ئەسڵە پاش نزیک بە چوار دەیە لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هێشتا جێبەجێ نەکراوە و تەنانەت تێکۆشەرانی ئەو بوارەش هەوڵەکانیان بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیر کراوە و لە لایەن هێزە ئەمنیەتی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە تووشی زیندان و سزا بوونەتەوە.




بەڵام گرینگ ئەوەیە کە تێکۆشەرانی مەدەنی و شارەزایانی بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی هیچکات کۆڵیان نەداوە و بەتایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی دواییشدا لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە داوای خوێندن و نووسینیان بە زمانی کوردی ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی کردوەتەوە.

جگە لەو هەوڵانە جێی خۆیەتی لەم بۆنەیەدا واتە لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا وێڕای دەستی ڕێز بە سینگەوە نان ئاماژە بە ئەو هەوڵە کردەیی‌یانە بکرێ کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ فێر کردنی زمانی کوردی دراوە.

وەک باس کرا لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەسەڵات بە هیچ جۆرێک ڕێگای بە خوێندن و نووسینی بە زمانە غەیرە فارسیەکان و یەک لەوان زمانی کوردی نەداوە بەڵام ناوە ناوە هەوڵی فێرکاریی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات ئەگەرچی لە هەندێ کۆڕی تایبەتییشدا بوویێت دراوە. هەتا لە ساڵی ١٣٨٧ بەملاوە دوو ناوەندی چالاک خزمەتێکی بەرچاویان بە فێر کردنی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێراندا کرد. ئەو دوو ناوەندەش بریتیە لە هەوڵەکانی مامۆستا شەریف حوسەین پەناهی لە ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکان و دواتر چالاکی‌یەکانی ناوەندی سۆما.

لە ڕاستیدا ئەنجومەنە ئەدەبیەکان و فێرگەکانی زمانی کوردی بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە لەو ساڵانەدا هاتە ئاراوە کەڵکی باشیان وەرگرت و لە ماوەیەکی کەمدا فێرگەکانی زمانی کوردی زۆربەی هەرەزۆری شار و ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە بەڵام بە هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نژاد وەک سەرکۆمار بەربەستی جیدی بۆ ئەنجومەنەکان و ناوەندە فێرکاری‌یەکانی زمانی کوردی دروست بوو و زۆربەیان داخران.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا سەرەڕای هەموو بەربەستەکان هەوڵ و تێکۆشان لە هەندێ لە شار و ناوچە جۆربەجۆرەکان بەردەوامە و تێکۆشانی خۆبەخشانەی کۆمەڵێک لە چالاکانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی لەگەڵ پێشوازی گەرم و بەربڵاوی خەڵکی کوردستان بۆ فێربوونی زمانی دایکی‌یان بەرەوڕووبووە. بەڵام جێی خۆیەتی کە ئەو هەوڵانە هەرچی زیاتر ڕێکبخرێن و بە کۆکردنەوەی واژۆ و پشتیوانیی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا داواکاری ڕێگەدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بە شێوەی ڕەسمی هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنەوە تا دوا قۆناغەکانی خوێندنبەسەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دابسەپێنن.

> "بەڵام گرینگ ئەوەیە کە تێکۆشەرانی مەدەنی و شارەزایانی بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی هیچکات کۆڵیان نەداوە و بەتایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی دواییشدا لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە داوای خوێندن و نووسینیان بە زمانی کوردی ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی کردوەتەوە "

---

# پشکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بوودجەی ساڵی ١٣٩٦ای ئێران



ژیوار ڕەسووڵی

نزیکەی سێ مانگ بەر لە هاتنی ساڵی نوێی هەتاوی حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆماری ئێران پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ١٣٩٦–ی هەتاوی ئێرانی ڕادەستی مەجلیس کرد، بۆ ئەوەی پێش هاتنی نەورۆز مەجلیس تاووتوێی بکات،و بیکاتە نەخشە ڕێگەی ژیان و گوزەرانی ساڵی داهاتووی خەڵکی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ئەو پرۆژەیە هەزارو ٨٥ هەزار ملیار تمەنە،و بەپێی پرۆژەیاساکە ٥٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیل نەوت پێشبینی کراوە،و ڕۆژانە حکومەتی ئێران دەبێ ٢ ملیۆن ٤٢٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات. ئەو لایحەیە بە بەراورد لەگەڵ لایحەی بودجەی ساڵی ڕابردوو لەڕووی ژمارەوە گۆرانکاری زۆری تێدایە، ژمارەکان بەرزبوونەتەوە،و ڕەنگە هاووڵاتیانی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات دڵیان بەو ژمارانە خۆش بکەن، چونکە بودجەی ساڵی ١٣٩٥ نزیکەی ٩٥٣ هەزار ملیار تمەن بوو، کە لەهی ساڵی داهاتوو زۆر کەمترە، ساڵی ڕابردوو بۆ هەر بەرمیلێک نەوت ٤٠ دۆلار پێشبینیکرابوو، بەڵام بۆ ئەمساڵ نرخی هەر بەرمیلێک ١٥ دۆلار زیاترە، ئەوانەو ئەو بەڵێنانەی کە حەسەن ڕۆحانی لە لایحەی بودجەدا بەهاووڵاتیانی داوە، ڕەنگە لانیکەم لەسەر ڕاگەیاندنەکان دڵی زۆرکەس خۆش بکەن، بەتایبەت کە ڕۆحانی دەڵێ ٧٠٠ هەزار دەرفەتی کار لە لایحەی بودجەی ١٣٩٦–دا پێشبینیکراوە.

لەڕاستیدا ئەو ژمارانە لەدۆخی ئێستای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، دەکرێ هەر وەکوو ژمارەی سەر کاغەز سەیر بکرێن، و وەکوو هەموو بەڵێنە نووسراوو گوتراوانەی دیکە هەرگیز لانیکەم بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات نەبنە پاروە نانێک. بەر لەهەموو شتێک لایحەی بودجەی ئەمساڵیش وەکوو هەموو ساڵێک ژمارەیەک و بودجەیەکی دیاریکراوی بۆ هیچ یەک لە پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دیاری نەکردووە، بەشی زۆری ئەوەی وەکوو بودجەی ساخت و ساز لەبەرچاوگیراوە، بۆ بەردەوامی پرۆژە نیوەچڵەکانە، کە سەدان پرۆژەی نیوەکارە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەن، کە هەندێکیان زیاتر لە ١٠ ساڵە تەواو نەبوونە.

> "لەڕاستیدا ئەو ژمارانە لەدۆخی ئێستای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، دەکرێ هەر وەکوو ژمارەی سەر کاغەز سەیر بکرێن، و وەکوو هەموو بەڵێنە نووسراوو گوتراوانەی دیکە هەرگیز لانیکەم بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات نەبنە پاروە نانێک "

لەلایەکی دیکەشەوە لەلایحەی بودجەدا کە نزیکەی ١٠٠ لاپەڕەیە، هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەورەی تێدانییە، کە بتوانێ دەرفەتی کاری خۆماڵی برەخسێنێت، ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێی لێبدەینەوە دەزانین کە دەیان کارخانەی گەورە لە ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێران لەساڵی ١٣٩٦ یان کارەکانیان تەواو دەبێت، و دەست بەکار دەبن، یانیش بەردی بناغەیان بۆ دادەنرێت، بەڵام یەک کارگەی خۆمالی یان دەوڵەتیش لە چوار پارێزگاکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایحەکەدا پێشبینی نەکراوە. ئەوە جگە لەوەی سەرجەم پارێزگاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتوونەتە سەر سنوورو خەڵکەکەی بەردەوام لەحالەتی نائاساییدا دەژین، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە لەبەرچاو نەگیراوە،و بەپێچەوانە ڕێژەی بێکاری ساڵانی ڕابردوو پێمان دەڵێ کەئەمساڵیش ڕێژەی بێکارو نەدارەکانی کوردستان لەساڵانی ڕابردوو زیاتر دەبێت، چونکە زەمینەی کار لەکوردستان لەلایحەی بودجەدا لەکوردستان پێشبینی نەکراوە، هەتا دەستی کاری خۆماڵی تێدا دەست بەکاربێت، جا ئەگەریش وەکوو ناوەندی پێترۆشیمیای مەهاباد دوای زیاتر لە دوو دەیە دەست بەکاریش بوو، دوو لەسەر سێی هێزی کاری لەدەرەوە دێن،و بەخەڵکی ناوچەکەی ڕەوا نابینن.

ڕێگەوبانەکانی پارێزگاکانی ئیلام و سنەو کرماشان و ورمێ بوونەتە جادەی مەرگ،و خەڵک وەزاڵە هاتووە، بەڵام دوای ئەو هەموو نارەزایی دەربڕینە، لەبودجەی ساڵی ١٩٣٦–دا بڕیاری پێشوەختە لەسەر چاککردنی یەک مەتر لەو جادانە نەدراوە. کۆڵبەران لەسەر سنوورەکان بۆ ٢٠ بۆ ٣٠هەزار تمەن دەکەونە بەر فیشەکی هێزە ئەمنییەکان و پرسەکە بووەتە پرسێکی جیهانی، بەڵام لەیەک بڕگەدا لایحەی بودجەی حەسەن ڕۆحانی ئاوڕێکی لێ نەداونەتەوە، جا هەموو ئەوانە لەکاتێکدایە کە بەپێی ئامارە فەرمییەکانی خودی ئێران لانیکەم پارێزگای ئیلام ساڵانە پێشوازی لە چەندین ملیۆن زیارەتکاری شیعە مەزهەب دەکات، بەڵام بوودجەیەکیان بۆ شارێکی هەژار بەڵام ڕەخساو بۆ گەشتیاری ئایینی تەرخان نەکردووە.

لایحەی بوودجەی ئەمساڵ زۆری کون و کەلێنی گەورەی لانیکەم بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات تێدایە،و بەدڵنیاییەوە بێکاری و گرانی زیاتر دەکات، ئەو بودجەیە وەکوو ساڵی ساڵان بەشی ناوچە دەوڵەمەندەکانی بەزیادەوە داناوە،و بەشی ناوچە هەژارو گەشەنەکردووەکانی زۆر بەکەمی داناوەتەوە،و ئەگەر نوێنەرانی خەڵک لە مەجلیس لەکاتی گفتوگۆکردنەکەدا شەڕی خۆیان لەسەر پشکی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەکەن، ساڵی داهاتوو زۆر لەمساڵ بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ناخۆش و کارەساتبارتر دەبێت.



رەزا محەممەدئەمینی

# ئاشتەوایی نیشتمانیی یان ئاشتبوونەوەی باڵەکانی ڕێژیم

لەو ماوەیەدا و لەپاش تاقیکردنەوەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و کاردانەوەی توند و هەڕەشەئامێزی دۆناڵد ترامپ و کاربەدەستانی پایەبەرزی ئامریکا لەو پێوەندی‌یەدا، محەممەدی خاتەمی سەرۆککۆماری پێشووتری ڕێژیم لە لێدوانێکدا داوای ئاشتەوایی نیشتمانیی کرد و گوتی ئێستا باشترین هەلە کە دەتوانین بە یەکگرتووی هەموو هێزە و لایەنەکان قازانج و بەرژەوەندی نیشتمانیی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی بپارێزین. ئەو پەیام و لێدوانەی خاتەمی کە لە بەرەبەری شەشەمین ساڵڕۆژیی(٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٩) «دەسبەسەرکردنی» مەهدی کەڕووبی و میرحوسەینی مووسەویی و هاوسەرەکەی، زارا رەهنەوەرد، بڵاو کرایەوە، لەگەڵ دژکردەوەی توندی خامنەیی و کەسە ناسراوەکانی باڵی بەهێزی دەسەڵات بەرەوڕوو بووەوە. خامنەیی بەبێ ناوهێنانی خاتەمی، بە توندی بەگژیدا هاتەوە و هەرچەشنە ئاشتبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەو ڕەوتە پەراوێز خراوە لە دەسەڵاتدا کە لەلایەن ئەوانەوە بە «فیتنە» نێودێر کراوە، ڕەت کردەوە.

لەسەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو رژیمەوە تا ئێستا، ڕەوتی کەڵەکە بوونی هێز و دەسەڵات لەلایەن باڵێک لە کۆماری ئیسلامی‌دا کە بە باڵی توندئاژۆ و پاوانخوازی ئەو رژیمە ناسراوە دەستی پێکردووە و بەرەبەرە دەسەڵات و هێز و جومگە ئابووری‌یەکان لەلایەن ئەو باڵەوە پاوان کراوە. لەو ماوەیەدا بەهەزاران کەس لە کاربەدەستانی ورد و درشتی ئەو رژیمە بەهوی دەربڕینی بۆچوونی جیاواز لە دید و روانگەی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، خومەینی و دواتر و هەنووکە، خامنەیی و «کاست» و مافیای بەهێزی دەسەڵاتی راستەقینە( سپای پاسداران و بونیاتە ئابووری‌یە زەبەلاحەکانی و ئیمام جوومعەکان و...) بە شێوەی ئاشکراو نهێنی، کوژراون، لە گرتووخانەکان‌دا تەمەنیان بەسەرچووە، لەسەرکار لادراون، و لە ماڵەکانیان بەند کراون و بە گشتی ئەگەر زۆر توندیان لێنەگرتبن و بە پێی جێگە و پێگەی پێشوویان لە دەسەڵاتدا «رەعایەت» کرابن، وەک خاتەمی پەراوێز خراون.

پەیامی خاتەمی لە ژێر نێوی ئاشتەوایی نیشتمانیی، لەراستی‌دا پەیامێک بوو بۆ ئاشتبوونەوەی باڵەکانی رژیم و گەڕانەوەی خۆی و ریفۆرمیستەکانی دەورووبەری و ئەو کەسانەیە کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٨٨ لە زیندان کران و دواتر لە پەرواێز خران. ئەگەینا هەم خاتەمی کە لە دەقی پەیامەکەی‌دا باس لە پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەکا و هەم خامنەیی، بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتە سەرکوتکەر و دژی گەلی‌یەکانی خۆیان و ئەو بەڵایەی لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوودا بەسەر وڵات و کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان لە هەموو بوارەکان‌دا هێناوە، باش دەزانن، ئەو رژیمە لە تەواویەتی خوی‌دا و بە هەموو باڵەکانی‌یەوە هیچ جێگە و پێگە و ئیعتبار و رەوای‌یەکی نەماوە. ئەوش باش دەزانن ئەوەی کۆماری ئیسلامیی لەسەر پێ ڕاگرتوە و نەیهێشتوە هەتا ئێستا بڕووخێ؛ لەلایەک سیاسەتی کوشت و بڕ و سەرکوت و زەبرو زەنگە کە تەنانەت سنوورەکانی گەیشتۆتە «خود»ی‌یەکانی دوێنێش و ئەوانیش ناپارێزێ؛ لەلایەکی دیکەش ئامادە نەبوونی بەشیک مەرجەکانی تەقینەوە و ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و نەبوونی ئالتێرناتیڤ و ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزە کە بتوانێ شەپۆلی نارەزایەتی‌یەکان لە بەستێنێکی کاریگەر و هەدەفمەند ودیاری‌کراودا کۆ بکاتەوە و بەگژ کۆماری ئیسلامی، وەک ڕێژیمێکی دژی گەلی و تۆتالیتردا بداتەوە.

دژکردەوەی خامنەیی لە هەمبەر پەیامی بەناو ئاشتەوایی نیشتمانیی خاتەمی و لێدوان وهەڕشە توندەکانی دەمڕاستەکانی باڵی پاوانخوازی بگرێ و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و رێساکان و بەبێ دیاریکردنی تاوان و دادگایی کردنی عادیلانە، چالاکوانانی سیاسی ڕەوانەی بەندیخانەکان نەکات. دیارە وەک هەمیشە کۆماری ئیسلامی بە پاساوی، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئێران ئەو هەڵوێستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای مەحکووم کرد.

دەستەو تاقمە تێرۆریستی‌یەکان...) ئەو بیرو بۆچوونەیە و ئامادەی هەرچەشنە بەرەنگاربوونەوە و دژکردەوەی نێوخۆیی و دەرەکی‌یە، تەنانەت ئەگەر شەڕ و ماڵوێرانی و بێ‌دەرەتانی کۆمەڵانی خەڵکی لێبکەوێتەوە. بۆچوون و ڕوانینی دووهەم کە هەمیشە لە پاشەکشە لەبەرانبەر رکەبەرەکەیدا بووە و



”پێویستی قۆناغی ئێستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەهەموو شێوەکانی خەبات، لەهەموو ئامرازە ڕەوا و ڕێگا پێدراوە یاسایی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان، لەهەموو توانا و پۆتانسیلەکان، بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەڵکوەرگرین و ئەو ڕاستی‌یە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دووپات کەینەوە کە هەل و مەرجی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئەمنیەت و ئاسایشی جیهان، «تەحەموول»ی ڕژیمێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵ و لق و پۆپەکانی‌یەوە ناکا“

دەسەڵات لەو چەند ڕۆژەی رابردوودا پیشاندەری ئەو راستی‌یەن کە چیتر خاتەمی لە «بازنەی ئەمنی‌یەتی» دەرەوەی دەسەڵاتدا نەماوە و بەربەستی نێو نەهێنان و بڵاو نەبوونەوەی وێنەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان‌دا و...، تەنیا بژاردە و ڕێگا بۆ دەمکوت کردنی ئەو نی‌یە و بەدوورنازانترێ مافیای دەسەڵات ئەویش وەک کەڕووبی و مووسەوی و هاوسەرەکەی لە ماڵەوە دەسبەسەر بکات؛ بەتایبەت کە لە ئاستی سەرەوەی کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا خاتەمی بوو کە لە قسە و لێدوانەکانی‌دا، ئەگەر زاتی نەکرد راشکاوانە بەرگری لە کەڕووبی و مووسەوی بکات، بە ناو «سەرانی فیتنە»ی مەحکووم نەکردن و هەڵوێستی نەگرت و بێ‌دەنگ مایەوە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە خامنەیی و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی شەش ساڵ دەسبەسەرکران لە ماڵەوەی کەڕووبی و مووسەوی و زارا رەهنەوەرد، هیچکات وەک ئێستا تەنگەتاو نەبوون. لەلایەک کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ دەربڕینی رق و توورەیی و نارەزایەتی خۆیان لە خامنەیی و رژیمە ئازادی خنکێن و دیکتاتۆری‌یەکەی، لە تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان کەمپەینی بەربڵاوی ئازادی ئەو دەسبەسەرکراوانەیان وەڕێخستوە کە لە شێوەی خۆی لەو شەش ساڵەدا بێ‌وێنە بووە، لەلایەکی دیکەش کێشەی نێوخۆیی دەسبەسەرکرانی ئەو سێ کەسە لە ئاستی جیهانی‌دا نەک هەر لەگەڵ نارەزایەتی ناوەندەکانی داکۆکی‌کار و پارێزەری مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بووە، بەڵکوو دەوڵەتی تازەی ئەمریکاشی هێناوەتە سەر خەت. لەو پێوەندی‌یەدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، وێڕای پشتیوانی لەو کەمپەینە و سەرکۆنە کردنی کردەوەی دەسبەسەرکران لەماڵەوە، داوای لە کۆماری ئیسلامی کردووە ڕێز لە ڕێککەوتنە نێونەتەوەی‌یەکان لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی مافی مرۆڤ

جگەلەوەش کێشەی کەڕووبی و مووسەوی و هاوسەرەکەی، کە هەروەک ئاماژەی پێدرا، کردەوەیەکی بەدوور لە هەموو یاساکانە و وەک یەکێک لە کردەوە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەربڕی نێوەڕۆک و دەرخەری ڕووی دزێو و راستەقینەی ئەو رژیمەیە، بوەتە بەستێنێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بە دڵنیای‌یەوە کۆماری ئیسلامی باجی لەوەی کەهەیە زۆرتری بۆ دەدات و ناتوانێ بەهاسانی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە و لە لێکەوتەکانی دەرباز بێ. بەتایبەت کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زۆر قەیرانی نێوخۆیی، چ لە ئاستی نێو ئاڵقەی دەسەڵات و چ لە بەڕێوەبەری وڵاتدا بەرەوڕوویە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ بانگەوازی ئاوشتەوایی خاتەمی و دژکردەوەی خامنەیی و «کاست»ی دەسەڵاتدا شیکردنەوەی ئەو راستی‌یە لەجێ‌دایە کە دوو ڕوانینی لێک جیاواز و تا ڕادەیەک دژبەر، هاوتەریب لەگەڵ یەک بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت لە دوای مەرگی خومەینی و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی «موتڵەق» لە لایەن جێگرەوەکەی، خامنەیی‌یەوە، بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە ئارادابوون و ئێستاش بوونیان هەیە. ڕوانینی بۆچوونی یەکەم کە هەتا ئێستاش لە دەسەڵاتدا زاڵە، مان ومەوجوودی‌یەت و بوونی کۆماری ئیسلامی و بەناو گەشەسەندنی، لە پابەند بوون بە بنەما و ڕوانینە فیکریی‌یەکانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، «بە بێ هیچ‌چەشنە نەرمیی نواندنێک» لە شێوە و ئوسلووبەکانی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا و «تەعامول لەگەڵ کێشە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان»دا دەبینێتەوە کە لەسەر بنەمای داسەپاندنی یاساکانی شەریعەت(لەڕوانگەی بۆچوونی شێعەوە) لە نێو خۆ، و لە دەرەوەش پابەندبوون بە ئامانج و سیاسەتە بنەڕەتی‌یەکانی، (ناردنەدەرەوەی شۆڕش، دژایەتی نالۆژیک لەگەڵ ئەمریکا و جیهانی ڕۆژئاوا و یارمەتی

هەتا هاتووە لە ئاڵقەی دەسەڵات دوور خراوەتەوە، بۆچوونی کەسایەتییەکانی وەک طالقانی و مونتەزیری و بە چەند پلە خوارتر کەسانی وەک مووسەوی و کەڕووبی و خاتەمی و... بووە کە لەگەڵ پابەند بوون بە بنەما سەرەکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی، لە سۆنگەی فیکریی و ئیدئۆلۆژی‌یەوە، بەو شێوەیەی کە بۆخۆیان باسی لێوەدەکەن «عەقلانیەت» لە هەڵسووکەوت لەگەڵ ڕووداوەکانە! ئەوان پاراستنی کۆماری ئیسلامی‌یان لا گرینگە و زۆر باش دەزانن لە هەل و مەرجی ئێستادا و بە لەبەرچاو گرتنی هەموو فاکتەرە نێوخۆیی‌یەکان لەهەموو بوارەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ... و ئەو ئاڵوگۆڕانەی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێ، کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە بەرەو نەمان و ڕووخان دەڕوات. هەر بۆیەش بە هەموو شێوەیەک تێدەکۆشن بەر بەو ڕەوتە(ڕەوتی هەرەس هێنانی کۆماری ئیسلامیی ئێران) بگرن .

پێویستی قۆناغی ئێستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەهەموو شێوەکانی خەبات، لەهەموو ئامرازە ڕەوا و ڕێگا پێدراوە یاسایی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان، لەهەموو توانا و پۆتانسێلەکان، بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەڵکوەرگرین و ئەو ڕاستی‌یە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دووپات کەینەوە کە هەل و مەرجی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئەمنیەت و ئاسایشی جیهان، «تەحەموول»ی رژیمێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵ و لق و پۆپەکانی‌یەوە ناکات و دەبێ، تێبکۆشین بۆ بەرینترکردنەوەی هەرچی زیاتری گۆڕانکاریەکان لە پێناو وەدیهێنانی داهاتوویەک کە ئازادی و سەربەخۆیی و مافی بڕیاردان لە چۆنیەتی ژیان، مافی بێ‌ئەملا و ئەولای گەلانی ستەمدیدەی ئێران بێ.

ئەندێشە

# فەلسەفەی ئەخلاق و ئازادی




ناسر قادرپوور

پێویستە تاکی کۆمەڵگا ئازادی ئەوەی هەبێت کە کردەوە و چالاکییە کانی خۆی ئازادانە بۆ خۆی هەڵبژێرێ و هەر ئەم ئازادی هەڵبژاردنە دەبێتە بنەمای هەبوونی ئەخلاقیی وەک بابەتێکی سەربەخۆ. ئەگەر ئازادی هەڵبژاردن لە گۆڕێ دا نەبێ، وەک چۆن ناتوانین کردەوەی گیان لەبەرەکانی تر بە باش یان خراپ بزانین، بۆی نیە تاکێک بە باش یان خراپ لە قەڵەم بدەین.

لێرەدا بە جێ دەبێت ئەگەر هەڵوێست و کردەوەکانی مرۆڤ لە روانگەی زانستی دەروونناسیەوە هەڵسەنگێنین.

### سوقرات:Sokrat

ئامانجی چالاکییە ئەخلاقسەکانمان بەختەوەریە



وگەیشتن بە بەختەوەری ئەخلاقیش تەنیا لە ڕێگەی زاناییەوە بەدی دێ. زانایی؛ مرۆڤەکان بەرەو کردەوەی باش هان دەدا و نەزانیش بەرەو کردەوەی هەڵە. تەنیا زانایی مرۆڤ بختەوەر و بەئەخلاق و پێگەیشتوو دەکات.

### ئەفلاتوون:Platon


باش یا خراپ بوونی چالاکی، لە ڕێگەی



باش بوونی بانگەشەی ئەم چالاکییە دەردەکەوێ. واتە ئەگەر چالاکییەک لە گەڵ بانگەشەی باشی ئەم چالاکییە ڕێک بێ، باشە و ئەگەر وانەبێ، خراپە. ناکرێ ئەم بابەتە لە ڕێگەی زانستی ئەم جیهانەوە تێبگەین و هەڵسەنگێنین. لە بەر ئەوە هەر مرۆڤێک پێویستە بەرەو بازنەی بانگەشەکان بڕوات و ئەم بانگەشانە، شی بکاتەوە.

### ئێمانوئێل کانت:Imanuel kant

(سەدەی) ١٨لەروانگەی کانتەوە، ناکرێ



ئامانجی چالاکی ئەخلاقی بەختەوەری بێ. لە بەر ئەوەی کە بەختەوەری دەستەواژەیەکی سوبجەکتیفە، واتە بە پێی تاک تووشی گۆڕان دەبێ. هەر ئەو جۆرەی کە فەیلەسووفەکانی پێش کانت پێناسەی جیاوازیان بۆ بەختەوەری هەبووە؛ بە پێی روانینی تاقمێک باشی و بە پێی ڕوانینی تاقمێکی تر ڕێک بوون لە گەڵ سروشت کەواتە، پێویستە یاسای ئەخلاق بۆ هەموو کەس یەک جۆر بێت و یەک جۆریش بمێنێ. لە ڕوانگەی کانتەوە، نییەتی باش و ویستی باش ئەرکێکە. ئەرکێک بە دوور لە هەموو هەستێک، فەرمانێکە و مسۆگەر دەبێ لە بەرامبەر یاسای ئەخلاق سەر دانەوێنێ. ئەوەش بۆ هەموو ئەو کەسانەی عەقڵیان هەیە، یاسایەکی گەردوونیە. ئەو کردەوانەی کە گرێدراوی بارودۆخ و هەل و مەرجن، ئەخلاقی نین.

بڕیاری ئەخلاقی

ئەو بابەتەی کە تاک بە ئازادی هەڵیبژاردووە و ڕێکە لە گەڵ یاسای گشتی ئەخلاق لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە بڕیارێکی باشە.

# سێبەر و تارمایی هەڕەشەکانی ترامپ لە سەر ئاسمانی ئێران



عەزیز شێخانی

جیهانی سیاسەت و قۆرت و پێچەکانی ئەو زانست و هونەرە دەرخەری سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانە. مرۆڤەکان لە کۆنەوە لە شێواز و کەرەستەی جۆراوجۆر بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارە گشتییەکان کەڵکیان وەرگرتوە. یەکە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لە هێز، چاوترساندن، هەڕەشەکردن و ڕەشکردنی لایەنی نەیار کەڵکیان وەرگرتوە. دەوڵەتەکان وەک ئەکتەری کارای جیهانی مۆدێڕنی سیاسەت و ئیدارە، گۆڕەپانی سیاسەتیان ڕەنگاندوە و بە شکڵی جیاواز لەو مەیدانە سیحراویەدا دەجوڵێنەوە. دەوڵەتەکان خاوەنی هێز و توانای جیاوازن و لە ئاستی جیهانیدا هەر دەوڵەتە و خاوەنی ستاتوس و پێگەی خۆیەتی. ئەگەرچی دەوڵەتەکان بە گوێرەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هاوتا و بەرابەرن، بەڵام ئەوان بە کردەوە خاوەنی قورسایی جیاوازن. ڕۆڵ و نەخشی ئەوان لە ئیدارەکردنی ڕووداوە ناوچەیی و جیهانییەکاندا جیاوازە. دەوڵەتەکان بۆ مانەوە و پاراستنی سنوور و بەرژەوەندییەکانیان لە زۆر ڕێکار کەڵک وەردەگرن.

هەڕەشە یەکێک لەو ئامرازانەیە، کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەت لە لایەن دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەکار دێت. هەڕەشەی دەوڵەتان و زلهێزەکان لە دژی دەوڵەت و لایەنی دژبەر هەڵوێستەی زۆرتری لەسەر دەکرێ، چونکە نادڵنیایی و قەیران دەخوڵقێنێ. ئەو پرسە لە گەڵ دیپلۆماسی دەوڵەتیی ئاوێتەیە و دەوڵەتەکان بە گشتیی و خاوەن هێزەکان بە تایبەتی بە ڕێژەی جیاواز لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵکی لێوەردەگرن. دەوڵەتی هەڕەشەکەر و هەڕەشەلێکراو بە شێوازی جیاواز سوود لە بارودۆخەکەیان وەردەگرن و هەوڵدەدەن لە نێوخۆ و دەرەوەدا بە قازانجی خۆیان وەریسووڕێنن. هەر دوو لایەنی هەڕەشەکەر و هەڕەشەلێکراو دەخوازن لە ژێر تیشکی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ڕێککەوتننامە دوو یان چەند قۆڵییەکان هەڕەشە و دژە هەڕەشەکانیان بە ڕەواو و لۆژیکی ببینرێن. مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی دەیسەلمێنێ، کە هەڕەشەکان ڕەنگە لە ژێرکارتێکەری جۆراوجۆردا ببنە کردار و زۆر لایەن و دەوڵەت سەرسوڕماو بکەن. زۆرێک لە سیاسەتکارەکان بۆ ڕزگاربوون لە قەیران و کێشە نێوخۆییەکان و سارێژکردنەوەی برینەکۆنەکان یان وەدیهێنانی خەونەکانیان هەڕەشەکردن دەکەنە ڕێبازی ڕۆژانە و لە ئاکامدا خەڵک و وڵاتەکانیان باجی ئەو سیاسەتانەیان دەدەن.

دۆناڵد ترامپ وەک سەرکۆماری یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی دنیا لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا و دوای چوونی بۆ کۆشکی سپی ڕوانگە جیاوازەکانی خۆی بە ڕاشکاوی دەربڕیوە. ناوبراو لەمەڕ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆچبەران، ناتۆ، یەکێتی ئورووپا، دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتی ئاماژەپێکراو، ڕووسیە، چین، داعش، تیرۆریزم و ئێران ڕاست و چەپ قسەی کردووە. ترامپی سەرکۆمار دەخوازێ بە نەیار و دۆستانی ڕابگەیەنێ،کە لە سەر وتە و دروشمەکانی هەڵبژاردنی سوورە و کار بۆ گەڕاندنەوەی گەورەیی بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکات. کەسایەتی سیاسەتکارەکان لە یەکتر جیاوازە و زۆربەیان خوازیارن جیاواز لەوانەی پێشتر دەرکەون و سیاسەت بکەن. ترامپ و هاوکارەکانی بە زمانێکی ساکار و ڕەوان ڕادەگەیەنن، کە ترامپ وەک ئۆباما نییە و لە کاتی پێویستدا خاوەن هەڵوێست و بڕیاردەرە. بۆ سەلماندنی وتەکانیان ترامپ وەک جاران زمانی هەڕەشە بەکار دێنێ. ئەو و هاوکارەکانی ڕێژیمی ئێران بە ماکەی مەترسیی و هەڕەشە دەناسێنن و بەردەوام بە زمانێکی نەرێنی لەسەری دەدوێن. شایانی باسە، کە ئەمریکا خاوەنی قورساییەکی تایبەتە و بە جەمسەرێکی کارا و گەورەی جیهان دەژمێردرێ. هەڕەشە و هەڵەکانی، کاردانەوە و سیاسەتەکانی لە سەر ڕەوتی پێوەندییە سیاسیی و ئابورییەکان کاریگەرن و وەرچەرخان لە هەڵوێست و ڕوانگەکانی ئەو وڵاتە کاردانەوەی بەرچاوی دەبێ.

پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران و هەڕەشە کۆن و نوێیەکانی ئەو دوو وڵاتە لە یەکتر باسێکی کراوەی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە لە تاران و واشنگتۆن بە نەریت و فۆڕمی جیاواز تەتەڵە کراوە و دەکرێت. پێوەندییەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران لە بنەڕەتدا ناتەبا و پێچەوانەی یەکتر بوون. لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تاران سیاسەتی ئەمریکا ڕەگی ئیمپریالیستی‌یان هەیە و ئەو وڵاتە بە شەیتانی گەورە ناودەبەن. لەو ماوەیەدا ئەمریکا و ئێران دوژمنایەتی نێوان خۆیان بە شارەزایی تێکەڵ بە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە کردووە و کەڵکی ئامرازیی و ئامانجداریان لێوەرگرتوە. سەرکۆمارە جیاوازەکانی ئەمریکا بە شێوەی جیاوا ئێرانیان خستۆتە ژێر پاڵەپەستۆ و تێکۆشاون سیاسەتی ئاخوندەکان بگۆڕن. سیاسەتی باوی دوو وڵات بەرامبەر بە یەکتر لە ماوەی نیزیک بە چوار دەیە زۆر نەگۆڕاوە و مۆرکی سیاسەتێکی سواوی وەرگرتوە. ئەوان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە کاناڵی دەوڵەت، گرووپ و کەمایەتییە جیاوازەکانی ناوچە شەڕی بەرژەوەندییەکانی یەکتریان کردووە. دوژمنایەتی ئەوان بەرامبەر بە یەکتر، لە چوارچێوەی دروشم ، هەڕەشە و داسەپاندنی ئابڵوقەی جۆراوجۆر ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی بە ڕواڵەت دوو وڵات بەردەوام بەرامبەرکێی یەکتریان کردووە، بەڵام سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچە ناڕاستەوخۆ بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران



شکاوەتەوە. ئێران، لە دوای پەلاماردانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق بە کردەوە بارووودۆخەکەی قۆستەوە و زیاتر لە هەموان لە ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان کەڵکی وەرگرت. تەنانەت لە درێژەی گەمەکەدا ئێران لە سەر پرسی بەرنامەی ناوکی لە گەڵ ئەمریکا و چەند زلهێزی دیکە سازا و بەمجۆرە قۆناخێکی تازە لە پێوەندی نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا دەستی پێکرد.

سەرکەوتنی ترامپ و هەڕەشەی ناوبراو لە ڕێککەوتننامەی ناوکی ئێران و ڕۆژئاوا دۆخەکەی بە ڕێژەیەک شڵەژاندوە. ترامپ و پارتی کۆماریخوازەکانی ئەمریکا لە ڕابردوودا دژایەتی خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە دەربڕیوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئەمریکا لەو مامەڵەیەدا زەرەری کردووە و هەڕەشەی پێداچوونەوە یان پووچەڵکردنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکەن. بە باوەڕی بەڕێوەبەرانی کۆشکی سپی، ئێران ئەوەندە هەڵناگرێ و شایانی ئەو مامەڵەیە نییە. تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژ لە لایەن ئێران تەوژمێکی تازەی بە هەڕەشەکانی کۆشکی سپی دژ بە ئێران داوە. ئەوان تاقیکارییەکانی مووشکیی ئێران بە کارێکی ناڕەوا و بە پێشێلکەری ڕێککەوتننامەی ناسراو بە ناوکی دەزانن. بە تێگەیشتنی سەرکۆماری ئەمریکا، سیاسەتی نەرم بەرامبەر بە ئێران کەڵکی نییە و ئێران ڕوهەڵمالاوانەتر لە جاران دەجووڵێتەوە. بەرپرسانی ئێرانی لە تاران تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژ بەدەر لە ڕێککەوتننامەکە دەزانن و بە بەشێک لە سیاسەتی بەرگری وڵاتەکەیانی دەناسێنن. هەڕەشەکانی ترامپ هێشتا لە بازنەی نووسین و دەربڕینی ڕۆژنامەوانیدا دەبینرێن و هاوکارانی ڕادەگەیەنن، کە هەموو بژاردەکان دژ بە ئێران کراوەن. پرسیارەکان لەو پێوەندییەدا زۆر و وەڵامەکان جیاوازن، بەڵام لە سەر چۆنیەتی جێبەجێبوونی هەڕەشەکانی ترامپ بەرامبەر بە ئێران و تەنانەت بەکارهێنانی گورزی سەربازی دژ بە ئێران خوێندنەوە و لێکدانەوەکان یەک ئاراستە نین.

ئەمریکا دژ بە ئێران دەتوانێ لە بەرە و گۆڕەپانی جیاوازدا کار بکات و تەوژمی سزاکانی سەر ئێران لە بواری دیپلۆماسی، ئابووری، تێکنۆلۆژیی و هتد. توندوتۆڵتر بکات. دۆناڵد ترامپ بۆ جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی دژ بە ئێران و بەرتەسک کردنەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەدا خاوەنی فاکتەری گونجاو و هەروەها کەند و کۆسپی بەرچاوە. ترامپ و هاوکارانی خاوەنی بیر و هزری ڕادیکاڵن و ڕەنگە ئەو فاکتەرە لە سەر چۆنیەتی بڕیاردان لە سەر پرسی ئێران کاریگەر بێت. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لە گرتنەپێشی سیاسەتی تایبەت دژ بە ئێران دەتوانن هاوفکر و یەکدەست بن. بێجگە لەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا لە قۆناغی ئەمڕۆدا لە کۆنترۆڵی کۆمارییەکاندایە و بە ئاسانی گەڵاڵە و بڕیارەکانی سەرکۆمار ڕەتناکەنەوە. لە نێو ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا و پارتی کۆمارییدا ژمارەیەک سیاسەتکار، لە کۆنەوە بۆ توندکردنی پاڵەپەستۆی سەر ئێران تێدەکۆشن. ئەوان سیاسەتەکانی ئێران و بە تایبەت تێکۆشانی سپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەو وڵاتە لە ناوچە دەزانن. سیاسەتی ڕێژیم لەمەڕ پەرەپێدانی تێکنۆلۆژی مووشەکی دوورهاوێژ، ڕادیکاڵەکانی نێو بازنەی دەسەڵاتی ئەمریکا و هەروەها ئیسرائیل و جولەکەکانی ئەمریکا دژ بە ئێران دەورووژێنێ. ئەوان ئەگەر لە سێ گۆشەی بەرژەوەندییەکاندا بە یەکتر بگەن بە ئاشکرا لە داڕشتنی سیاسەتی کۆشکی سپی بەرامبەر بە ئێران کاریگەر دەبن. لێرەدا ناکرێ بەرەی سوننە و ژمارەیەکی زۆر وڵاتانی سوننە لە ناوچەکەدا لەبیر بکرێن، کە دەکەونە بازنەی هاوپەیمانەتی لە گەڵ ئەمریکا و بە ڕێژەیەک دەتوانن لە درێژکردنەوە و توندترکردنی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ڕۆڵ بگێڕن. لەوانە گرینگتر ئەوەیە، کە ئەگەر ئەمریکا ئیرادە بکات و فاکتەرە نێوخۆییەکان ئامادە بن، هەرجۆرە دابەشکارییەک لە نەخشەی سیاسی عێراقدا دەتوانێ سەرئێشەی زۆر بۆ ئێران بخولقێنێ.

بەربەستەکانی سەر ڕێگای جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی ترامپ دژ بە ئێران نێوخۆیی و دەرەکین، کە ناکرێ لە لێکدانەوەکاندا پشتگوێ بخرێن. یەکەمین فاکتەر کەسایەتی و سرووشتی سەرکۆماری ئەمریکایە، کە دەخوازێ بە ستایلی خۆی ئەمریکا ئیدارە بکا و کاڵای سیاسەت بە بۆن و بەرامەیەکی دیکە هەناردە بکا. بە تێڕوانینی زۆر شارەزا ناوبراو لە سیاسەتدا کرچ و کاڵە و بۆ پۆستی سەرکۆماریی ئەمریکا شیاو نییە. ئەو بە وتە توند و نووسینە کورتەکانی نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی و دوان لە گەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان دژکردەوەی جۆراوجۆری خوڵقاندوون. ترامپ وەک سیاسەتمەدارێکی ورد هەڵسوکەوت ناکات و بە دەربڕین و نووسینەکانی زۆر گەورە ئەکتەری ئابوریی و سیاسی توراندوە. ئەو لەو پێوەندییەدا زۆر گوێ لە ڕاوێژکارەکان ناگرێ و ناخوازێ ناسینەی "بیزنێس مەنی" خۆی بە ئاسانی لەدەست بدا. ڕوانگەی ناوبراو بەرامبەر بە چین و تایوان و دواتر پاشگەزبوونەوە لە لێدوانەکان و لێدوان لە سەر یەکێتی ئورووپا و بە ئەرێنی ناساندنی دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتی ئورووپا و هتد. ئاستی متمانەی بەرامبەر بە کۆشکی سپی لاواز کردوە.

لە ئاکامدا یەکێتی ئورووپا و ئەو وڵاتانەی لە گەڵ ئەمریکا ڕێککەوتننامەی ناوکیان لە گەڵ ئێران واژوو کردوە، بە ئاسانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ترامپ قبوڵ ناکەن و ئامادە نین سیاسەتی پاشکۆبوون ڕەچاو بکەن. بێجگە لەوە، ڕووسیە لە ناوچەدا کەم و زۆر لە گەڵ ئێران هاوهەنگاوە و لە پرسی سووریەدا سیاسەتێکی توندوتۆڵیان هەیە، بۆیە ئامادە نییە پشتیوانی لە هەڕەشەی کۆشکی سپی دژ بە ئێران بکات. جیا لەو فاکتەرانە، شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان دژ بە عێراق و لیبی پڕن لە وانە. ڕۆژئاواییەکان و خەڵکی ناوچە بە کردەوە دەبینن، کە دەرپەڕاندنی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتان بە زەبری چەک ئاسەواری دژواری لێدەکەوێتەوە، چوونکە ئەو وڵاتانە بە هێزی ڕەق ئیدارە کراون و هێشتا کۆمەڵگا و ژێرخانی پێویست بۆ ئیدارەیەکی مۆدێرن مسۆگەر نییە. لە لایەکی دیکە، ترامپ باس لە چاککردنی بارودۆخی وڵات و ئابووری هاوڵاتیان دەکات، بۆیە درێژەدان بە سیاسەتی هەڕەشە و جێبەجێکردنی هەڕەشەکان و نانەوەی شەڕێکی تازە ئابووری وڵات زیاتر دادەتەپێنێ.

ئاماژەکان دەریدەخەن، کە کۆشکی سپیی و نەیارەکانی تاران لە ناوچەدا لە سەر دواڕۆژی ناوچەکەیان و کۆنترۆڵی جووڵەکانی ئێران کۆک و هاودەنگن. بەشێک لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا و بە تایبەت ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی خوازیارن، کە ئەمریکا سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر بە ئێران بگرێتەبەر. بەهێزبوونی بەرەی سیاسیی شیعە لە ناوچەدا بە سەرکردایەتی ئێران، یەکانگیربوونی سیاسەتەکانی بەرەی ناوبراو لە گەڵ ڕووسیە و بوونی عێراقێکی لاواز و دەستەمۆ و ئەفغانستانێکی نائارام و شەکەت، بەرەی سوننەی خستۆتە دۆخی بەرگریی و خۆڕێکخستنەوە. ئەمریکا دەخوازێ، بە تێچوویەکی کەم و سیاسەتێکی بە ڕواڵەت ڕەق، ئێران لە مەترسییەکانی درێژەدان بە سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە لە ناوچەدا ئاگادار و وریا کاتەوە. ئەگەر لە ناوچەدا ئاڵوگۆڕی گەورە و چاوەڕوانکراو ڕوونەدەن و ئێران هێزە ئەمریکاییەکان لە سنوورە وشکانی و ئاوییەکانی خۆی نەورووژێنێ، ڕەنگە تێکهەڵچوونی نیزامی لە نێوان دوو وڵات ڕوونەدات. پووچەڵکردنەوە یان مانەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی نێوان ئێران و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ناتوانێ بە تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوەی ڕووداوەکان بێ. هەویری سیاسەتی ئێران و ئەمریکا ئاو زۆر هەڵدەگرێ و ڕەنگە هەردووک وڵات حەزیان لە درێژەدان بەو شەڕە زێڕینگەرییە بێ.

سروشتی ژیانی سیاسی وڵاتان بە ئاسانی ناگۆڕێ و ڕەنگە لە کۆتاییدا ترامپ نەتوانێ بە ویست و بژاردەی خۆی سیاسەتی ئەمریکا لە نێوخۆ و دەرەوەدا ڕێبەری بکات. بە لێکدانەوەی پەندە کۆنەکان ترامپ بۆ ئێران لەوە باشتر نابێ و ساڵی خۆش لە بەهاریەوە دیارە. لێرەدا ناکرێ زمان و کۆدی بەرژەوەندییەکان لەبیر بکەین، کە ڕوخساری شاراوەی پشت هەڕەشەکان و ئەگەرە کراوەکانی جیهانی سیاسەتە. هێشتا بە تەواوەتی ناکرێ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی درێژخایەن بۆ هەڕەشە و وتەکانی ترامپ بکرێ، چونکە لە سەرەتای ڕێگادایە و بێگومان تووشی قۆرت و پێچی چاوەڕوانکراو و نەکراو دەبێ. ناوبرا ڕەنگە لە کۆتاییدا ستراتیژی کارکردن و ڕێبازی درێژخایەنی سیاسەت لە گەڵ زمانی ڕۆژانە و دەربڕین جیا بکاتەوە. ئەو و ستافی هاوکاری بۆ ماوەیەک لە ژێر تیشکی چاوی دۆستان و نەیاراندان و جۆر و چۆنیەتی بڕیارەکان جەوهەری ڕاستەقینەی ترامپ و هاوڕێکانی زیاتر ئاشکرا دەکات.

ئێران و بڕیاربەدەستەکانی ڕێژیمی تاران لە زمانی زۆر و هەڕەشە باشتر تێدەگەن. ئەوان بەو زمان و مێتۆدە ڕاهاتوون و چەند دەیەیە لە نێوخۆ و دەرەوە ڕاهێنانی لەسەر دەکەن. تاران بە تەواوەتی لە تامی هەڕەشەی زلهێزێکی وەک ئەمریکا تێدەگات، بەڵام لە پێناوی مانەوەدا وردبینانە لە گەڵ فاکتەرە جیاوازەکان هەڵسوکەوت دەکات. بەرپرسانی ڕێژیمی تاران دەزانن، کە ئەمریکا لە دۆخی ئەمڕۆدا ناتوانێ ڕووسیە، چین، یەکێتی ئورووپا و تەنانەت بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەی دژ بە ئێران و دەسەڵاتدارانی تاران ڕێکبخات. ئەوان ئاگادارن، کە ئەمریکا بە ئاسانی هێرشی نیزامی ناکاتە سەر ئێران و کەم و زۆر تێپەڕاندنی قەیرانی سووریە، عێراق، یەمەن و هتد، لە ڕیزی پێشەوی بەرنامەی کاری بەڕێوەبەرانی کۆشکی سپی‌دا جێ‌دەگرن. بوونی ترامپ لە کۆشکی سپی و هەڕەشەی ناوبراو لە ئێران و تەنانەت هێنانەگۆڕی داوکاری بۆ پووچەڵکردنەوە یان پێداچوونەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی قەیران خوڵقێنە، بەڵام مەیدانی مانۆڕی ئێران بەرفراوانتر دەکا. ئێران هەوڵدەدات هەڕەشەکانی ئەمریکا لە نێوخۆ و دەرەوە بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ. بەرپرسانی وڵات زیاتر لە جاران دەتوانن درێژە بە سەرکوتکردنی خەڵکی دژبەر و ناڕازی بدەن و بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی سنوور و وڵات، سیاسەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێران زیاتر لە جاران برەوی پێ دەدرێ. بەڕێوەبەرانی ڕێژیم لە مەیدانی دیپلۆماسی و پێوەندییە دەرەکی‌یەکانیاندا ئاسانتر دەتوانن سۆزی دەوڵەت، لایەن و ڕێژەیەکی زیاتر لە بژاردەی ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامی و هتد بۆ خۆیان ڕابکێشن. شایانی باسە، کە داڕێژەرانی سیاسەت و ڕێبازی نیزام ئەو پرسە دەخەنە خزمەت هەڵبژاردنەکان و لە شەڕی نێوان باڵەکاندا بە چەکێکی کارا پێناسە دەکرێ.

ڕەوینەوە یان مانەوەی تارمایی هەڕەشەکانی ترامپ لە سەر ئاسمانی ئێران پێوەندی بە گۆڕانی هاوکێشە ناوچەییەکانەوە هەیە. بەرژەوەندییە زۆر و زەوەندەکانی زلهێز و دەوڵەتەکان لە کۆتاییدا ڕەنگڕێژی سیاسەتی ڕاستەقینەی دەوڵەتان بەرامبەر بە یەکتر دەکەن و هاتوهاواری مەرگ بۆ ئەمریکا و هەڕەشەکانی ترامپ لە ئێران و ئاخوندەکان بە کردەوە چارەی قەیرانەکان ناکەن. بە دوور لە لۆژیکی هەڕەشە و خۆڕانان، ئێران و ئەمریکا ئاگاداری شەڕە مێژووییەکانن و دەزانن کە هێزە چەکدارە ئێرانییەکان لە شەڕە گەورەکاندا تووشی چ چارەنووسێکی دژوار هاتوون. بۆیە ئێران ڕەنگە بۆ شەڕی ڕاستەقینە ئامادە نەبێ و زیاتر حەزی لە شەڕی دروشم و قسەیە، کە تێچوویەکی زۆری ناوێ و ڕەنگە جار و بار خێرداریش بێ.

# بەراوردی سیاسەتی ترامپ لەگەڵ سیاسەتی ئۆباما سەبارەت بە ئێران

گارێت پۆرتێر (سەرچاوە: میدل ئیست ئای)
وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: هاژە

یەکەمین لێدوانە ڕەسمییەکانی ئیدارەی سەرۆک دۆنالد ترامپ سەبارەت بە ئێران ئەو هەستەیان بڵاوکردۆتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێچەوانەی ئەو سیاسەتە کە لەژێر سەرۆکایەتیی باراک ئۆبامادا لەبرەودا بوو، لەمەودوا لەبەرامبەر ئێراندا هەڵوێستێکی توندی دەبێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای وشیارکردنەوە ڕەقەکانی تاران لەلایەن ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا مایکل فلین و لەلایەن خودی ترامپەوە، ئەو سیاسەتەی لە یەکەمین حەوتووەکانی ئیدارەی نوێدا شکڵی گرتووە زۆر نزیکە لەوەی ئیدارەی ئۆباما گرتبوویە بەر. هۆیەکەشی ئەوەیە کە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما سەبارەت بە ئێران لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی نێو تیمی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بوو و لەوێشدا بەهەمان شێوەی ئیدارەی ترامپ ئەوەی پەسند کرابوو بریتی بوو لە هەڵوێستێکی توند و قایم لە بەرامبەر ئێران.

ڕۆژی ١ی فێوریە فلین ڕایگەیاندبوو کە ئیدارەی ئۆباما «لەوەدا کە وڵامێکی گونجاو بە کردەوە بەدخوازییەکانی ئێران بداتەوە شکستی خواردووە» و باسی ئەوەی کردبوو کە لەژێر سایەی ترامپدا شتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ. بەڵام ئەم گوتارە بەلاڕێدابەر بوو، هەم لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەبارەی ئێرانەوە و هەم لەپێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە بژارەکانی بەردەستی ترامپ لە بژارە بەکارهاتووەکانی سەردەمی ئۆباما ئەولاتر بڕۆن.

ئەو تێگەیشتنە کە گۆیا ئۆباما لەگەڵ ئێران ڕووخۆش و نەرم و نیان ببوو، هیچ لەگەڵ واقعییەتی داکترینی ئیدارەی ناوبراو سەبارەت بە ئێرانیەک ناگرێتەوە. ڕێککەوتنی ناوکیی ئۆباما لەگەڵ ئێران توندڕەوەکانی باڵی ڕاستی تووڕە کرد، بەڵام خودی ئەم دیپلۆماسییە ناوکییەی ئەمریکا لەسەر ئەو نیازە بنیات نرابوو کە پێویستە بە زۆر شێوازی فشار (هێرشی سایبری، سزای ئابووری، ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران) زۆری لە ئێران بکرێ کە چەندی بکرێ واز لە پرۆگرامە ناوکییەکەی بێنێ. سەرەڕای ڕیتۆریکی ترامپ سەبارەت بە خراپیی ڕێککەوتنە ناوکییەکەی گەڵ ئێران، ناوبراو هەر ئێستا بڕیاری داوە کە نە ڕێککەوتنەکە بدڕێنێ و نە تەنانەت بنکۆڵی ئەو ڕێککەوتنە بکا، ئەوەش بە ڕوونی لەلایەن بەرپرسانی بەرزی ئیدارەی نوێوە هەمان ئەو ڕۆژەی مەسەلەی فلین هەڵلای نایەوە، بە مێدیاکاران ڕاگەیاندرا. تەنانەت تیمی ترامپ ئاگادار کراوە کە نە ئیسرائیل و نە عەرەبستانی سعودی ئارەزوو ناکەن ئەمە ڕوو بدات.

### نفووزی بەدخوازانە

سەبارەت بە بابەتی فراوانتری نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، سیاسەتی ئۆباما ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ئاقاری دائیمیی ئاسایشی نەتەوەیی بووە، و ئەو ئاقارەش دەیان ساڵە و هەر لەو سەردەمەڕا کە لە ساڵەکانی هەشتادا سیا و سووپای ئەمریکا لە گەرووی هۆرمووز و لە بەیرووت لەگەڵ پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی و میلیشیا شیعەکان دەرگیر بوون، ئێران وەک نەیارێکی بێئەملاوئەولا چاو لێ دەکا.

ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی ترامپ لە بەرامبەر ڕۆڵی ناوچەیی ئێران باسی کردووە هیچی جیاواز لەوەی تێدا نیە کە ئیدارەی ئۆباما چەندین ساڵە باسی دەکا. وەزیری بەرگریی ئەمریکا جەیمس ماتیس ئاماژەی بە «نفووزی بەدخوازانە»ی ئێران کردبوو و ئێرانی وەک «گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری» لە ناوچەدا ناو بردبوو. بەڵام ئۆباما و ڕاوێژکارەکانی ناوبراویش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەردەوام باسی «چالاکییە سەقامگیریشێوێنەکان»ی ئێرانیان دەکرد.ساڵی ٢٠١٥، ئیدارەی ئۆباما ئەوەندەی کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی وەک «نفووزی بەدخوازانە» و «کردەوەی بەدخوازانە» بەکار برد کە دەگوترا ئێستا لە واشینگتۆن مۆد مۆدی ئەو وشانەیە.

### سەرۆکە جیاوازەکان، هەمان سیاسەت

لە سەرۆک بیل کلینتۆنەوە بەملاوە هەموو ئیدارەیەکی ئەمریکا وەک پرەنسیپێکی جێکەوتووی سیاسەتی ئەمریکا، ئێرانی وەک گەورەترین دەوڵەتی سپۆنسەری تێرۆریم لە دنیادا ناساندووە. لەپاش بۆمب دانانەوەکەی ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٣، بۆ هەر هێرشێکی تێرۆریستی کە لە جیهاندا بەڕێوە چووبێ، ئیدارەی کلینتۆن دەمودەست ئێرانی تاوانبار کردووە. بەتایبەتی پاش تەقینەوە تێرۆریستییەکانی بۆینس ئایرێس لە ساڵی ١٩٩٤ و تاوەرەکانی خوبەر لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە ئاماژە بە ئێران وەک دەوڵەتێکی تێرۆریست گوتاری هەمیشەیی ئەمریکا بووە. بەپێی هێندێک ڕاپۆرت ڕاوێژکارانی ترامپ تاوتوێی ئەوەیان کردوە کە دەستوورێکی سەرۆکایەتی بۆ وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە ناساندنی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەربکرێ.کارێکی لەم چەشنە زۆرتر وەک هەنگاوێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی دەچێ تا سیاسەتێکی جیدی چونکە وەک ڕاوێژکاری یاسایی تایلەر کولیس ڕوونی کردۆتەوە، سوپای پاسداران لانیکەم لە چوارچێوەی سێ دەستە پرۆگرامی گەمارۆکانی ئەمریکادا سزای لەسەرە. جگە لەوەش، نزیک بە دە ساڵە کە هێزی قودس، کە بریتییە لە باسکی سوپای پاسداران لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی ئێران، وەک «هێزێکی دیاریکراوی تێرۆریستی لە ئاستی جیهانیدا» لە قەڵەم دراوە.وەها ناساندنێک دەتوانێ ئێزن بە ئەمریکا بدا کە ئەو بەرپرسە عیراقییانەش سزا بدا کە هاریکاریی سوپای قودسیان کردوە، لەحاڵێکدا ئەوان بەدژی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامییش لە شەڕدا بوون.

تیمی ترامپ هەروەها باسی نیازی ناوبراو بۆ پشتگیریی زیاتری سیاسەتی دژە ئێرانیی عەرەبستانی سەعوودیی کردوە. بەڵام ئێستا ڕوون بۆتەوە کە وێ ناچێ ترامپ لەڕووی سەربازییەوە بەدژی ڕێژیمی ئەسەد هەنگاوی زیاتر لەوە هەڵێنێتەوە کە ئۆباما کردبووی. سەبارەت بە یەمەنیش بە هەمان شێوە ئیدارەی نوێ لە بەرنامەیدا نیە شتێک بکا کە دەوڵەتی ئۆباما نەیکردبێ. لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئیدارەی نوێی ئەمریکا پێداچوونەوە بە شەڕی سەعوودی لە یەمەندا دەکا، بەرپرسێکی پایەبەرز بە یەک وشە گوتی «نەخێر». ئەمە بەو مانایەیە کە ترامپ سیاسەتی ئۆباما بۆ یارمەتیدانی کەمپەینی بۆمبارانی عەرەبستان لە یەمەن لەڕێگای پڕکردنەوەی هەوایی سووتەمەنی و دابین کردنی بۆمبەکان و پشتیوانیی سیاسی و دیپلۆماسی کە بۆ ڕیاز لەو شەڕەدا پێویستن درێژە دەدا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پرۆگرامی مووشەکیی ئێران،جیاوازییەکی ئەوتۆ لە سیاسەتی هەردوو ئیدارەدا بەدی ناکرێ. هێندێک پلەبەرزی ئیدارەی ترامپ تێستی مووشەکیی ئێران لە کۆتایی ئەو مانگەیان بە «سەقامگیری تێکدەر» و «دنەدەرانە» لە قەڵەم دا. بەڵام ئیدارەی ئۆباما و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانیشی زۆر پێشتر لە مانگی مارسی ٢٠١٦دا بە هەمان شێوە تاقیکارییە مووشەکییەکانی ئێرانیان بە هەمان وشەکان پێناسە کردبوو.لەگەڵ ئەوەدا کە بڕیارنامەی ٢٠١٥ی ئەنجومەنی ئاسایش بە زمانێکی ئیلزامی نەنووسراوە و ڕوون نیە کە مووشەکەکانی ئێران هەڵگری چەکی ناوکی بوون یا نا، ترامپ کۆمەڵێک گەمارۆی بەهۆی پێشێلکردنی ئەو بڕیارنامەیە بەسەر ئێراندا سەپاندووە. بەهەمان شێوە ئیدارەی ئۆباماش پێشتر کۆمەڵێک سزای بەهۆی پێشێلکردنی دەستوورێکی جێبەجێکاریی ئیدارەی بووش لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن ئێرانەوە پەسند کردبوو.

### ئەگەری لاوازی بەکاربردنی هێزی سەربازی

ڕەنگە بگوترێ بەراوردی سیاسەتی نوێی ترامپ لەگەڵ سیاسەتی پێشووی ئۆباما سەبارەت بە ئێران تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ خەتە گشتی و سەرەتاییەکانی ئەو سیاسەتانەدا لە جێی خۆیدایە و واشینگتۆن خەریکی بەرنامەدانانە بۆ ئەوەی فشاری نیزامیش بخاتە سەر ئێران و گورزی سەربازیی لێ بوەشێنێ. ئەوە ڕاستە کە ناکرێ ئەگەری ئەوە کە ئیدارەی ترامپ ئاقاریی سەربازیی توندتر لە بەرامبەر ئێراندا بگرێتە بەر، وەلا بنێین. بەڵام پێشنیاری هەر جۆرە سیاسەتێک کە ببێتە هۆی هەڕەشە یان بەکاربردنی هێزی سەربازی دەبێ بە پەسندی پێنتاگۆن و فەرماندەیی هاوبەشی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاش بگا، شتێک کە زۆریش ئاسان وەدی نایە. تێچووی هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ئەمڕۆ زۆر زیاترە چونکە ئێرانیش بە چەشنێک توانای وڵامدانەوە و بەئامانجگرتنی بنکەکانی ئەمریکا لە قەتەر و بەحرەینی گەشەپێداوە. دوایین جار کە ئەمریکا بیری لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران کردەوە لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج. و. بووش دا بوو. ساڵی ٢٠٠٧، دیک چێنیی جێگری سەرۆک پێشنیاری کرد کە ئەمریکا بەهۆی تێوەگلانی ئێران لە شەڕ لە دژی هێزە ئەمریکاییەکان لە عیراقدا هێرشی سەربازی بکاتە سەر هێندێک بنکە لە ئێران. بەڵام ڕۆبێرت م. گەیتس وەزیریی ئەوکاتی بەرگری بەپشتیوانیی ستادی فەرماندەیی هاوبەش لە بەکاربردنی ئەو بژارە پاشگەز بۆوە و ئەوەش لە ڕێگای پێداگرتن لەسەر ئەوە کە چێنی ڕوونی بکاتەوە کە هەنگاوێکی لەم چەشنە چ ڕەوتێکی بێگەڕانەوەی گرژی لە ناوچەدا بەدووی خۆیدا دێنێ.ئەوە کە بۆچی پێشنیارەکەی چێنی قەناعەتی بە پێنتاگۆن و ستادی هاوبەش نەهێنابوو لەبەر ئەوە بوو کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران وەک جاران بێ دەرەنجام نەدەبوو. ساڵی ٢٠٠٧، هەر جۆرە هێرشێک بۆ سەر ئێران دەبووە هۆی ئەوە کە پاپۆڕە نیزامییەکانی ئەمریکا لە کەنداودا بەهۆی مووشەکە دژە پاپۆڕەکانی ئێران زیانی زۆریان پێ بگا.

لە کۆتاییدا دەبێ بزانین کە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران پێش ئەوەی بەرهەمی بیری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ، هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوون و بەرژەوەندییانە بووە کە لە چوارچێوەی بنیاتی دائیمیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا بڕیاری لەسەر دراوە. ئەگەر ئەمە لەلایەک دەستەبەری ئەوەی کردووە کە ئەمریکا بەردەوام سیاسەتێکی نەیارانەی لەدژی ئێران هەبێ، لەلایەکی دیکەوە ئەنجامەکەی ئەوەیە کە سیاسەتی لەمەودوای ئەمریکاش لەجیاتی ئەوەی لەژێر سەرۆکایەتیی ترامپدا گۆڕانێکی ڕادیکاڵی بەسەردا بێ، لەسەریەک درێژەی هەمان سیاسەتی پێشوو دەبێ.

ئیسلامی سیاسی

[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]



حەسەن حاتەمی

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێراندا(بەشی شازدەیەم)

### پاشماوەی وتاری «احمد رشیدی مطلق»

بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی ١٥ ی جۆزەردان و نەخشی پاڵەوانانەی ئەو[ئا. خومەینی]، سەرنج دان بە نێوەرۆکی ڕاپۆرتێک و ڕاگەیاندراو و وتوویژێک، یارمەتیدەرێکی باش دەبێ. چەند حەوتوو دوای گێرەشێوێنی ١٥ ی جۆزەردان، ڕاپۆرتێک لەلایەن ئۆپێک بڵاوکرایەوە کە لەودا، هاتبوو: «داهاتی دەوڵەتی ئینگلیس لە نەوتی ئێران چەند قات پترە لە کۆی گشتی داهاتەکانی ئێران.»

چەند ڕۆژ پێش گێرەشێوێنییەکە لە تاران ئاشکرا بوو کە کێشە خوڵقێنێکی عەرەب، بە ناوی «محمد توفیق القیسی» بە چەمەدان (جانتا) یەکی ١٠ میلیۆن قرانی پووڵی نەقدەوە لە فڕۆکەخانەی مێهرئاباد گیرا. قەرار وابوو ئەو پووڵە لە ئیختیاری کەسانێکی تایبەت دابنرێ. چەند ڕۆژ دوای ئەو گێرەشێوێنییە، سەرۆک وەزیری ئەوکات، لە وتوویژێکی چاپەمەنی دا، ئاشکرای کرد و گوتی: «بۆ ئێمە ڕوونە کە پووڵێک لە دەرەوە ڕا هاتووە و بەدەست کەسانێک گەیشتوە بۆ بەڕێوەبەری نەخشەی چەپەڵ و لەنێو داروودەستەی جۆراوجۆر دا، دابەش دەکرا.»

بەخۆشییەوە شۆڕشی ئێران سەرکەوت. دواین بەربەرەکانی ملکدارانی گەورە و بەکرێ گیراوانی توودەیی تێک شکان و ڕێگا بۆ پێشکەوتن و گەشەی بەرز و بەڕێوەبەری بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە مێژووی ئێران دا، خۆش بوو. لەمێژووی ئێران دا، ڕۆژی ١٥ی جۆزەردان وەک بیرەوەرییەکی زۆر ناخۆش لە لایەن دوژمنانی میللەتی ئێران دەمێنێتەوە و بەمیلیۆن مسوڵمانی ئێرانی وەبیریان دێتەوە کە چۆن دوژمنەکان هەرکات قازانجەکانیان یەک بگرێتەوە، هاوپەیمان دەبن. تەنانەت لە جلوبەرگی موقەدەس و جێی ڕێزی رووحانی دا.١

### کێ ئەو وتارەی نووسیبوو؟

لەسەر نووسینی ئەو وتارە، ماوەیەکی زۆر دەمەتەقە هەبوو. لەم بارەیەوە قامک بۆ داریووشی هومایون - وەزیری ئەو کاتی ئیتلاعات و سیاحی- درێژ دەکرا. چونکە ئەو وتارەکەی بۆ دەفتەری ڕۆژنامەی ئیتلاعات بردبوو. بەڵام پاشان بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت کە کەسێک بەناوی «فرهاد نیکوخواە« – کە لە ساڵی ١٣٤٣ وە، ڕاوێژکاری چاپەمەنیی و فەرهەنگیی «هویدا» سەرۆک وەزیر -١٣٥٥-١٣٤٢- بوە و پاشان کە هویدا دەبێتە وەزیری دەربار، نیکووخواە لەگەڵ خۆی دەبا و لەوێ کاری پێ دەسپێرێ. ناوبراو- کە لیسانسی علوومی سیاسیی لە زانستگای تاران وەرگرتبوو- ماوەیەک سەرۆکی پێوەندییە گشتییەکانی بونیادی پەهلەوی و یەکێک لە بەرنامەداڕێژەرانی جێژنەکانی ٢٥٠٠ساڵەی شاهنشاهی بوو.

لێکۆڵەرێکی ئەمریکایی بە ناوی جێمز ئا. بیل جگە لە دەستووری شا لە نووسینی ئەو وتارە دا، ناکۆکیی نێوان هووەیدا، وەزیری دەربار و جەمشیدی ئاموزگار – سەرۆک وەزیری ئەو کات لە خەرمانانی ١٣٥٦ هەتا خەرمانانی ١٣٥٧- بە هۆیەکی گرینگی نووسینی ئەو نامەیە لە قەڵەم دەدا.

کەسێکی دیکە بەناوی «احمد علی مسعود انصاری» لە بیرەوەری خۆی دا، سەبارەت بەو وتارە دەنووسێ: خەلعەتبەری – وەزیری دەرەوەی ئێران- لە باڵوێزخانەی ئێران لە عێراق ڕاپۆرتێکی پێگەیشتبوو کە ئایەتوڵڵا خومەینی بە شێوەیەک مەسەلەی سەڵتەنەتی بە ناشەرعی زانیوە... و شا لە پێگەیشتنی ئەو ڕاپۆرتە زۆر نارەحەت دەبێ و دەستوور بە وەزیری دەربار دەدا، بە دژی ئەو بۆچوونە بابەتێک بنووسرێ و لە ڕۆژنامەکان دا، بڵاوبکرێتەوە. (٢)

ئەو بۆچوونانەی ئاماژەیان پێکراوە، سەرچاوە ئێرانییەکانن، کە هەردووکیان لایەنگری ڕێژیمی سەڵتەنەتی بوون، بۆیە ڕووداوەکە لە چوارچێوەیەکی تەسک دا، دەبینن. بە قەولێک ئەسڵی مەسەلە «دیزە بە دەرخۆنە دەکەن.» و بە نووسراوەیەکی لەو جۆرە خۆڵەمێش لە سەر ژیلەمۆیەکان ئەستوور و ئەستوورتر بکەن و دەسەڵاتی کوودێتایی بۆ ماوەیەکی زۆر دوور داسەپێنن!؟

بەڵام لە ڕاستی دا، زوڵم و زۆری دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیمی کوودێتایی پەهلەوی دووهەم، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکانی بەڕایی لە ئێرانی وەزاڵە هێنابوو. لەبەر نەبوونی دیموکراسی و ئازادی سیاسی بەگشتیی و نکوولی لە بوونی نەتەوە نافارسەکان و پێشێلکاری بەردەوامی مافەکانیان بەتایبەتی و ئیمتیاز (ڕانت) دانی بەربڵاو بە شاپەرستان و ڕێژیم ویستان؛ تەنانەت تەحەمول نەکردنی فەزای چەند حیزبی دەوڵەتی – لەچوارچێوەی دەسەڵات دا- کە لە پێشووش دا ئاماژەیان پێکرا- ئەوانە بەشێک لە ویست گەلێک بوون کە لە نێو دڵی خەڵکانی ئێران دا، پەنگی خواردبوەوە و چاوەڕوانی چەخماخەیەک بوون، کە بەو وتارە لێدرا.

### شاپووری بەختیار، دوایین هەل

لە ٢٢ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٦ دا، سێ کەس لە ڕێبەرانی جەبهەی میللی، دکتور شاپوور بەختیار، دکتور کەریم سەنجابی و داریوش فروهەر، نامەیەکی گرینگ و سەرئاواڵەیان بۆ شا نووسی و داوای لێدەکەن: بۆ نەجاتی وڵات، کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی بێنێ و ڕێز بۆ ئەسەڵەکانی مەشرووتییەت دابنێ و زیندانیی و دوورخراوەکانی سیاسی ئازاد کا و... ئەوکات هێشتا ئا. خومەینی سیمای سەرەکی شۆڕش نەبوو. (٣) بەڵام شا قبووڵی نەکرد. وڵامەکەی گوشار هێنان بۆ نووسەرانی نامەکە و زیندانی کردنیان بوو.

لە ١٥ ی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٧ دا، کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لەوپەڕی پەرەگرتوویی دابوو، شا لەگەڵ بەختیار چاوپێکەوتنێکی تایبەتیان ئەنجام دا. شا داوای لە د. بەختیار کرد پۆستی سەرۆک وەزیری قبووڵ بکا. بەختیار لەگەڵ شا پێک هات کە بۆ کابینەکەی دەنگ لە مەجلیسی سەنا وەربگیرێ. ساواک هەڵوەشێ. زیندانییەکانی سیاسی ئازاد بکرێن. مەرجەکانی چاپەمەنی ئازاد بێنە ئاراوە و هەنگاوەکانی چاکسازی دەست پێبکەن. بەو مەرجانە بەختیار سەرەڕای موخالیفەتی جەبهەی میللی، سەرۆک وەزیری پەهلەوی دووهەمی قبووڵ کرد. هاوڕێیانی بەختیار لە جەبهەی میللی پێش ڕاگەیاندرانی بە سەرۆک وەزیری، ئەویان دەرکرد. (٤)

بەختیار بەڵێنی لە شا وەرگرتبوو، ئێران بەجێ بێڵێ و پووڵ و سەروەتەکەی بە قازانجی دەوڵەت، کەڵکی لێوەرگیرێ. شا و فەرەح – شا ژن- لە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٥٧دا، ئێرانیان بەجێهێشت. ئەو وەزعە بەگشتی پتر بە قازانجی ئیسلامییەکان شکایەوە.

دوای بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیری لە لایەن د. بەختیار، بیری ئیسلامی سیاسیی ململانێی لەبەرانبەر هێزە میللی و چەپەکان دا، بردەوە. چونکە، زۆربەیان پشتیوانی‌یان لە ئا. خومەینی کرد.

هەرچەند بەختیار گوتبووی: «مەترسی سەرەڕۆیی دینی فاشیستی ئاخوندەکان لە گرووپی نیزامییەکان تاریکترە. هەروەها بەڵێنی دروست کردنی ڤاتیکانێکی دا، کە ڕووحانییەکان دەتوانن، حکوومەتی خۆیان هەبێ.»(٥) بەڵام بەداخەوە زۆر دەرنگ ببوو.

هەروەها، کۆنفڕانسی٣ ڕۆژەی گوادێلۆپ بە هەوڵی ژیسکاردێستەن – سەرکۆماری ئەوکاتی فەڕانسە لە ١٤ هەتا ١٧ ی بەفرانباری ١٣٥٧ گیرا. کارتێر، سەرکۆماری ئەمریکا، کالاهان، سەرۆک وەزیری ئینگلستان و هێلمۆت شمیت، سەدری ئەعزەمی ئاڵمانی فێدڕاڵ – لەو کۆنفڕانسەدا، بەشدار بوون. بێ ئومێدی بە حکوومەتی بەختیار، نەگەیشتن بە شێوەیەک سازان لە لایەن ئا. خومەینی، د. بەختیار و ئەرتەش، لە ئاکام دا، ئەویش بە قازانجی ئیسلامییەکان شکایەوە.

بیر و کردەوەی دیواری سەوز لە بەرانبەر مەترسی سوور و یەکیەتیی سۆڤیەتی لە شەڕی سارد دا، کە ڕووداوەکانی ئەفغانستان- کوودێتای «ثور» و - دەستتێوەردانی ڤیتنام لە کامبۆج هەردووکیان لە ١٣٥٧ دا، کاریگەری خۆیان لەسەر فەزای سیاسی ئێران هەبوو.

سەرچاوەکان
١- رشیدی احمد مطلق، شنبە ١٧ دیماه ١٣٥٦/ ٧ ژانویە ١٩٧٨، روزنامە اطلاعات.
٢- شاهدی مظفر، سایت مؤسسە مطالعات تاریخ ایران، صفحە اصلی، بخش مقالات.
٣- متن نامە سرگشادە سە امضا بە محمد رضا شاە در ٢٢ خرداد ١٣٥٦، سایت، جنبش سکولار دموکراسی ایران.
٤و٥- شاپور بختیار، سیاستمداری کە بختیار نبود. د. عباس میلانی، سایت، بی بی سی فارسی، دوشنبە ٨ اوت ٢٠١١ بەروز شدە.

سیاسی

# نیسێی دروشمەکانی شۆڕشی ٥٧ بەسەر ٣٨ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا



عەلی بداغی

٣٨ ساڵ لەمەوبەر لە ئێران دەسەڵاتی پاشایەتیی حەمەڕەزای پەهلەوی بەهۆی شۆڕشێکی جەماوەری تێکەوەپێچرا. شۆڕشێک کە زۆر لە کۆمەڵناسان و چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە دەکرا بە کرانەوەی سیاسیی زیاتر خۆی لێ ببوێری؛ بەڵام ئەو شەپۆلە بە دروشمەکانی پێکهێنانی گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و ماف و ئازادییەکانیان نیزامی سیاسیی ئێرانی لە بنی‌ڕا گۆڕی.

ئەوە کە ئەوانەی ئەو شۆڕشەیان سەرخست بە چی گەیشتن و ئێستا لە کوێن؛ یان دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە بۆ خەڵک بوو یان ڕژیمی جێگرەوەی پاشایەتی لە هەمبانەی خۆی هاویشت باسێکە هەموو کاتێ لە ساڵیادی ئەو ڕووداوە مێژووییەدا دێتە گۆڕێ. سەرەتا با بزانین ئەم شۆڕشە بە کام دروشم سەرکەوت و هەر هەمان ئەو دروشمانەی ڕژیمی پاشایەتییان پێ ڕووخا ئێستا بە دەست کێ‌وە بەرز دەکرێنەوە؟

دیموکراسی، کرانەوەی سیاسی، نەهێشتنی گەندەڵیی، دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵگای هەژار و دەوڵەمەند، دەستەبەری ژیانێکی ئاسوودە لەسەر بنەمای وەدیهێنانی مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵە ئامانجێک بوون کە ئەو کات زۆربەی هێزە سیاسییەکانی لە دەوری یەک کۆکردنەوە هەتا ڕژیمی پاشایەتیی پێ بڕووخێنن و نیزامی سیاسیی نوێی لە جێ دابنێن.

ئێستا کە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکەش یادی هاتنەسەرکاری خۆیان دەکەنەوە، ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا سەرکەوتوو بوو؟

ئەگەر گۆڕینی نیزام بە دەرکەوتەی سەرەکیی ئەو سەرکەوتنە دابنێین بەڵێ سەرکەوتوو بوو، چونکە ڕژیمی پاشایەتیی پەهلەویی ڕووخاند و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هێنایەسەر کار؛ بەڵام بە وردبوونەوە لە دروشم و ئامانجەکانی شۆڕش و ئەوەی نیزامی سیاسیی نوێ بە کردەوە کردی، نەخێر، ئەو شۆڕشە خەڵکی نەک هەر بۆ پێشێ نەبرد بگرە دەیان ساڵی بۆ دواوە ڕادا.

سەرکوتی ماف و ئازادییەکان لەلایەن ڕژیمی تازە پێش هەموو شتێک حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی گرتەوە و لە ماوەی یەک دوو ساڵدا هەر هەموو هێزە سیاسییە ڕەخنەگرەکان و دژبەرانی رژیم سەرکوت‌کران و هەمووی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران وەدەرنان.

٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق بەهەموو وێرانی و ماڵوێرانی و قوربانییەکانی کە لەسەر پێداگریی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی درێژەی پێدرا و، ئێعدامی بە هەزاران زیندانیی سیاسی بەشێکی دی لە



دیاری و دەسکەوتەکانی ئەو رژیمە لە دەیەی یەکەمی حاکمییەتی خۆیدا بوو و؛ بێکاری، هەژاری، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەیان قەیرانی کۆمەڵایەتی لە تەنیشت سەرکوتی ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی ئێران دەرکەوتەکانی دیکەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە سێ دەیەی دواتری حوکمڕانییەکەیان بەسەر ئێران‌دان.

ئەگەر لە نیسێی دروشمەکانی ئەو کاتەوە بۆ دۆخی ئێستای ئێران بڕوانین، دەبینین کە سەربەخۆیی سیاسیی ڕژیمی پاشایەتی لە ئی کۆماری ئیسلامی زیاتر بوو. لە سۆنگەی حوکمڕانیی ئەو ڕێژیمەوە زیاتر لە ٨ میلیۆن کەسی خەڵکی ئێران وڵاتیان جێهێشتوە، لە نێوخۆی وڵاتیش ئەگەر ڕێژەی حەشیمەت لە چاو کاتی شۆڕش زیاتر لە دوو بەرابەر زیادی کردوە، بەڵام ژمارەی بەندیخانە و بەندییەکان دەیان هیندەی ئەو کاتن.

هەژاری گرینگترین دەرکەوتەی دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێرانە و ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. لە وڵاتێکدا کە لە ریزی سێهەم وڵاتی خاوەن نەوت و گاز و وزەی دنیایە، ڕۆژ بە ڕۆژ خەساری کۆمەڵایەتیی نوێ سەرهەڵدەدا کە «گۆڕخەو»ەکان نوێترینی ئەو دیاردانەن.

بەگشتی بەراوردی دۆخی ژیان و بژیوی خەڵک، کۆمەڵێک پێوەری وەک نرخی گەشەو هەڵدانی ئابووری، داهاتی سەرانە، ئاوسان، گەندەڵیی بۆرۆکراتیک و دەیان پێوەری دیکە پێمان دەڵێن شۆڕشی ساڵی ٥٧ کۆمەڵگای ئێرانی لە ڕووی ئابوورییەوە بەرەوپێش نەبردوە. سەرکوتی ئازادییە سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و ئایینییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش بەبەراورد لەگەڵ ئەو کات پێمان دەڵێن لە نێوان ئەوەی خەڵک خوێنی بۆ دا و ئێستاش تێچووی زۆری بۆ دەدا، لەگەڵ ئەوەی دەستی کەوتوە مەودا زۆرە.

گەندەڵیی حکومەتیی ئێستا بەبەراورد لەگەڵ نیزامی پاشایەتی شتێک نییە بە بەری یەکتر بگیرێن، سامانیی شەخسیی «حەمەڕەزا شا» و سامانی شەخسی خامنەیی قەت ناچنە تای تەرازوویەکەوە، کەسانی دەوروبەری حەمەڕەزا شا هیچ کات بە قەت کەسانی دەوروبەری خامنەیی سامانی گشتیی خەڵکی ئێرانیان پاوان و بە تاڵان نەبردوە و لەلایەکی دیکەوە ڕژیمێک کە بە دروشمی نەهێشتنی گەندەڵی هاتەسەر کار، ئێستا خۆی گەندەڵترین نیزامی حوکمڕانییە و کاربەدەستانی ئەو ڕژیمە گەندەڵترین کەسن لە جیهان‌دا. ئەوە نە تۆمەتە و نە پڕوپاگەندە، هەرچەند مانگ لەوە پێش مەحموود سادقی، نوێنەری تاران لە مەجلیس لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیس‌دا ڕایگەیاند: «دوای ٣٨ ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژیمی پاشایەتی، گەندەڵیی سیستماتیک لە ئێران زۆر زیاتر لەو سەردەمەیە«. ڕێکخراوی جیهانیی شەفافییەتیش دەڵێ ئێران لە پلەی ١٣٦ی «پێوەرەی گەندەڵی»ی جیهاندا جێی گرتوە.

خەڵک شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی بۆ ماف و ئازادییەکانی کرد، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ حوکمی ئێران دەکا خەڵکی لە هەموو ماف و ئازادییەکانی بێبەش کردووە، بە زەبری چەک ئەوانی سەرکوت و دەمکوت کردوەو، بە مانایەکی دی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە هەموو چووەتە گیرفانی حاکمییەتەوە.

ساڵیادی شۆڕشی ١٣٥٧، دەرفەتێکە بۆ بیرکردنەوە و ڕامان لەوەی کە ئایا خەڵک هەر دەیانویست «شا و سێبەری خودا لەسەر زەوی» لە عەرشەوە داگرنە خوارێ و بەجێی ئەو ڕێگە بدەن «ڕێبەر و نوێنەری خودا لەسەر زەوی» لەسەر تەختی خونکاری جێی بگرێتەوە؟ خەڵک لەو ٣٨ ساڵەدا کە زۆرترین زەبریان لەو رژیمە خواردووە هەر خۆشیان یارمەتیی بەهێزتربوونی ڕژیمیان نەداوە؟ بڵێی دڵخۆشکردن بە ئیسلاحات، ئەویش ڕیفۆرم و گۆڕان لە حاکمییەتدا لەجێی خۆیدا بێ، بە تایبەت کە بزووتنەوەی ئیسلاحات و ڕیفۆرمخوازەکانیش تاقیکاریی خۆیان داوە. هاوکات ئایا چاوەڕوانیی گۆڕانکاری لە دەرەوەی سنوورەکان و پشتبەستن بە هێزی دەرەکی دەتوانێ بژێرەیەکی باش بێ، بە تایبەت کە ئەگەرێکی دوورە دەستە؟ ئایا مێژووی شۆڕش تەواو بووە یان هەمیسان پێویست بە ڕاپەڕینێکی دیکە دەکا. ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک چۆن دەتوانێ گۆڕان لە نیزامی سیاسیی وڵاتی لێبکەوێتەوە و ئەو ناڕەزایەتییانە چۆن و لەلایەن کێ و کام لایەنەوە دەبێ ڕێکبخرێن؟

---

ڕوانینی دەرەکی

# ئابلۆقەکانی ئێران: ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵەکان بە دژی «پاڵەوانی» تیرۆر چڕ دەکاتەوە

گاردیەن — سایمۆن تیسداڵ
وەرگێڕان : کەمال حەسەنپوور

سەپاندنی ئابلۆقەی نوێ بە سەر ئێران دا، تەنیا دوو حەوتوو پاش بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما، ترسی ئەوەی دروست کردووە کە ترامپ بە ناوزەدکردنی تاران وەک «پاڵەوانی» تیرۆری جیهانیی بە دوای ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نوێ دا دەگەڕێ.

ئێران بە تووڕەیی بەرپەرچی ترامپی داوەتەوە و ئەوی بە کەسێکی بێ ئەزموون و مەترسیدار ناوبردووە. سوپای پاسدارانی ئێران وتوویەتی کە یەکە سەربازییەکانی، ڕۆژی شەممە مانۆڕێکی مووشەکیی بەڕێوەدەبەن تا «ئامادەیی تەواو بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڕەشەکان و ئابلۆقەی سووکایەتیی کەر» نیشان بدەن.

> ” لە هەمانکات دا هەڵوێستێکی ستراتێژیکی نوێ خەریکە گەشە دەکا. نیشانەکانی ئەو لە لێدوانەکانی جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەماوەی سەردانەکەی بۆ تۆکیۆ دەردەکەون. ئەو وتی «ئێران گەورەترین پشتیوانیی دەوڵەتیی تیرۆریسم لە جیهانە» “

بەڵام وێدەچێ، ئەو گومانانەی کە ترامپ خەریکە یەکلایەنە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ٤ ئەندامی نەگۆڕی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا لە ٢٠١٥ واژۆیان کرد، بدڕێنێ یا دەور لێداتەوە، وەڕاستی نەگەڕێن.

وێدەچێ دوورە دیمەنی چڕ کردنەوەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ لێدانی مۆری بنکەی جیهانیی و گەورەترین پشتیوانی تیرۆر لە ئێرانی شیعە، ئەوە بێ کە کۆتایی بە نفووزی پەرەئەستێنی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێنێ. «بەرەی شەڕ» پێکهاتووە لە ئێراق، سوریا، ئەفغانستان، بەحرەین، لوبنان و یەمەن، ئەو شوێنانەی کە ئێران شەڕی بە وەکالەت لە گەڵ ڕەقیبی سوننەی خۆی، عەرەبستانی سعوودی، دەکا.

دژایەتیی ترامپ بەرامبەر ئێران دوای بانگەشەکانی هەڵبژاردن، کە ئەو ئیشارەی پێ کردبوو، کەم نەبوەتەوە. یاساغ کردنە بەدناوەکەی سەرکۆماری ئامریکا لەمەڕ سەفەر بۆ ئەو وڵاتە کە لە دژی ٧ وڵات کە زۆرینەی حەشیمەتەکەیان موسوڵمانە هاووڵاتیانی ئێرانیش دەگرێتەوە. حەوتووی ڕابردوو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترامپ، مایکل فلین بە توندی تاقیکردنەوە «نایاسایی‌یەکەی» مووشەکی بالستیکیی ئێرانی ئیدانە کرد. فلین وتی کە ئێران لە ژێر «چاوەدێریی» دایە و ڕەفتارەکەی جێگای ڕەزامەندیی نیە. ئەو هەروەها وتی«ڕۆژانی چاو نووقاندن لە بەرامبەر کردارە دوژمنکارانە و شەڕەنگێزانەکانی ئێران لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای جیهانیی بەسەر چووە».

ئەو ئابلۆقانەی کە ڕۆژی هەینی ڕاگەیەنران تا رادەیەکی زۆر سەمبولیکن. کۆشکی سپی دەڵێ، ئەوانە تەنیا دەستپێکن و ئەوان پێداچوونەوەیەکی ستراتێژیکی‌یان لە سیاسەتیان‌دا بەرامبەر بە ئێران کردووە. بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی نوێ دەزانێ کە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە تووشی بەرهەڵستکاریی توندی واژۆکەرانی‌تر دەبێ. لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕەدان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەجێی ئەوە، هەوڵ دەدا کە ڕێککەوتننامەکە لە ڕێگای داسەپاندنی چاودێریی سەختتر و دانانی بەربەستی زیاتر، بەهێزتر بکا.

لە هەمانکات دا هەڵوێستێکی ستراتێژیکی نوێ خەریکە گەشە دەکا. نیشانەکانی ئەو لە لێدوانەکانی جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەماوەی سەردانەکەی بۆ تۆکیۆ دەردەکەون. ئەو وتی «ئێران گەورەترین پشتیوانیی دەوڵەتیی تیرۆریسم لە جیهانە»، ڕاستییەک کە بە وتەی ناوبراو نابێ پشتگوێ بخرێ یا ڕەت بکرێتەوە. مەتیس لە لێدوانەکەی دا حەوتووی ڕابردوو بە تایبەتیی جەختی لەسەر پشتیوانیی ئێران لە شیعە «تێرۆریستەکانی» حووسی لە یەمەن کردەوە و ئیددیعای کرد کە ئێران لە پشت هێرشەکان بۆ سەر پاپۆڕە جەنگییەکانی عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکایی بووە.

هەمووی ئەوانە هاوتەریبی ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ترامپن: شەڕ لە دژی تیرۆر، پشتیوانیی بێ ئەملاو ئەولای ئێران لە بەشار ئەسەد سەرکۆماری سوریا، لەگەڵ ناردنی یەکینەی شەڕکەری سەر بە ئێران و جەنگاوەرانی هاوپەیمانەکەی واتە حیزبوڵڵای لوبنان، کە دەسکەوتی بێ هاوتای بۆ دەستەبەر کردوون. ئەو سەرکەوتنانە ئەگەری

> ” ویلایەتەیەکگرتووەکان ڕێکخراوی حیزبوڵڵای وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسە کردووە. هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خەلیج، بە تایبەتی عەرەبستانی سعوودی نیگەرانە “

دروست بوونی هیلالێکی دەسەڵاتی بۆ هێناونە ئاراوە کە لە ڕۆژئاوای ئەفغانستانەوە تا ڕۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە دەگرێتە خۆ.

ویلایەتەیەکگرتووەکان ڕێکخراوی حیزبوڵڵای وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسە کردووە. هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خەلیج، بە تایبەتی عەرەبستانی سعوودی نیگەرانە. حاکمانی سوننی بەحرەین، کە بەسەر زۆرینەی شیعەدا حکومەت دەکەن، لە هەوڵە شاراوەکان بۆ تێکدانی سەقامگیریی هەراسانن. حەوتووی ڕابردوو ترامپ لەگەڵ شا سەلمان، شای سعوودی، قسەی کرد.

ترامپ قەرارە ١٥ی مانگی فێوریە چاوی بە بێنیامین ناتانیاهوو بکەوێ. سەرۆک وەزیری توندڕەوی ئیسرائیل دەمێکە باس لە مەترسیی حەیاتیی لە لایەن ئێرانەوە دەکا. ئیسرائیل جار لە دوای جار لەبارەی پشتیوانیی ئێران لە حەماس و گرووپە تیرۆریستییەکانی‌ترو لەبارەی قاچاخی چەکوچۆڵ بۆ ناو لوبنان و سووریا سکاڵای کردووە. چاوەڕوان دەکرێ کە ناتانیاهوو بە شەوق‌وزەوقێکی زۆرەوە پشتیوانیی لە هەڵوێستە سەختەکەی ترامپ بکا.

هەروەها سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، تێرێزا مەی، لە پشت هەمان هەڵوێستە. لە لێدوانێکی لەم دواییانەدا ئەو باسی «نفووزی تێکدەرانەی» ئێرانی کرد. مەی، هەروەک ترامپ بە شێوەیەکی دەگمەن باسی لە پشتیوانیی قورس و قایمی لە ئیسرائیل کردووە. بەڵام وڵاتە گرنگەکانی یەکیەتیی ئورووپا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە متمانە بە ڕێبەری ویلایەتە یەکگرتووەکان ناکەن، ئەو هەڵوێستەیان نیە.

سیاسەتە چاوەڕوانکراوەکەی ترامپ لە دژی ئێران چ فۆرمێکی دەبێ؟ لەوانەیە ئابلۆقەی زۆرتر بخرێتە سەر کەرتی بانکداری و دارایی، زیاتر کردنی فرۆشی چەکوچۆڵ و پشتیوانیی ئاشکرای سەربازیی بۆ هاوپەیمانەکان لە ناوچە، حزووری چڕتری هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خەلیج، یا چالاکیی شاراوەی هێزە تایبەتییەکانی وەک ئەو چالاکییە ناسەرکەوتوویەی کە حەوتووی ڕابردوو لە یەمەن بەڕێوە چوو. ترامپ هەروەها لەوانەیە یاساغ کردنی سەفەری ئێرانییان (بۆ ئامریکا) بکاتە هەتا هەتایی.

بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکان لە کاتێکی ئاستەم لە ئێران‌دا دێنە ئاراوە. لە بەهاری داهاتوودا هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوە دەچێ. دوژمنایەتیی ئەمریکا دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێزترکردنی توندڕەوە نەریت پەرەستەکان. ئەوکات نیگەرانییە ناوچەییەکان خۆبەخۆ ئامانجەکانیان دەپێکن.

ترامپ کارتێکی دیکەشی بۆ کایە کردن پێیە. ئەگەر ئەو لە ئامانجە جێی موناقشەکەی لە مەڕ باشتر کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین سەرکەوتوو بێ، لەوانەیە ترامپ لە کەم کردنەوەی فرۆشتنی مووشەک، یارمەتیی ناوەکیی و هاوکاری سیاسیی (ڕووسیە) لەگەڵ تاران، سەرکەوتوو بێ. بە لەبەر چاو گرتنی مێژووی تاڵی داگیرکاری لە لایەن زلهێزەکانەوە، ئێران بەڵگەی باشی هەن کە لە گەمارۆدران بترسێ. ئەگەری دروست بوونی بەرەیەکی ئامریکایی-ڕووسی هەڕەشەیەکی وەهایە.

کوردستان
ڕۆژنامەی ● ژمارە: ٦٩٨


ئابووری



# ئابووری ئێران: لە نێوان دۆخی ئارایی و ئامارەکاندا

**ئەیووب شەهابیراد**

حەسەن ڕوحانی لە ڕێوڕەسمی بیست و دووی ڕێبەندان، وێڕای ئاماژە بە ئاستی گەشەکردنی ئابووری ئێران لە بواری (تەولیدی ناخالیسی نێوخۆیی)، وتی کە ئەمە یەکێکە لە دەسکەوتەکانی کابینەکەی و هەروەها نیشانەیەکە بۆ دەربازبوونی ئابووری ئێران لە نوشست. لەم پێوەندییەدا هەم سەرچاوە فەرمییەکانی ڕێژیم و هەم ڕێکخراوە ئابوورییە نێونەتەوەییەکان باس لە ئاستی گەشەکردنی (تەولیدی ناخالیسی نێوخۆیی) لە ساڵی ۱۳۹۵ بە ڕێژەی سەتا ۷،٤ دەکەن. هەر لەم پێوەندییەدا ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ئێران (٧،٢٪)، سندووقی نێونەتەوەیی پارە (٦،٦٪) و بانکی جیهانی (٥،٢٪) ئاماری جیاوازیان بۆ گەشەکردنی ئابووریی ئێران لەمساڵدا باس کردبوو بەڵام هەموویان لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئاماژەیان بە ئاستێکی باش لە گەشەکردن کردبوو.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ئامارە جیاوازانە، دەبینین کە زۆربەی پێشبینییەکان باس لە بەرزبوونەوەی پێوانە سەرەکییەکانی ئابووری ئێران دەکەن. بە تایبەت ئەگەر ئەم ژمارانە لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەراورد بکەین، بۆ نموونە ئاستی گەشەی ئابووری لە نێوان ساڵەکانی ۱۳۹۱ تا ۱۳۹٤ لە نێوان (کەم ٦،٨٪، کەم ١،٩٪، ٣٪ و ٣،٠٪) هەر لە ژێر سفرەوە بووە. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆنە ئابووری ئێران لە دۆخێکی تەواو داتەپیوی وەک ساڵانی پێشوو لە ناکاو ئاستێکی پێوانەیی تۆمار دەکا، بەڵام چ لە ڕووی لێکدانەوەی چالاکانی ئابووری و چ لە ڕووی گۆڕان لە ژیان و گوزەرانی خەڵکدا هیچ هەستی پێ نەکراوە؟

دوو فاکتی سەرەکی، یەکەم: بنەما زانستییە ئابوورییەکانی ئەم ڕێژەیە لە گەشەی ئابووری، دووهەم گشتگیربوونی ئەم گەشەیە، واتە ئەو پانتاییە جوغرافیاییەی کە ئەم گەشەسەندنە لەخۆ دەگرێ، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەم جۆرە ئامارانە.

وڵاتێک کە خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاسایی ئابووری بێ، بەرزبوونەوەیەک بەم ڕێژەیە لە گەشەسەندن ناتوانێ بێدەنگی لێ بکرێ یان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی کارو پیشە و ژیانی ئابووریی ڕۆژانەی خەڵک نەبێ. لانیکەم ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، هەموو تواناکانی خۆیان وەگەڕ دەخەن و تەنانەت ناوەندی نوێ دروست دەبێ، دامەزراندنەکانی زیاد دەبن و توانایی کڕینی خەڵک بەرز دەبێتەوە، کڕین و فرۆشتنی خانوو وەگەڕ دەکەوێتەوە و کەرتی دروستکردنی خانوو و بینا دەگەشێتەوە. بەڵام لە دۆخی ئارایی ئابووری ئێراندا هیچ نیشانەیەک لەم گۆڕانکارییانە نیە، واتە نوشست لە هەموو بوارەکانی ئابووریدا هەروا لە ئاستێکی نزم دایە. بەڵام هۆکاری شاراوە مانەوەی ئەم گەشەسەندنە پێوانەییە لە چی دایە؟ ئایا سەرچاوەکانی ڕژیم ئاماری هەڵە بڵاو دەکەنەوە، یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەڵسانگاندنی دۆخی ڕاستەقینەی ئابووری ئێران تووشی هەڵە بوون؟

ئاستی گەشەسەندنی ئابووری هەم لە کورتخایەن و هەم لە درێژخایەندا بە تەنیا ناتوانێ ئاماژەیەک بێ بۆ گۆڕانێکی ئەرێنی ڕاستەقینە یان جێگیر لەبارودۆخی ئابووریدا. چونکە لە پەنا چەندایەتی (بەرزبوونەوەی تەولیدی ناخالیسی نێوخۆیی) پێویستە چۆنایەتیی گەشەسەندنیش لەبەرچاو بگرین و تەنانەت دەتوانین بڵێین کە چۆنایەتی گەشەسەندن لە چەندایەتییەکەی گرینگترە.

چۆنایەتی هەر گەشەسەندنێکی ئابووری لە ئاستی هەر وڵاتێکدا، هێندێک دەرئەنجامی درێژخایەنی وەک باشبوونی دۆخی گشتی کارو پیشە، بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان، سەرمایەگوزاری و بە شێوەیەکی گشتی دروستبوونی هاوسەنگییەک بۆ کەڵک وەرگرتنی هەموو هاووڵاتیان لە ئاکامەکانی ئەم گەشەسەندنەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەم جۆرە ئامارەی کە لە ئێستادا لە پیوەندی لەگەڵ دۆخی ئابووری ئێراندا بڵاو بوەتەوە، گەشەسەندنێکی تەواو ناجێگیرە.

دوای چەند ساڵ هاتنە سەرکاری حەسەن ڕوحانی، دەبینین هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەکانی بەرهەمهێنان و ناوەندە بازرگانییەکانی وڵاتدا ڕووی نەداوە. ئابووری ئێران هەروا لەژێر هێژمونی (دەوڵەتی سێبەر) دایە، دیوانسالاری و گەندەڵی وەک پێشوو بەردەوامە، ڕەوتی چاکسازی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک (کەرتی تایبەت، سیستەمی ماڵیات، سیستەمی بانکی، جێگیر کردنی نرخەکان، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ پێدانی یارانەی نەختی و هتد) نە تەنیا لە جووڵە خاوەکانی پێشتری خراپتر بوە بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی وەستاون.




بە پێی ئاماری ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ئێران، ئاستی گەشەکردنی بەشی بیناسازی لەم ساڵدا لانیکەم ١٥٪ پێش بینی کراوە، کە ئاماژەیەکی گرینگە بۆ بەردەوامی نوشست و قەیران لەم بەشە سەرەکییەی ئابووری ئێراندا. لێرەدا دەتوانین بەم دەرئەنجامە بگەین کە گەشەکردنی ٧،٤ دەرسەدی ئابووری ئێران، تەنیا لە ئاکامی لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان (بەرجام) و دەست پێکردنەوەی فرۆشی نەوتە. واتە پاڵپشتی سەرەکیی ئابووری ئێران دوای نزیک بە چوار دەیە دروشم گەرایی، هێشتاش تەنیا فرۆشی نەوتە. واتە لە ڕووی زانستی ئابوورییەوە ئەم جۆرە گەشەسەندنە هەم دەسکەوتێکی کاتیە و هەم ئامارێکە کە تەنیا ڕووکەشێکی لە بواری چەندایەتیەوە هەیە و هیچ گرینگییەکی بە بواری چۆنایەتی گەشەکردنەوە نەداوە یان نیە.


لە ڕووی داتاکانی ئابوورییەوە، زۆربەمان زانیاریمان زیاتر لەسەر ئەو بەشە لە جوغرافیای ئێران هەیە کە هەم دەستیان بە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی دەوڵەت ڕادەگا و هەم ناوەندە سەرەکییەکانی ئابووری لە خۆ دەگرن. بەڵام ئێمە ڕۆژانە شاهیدی گیان لەدەستدانی خەڵکانێکین کە تەنیا بۆ پەیدا کردنی بژێوی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیان، دەکەونە بەر تەقەی چەکدارانی ڕژیمەوە. ساڵانێکی زۆرە یان باشتر بڵێین هەر لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە ئێراندا، بابەتێک بە ناوی خزمەتگوزاری یان ئاوادانکردنەوەیەکی ژێربینایی لە ناوچەکانی وەک کوردستان بوونی نەبوە. ئەوەی تا ئێستاش کراوە تەنیا هەوڵێکی ڕووکەشیانە بوە کە هێندێک ئاماری لە بواری چەندایەتیی گەشەکردنەوە لە خۆ گرتوە. هەروەک دەبینین دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی هێندێک ئاماری ئابووری شاگەشکە بوون و ڕەنگە لەم پێوەندییەدا هێندێک لە ناوچەکانی ئێران لێی سوودمەند بووبن. بەڵام ناوچە دواکەوتووەکانی وەک کوردستان، نە تەنیا هیچکات لەم جۆرە ئامار و گەشەکردنانە سوودمەند نەبوون، بەڵکوو ئەو بەشە بوودجە کەمەی ساڵانە بۆ ئەم ناوچانە دیاری دەکرێ، بەشێکی زۆری دەکەوێتە بەر تیغی دزی و گەندەڵییەکانی دەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕژیم.

سەرچاوە: ماڵپەری (ڕادیۆ فەردا)

---

## مێژووی زیندوو

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ڕەحیم پەڕشەیی



**هەیاس کاردۆ**


ئێوارە درەنگانی سەرکانی، سرت و خورتی کیژۆڵان و باسی دڵداری و خەون و حەزەکانیان، لەو دیمەنە جوان و سەرنجراکێشانەی دێیە کە ئینسان لەباسکردنی تێر نابێ. هەرکە زەردەی خۆر لە کزی دەدا و تۆپە ئاگرینەکە بڕێک سارد دەبێتەوە، دەستەی نازدارانی گوند بە بیانووی هێنانی گۆزە ئاوێک ملی ڕێگا دەگرن وپاشان خۆیان لەدەوری ئاوە ڕوونەکەی کانی دەبیننەوە. لەوێ باسی دڵداری گەرمە و هەر کیژی نەشمیلی قەد باریکی چاوڕەشی بەلەنجە ولارە کە خونچەی لێوەکانی بۆ هەڵڕشتنی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی خۆی دەکاتەوە. یەک باسی قەول و قەراری خۆی دەگەڵ دۆستە کوڕەکەی دێنێتە گۆڕێ و بەئێشتیا بۆ دەستە خوشکەکەی دەگێڕێتەوە. یەک لە جێژوانی شەوی پێشووی و لەو خۆشییە دەدوێ کە بۆ یەک چرکە لێوی وەلێوی خۆشەویستەکەی کەوتووە. دووی دیکە لەولای گلەیی ئەوەیانە برا و باوکیان لەسەریان قاسیدن و ڕێگای دیتنی دڵداریان لێ بڕیون. ئەوان دەیانەوێ ڕێگای نوێ بۆ چوونە ژوان وەدۆزن. چەند جوانکیلەی دیکە لەوبەری کانی بە یەکەوە ڕاوەستاون و قاقای پێکەنینیان دەگاتە نێو ماڵان. ژمارەیەکی دیکەش لە کاتێک دا گۆزەکانیان پڕ کردوون و بڕێک لە کانی دوور کەوتوونەتەوە خەریکی باسێکی گەرم و زۆر نهێنین. هەرچەند ئەوانیش دڵیان بۆ ئەوینێکی قووڵ لێدەدا و گرفتاری ئەشقێکی شێتانەن، بەڵام باسی دڵداریی ئەو پۆلە کچە زۆر لەوانی دیکە جیاوازە. ئەوان باسی بەیەک گەیشتنێک دەکەن کە شوێن و کات و شێوەکەی لە سەر پەردەی دڵیان تۆمار کراوە و بە زمانی وەفاداری قفڵ دراوە. ژوانی ئەوان دیداری پێشمەرگەیە، ڕێگایان ڕێگای خەباتی پێشمەرگە و دامرکاندنی ئەشقی شێتانەیان بەدستەوە گرتنی چەکی پێشمەرگایەتییە،… . ئەوە دوایین ئێوارە سەرکانیی ئەو پۆلە ئەویندارە بوو. دواتر ئەوان بۆ ژوانی خۆیان چوون و لەو ڕۆژەشەوە سرتە و خورتەکانی سەرکانی مانایەکی دیکەیان پەیدا کرد.

هەستی خۆشەویستیی پێشمەرگە و تێکەڵاو بوون دەگەڵ دنیای پڕلە کارەساتی ئەو تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی بۆ ساڵانێکی زۆرە دڵ و دەروونی کچان و کوڕانی کوردی داگیر کردووە. ئەوینی گەیشتن بە مەقامی پێشمەرگە و خۆ تەیار کردن بەبیری پێشمەرگایەتی لەو ئەشقە پاکانەیە کە بە نەگۆڕی ماوەتەوە و دەستی ناپاکی هەوەس نەی گەیوەتێ. ئەوانەی گرفتاری ئەو ئەشقە دەبن قەت بۆیان نییە بیر لە بێ وەفایی بکەنەوە - شتێک کە لە نێو دڵداریی دیکەدا باوی زۆرە - . ئاشق بوون بە پێشمەرگایەتی، ئاشق بوون بە ڕەمزی فیداکارییە و ئەوانەی لەو قوتابخانەیەدا دەرسی ئەوین دەخوێنن هەمووی لە دەستچنەکانی کۆمەڵن. پێشمەرگەی ئەوینداری ئازادی بە دایم چاوی لە ئاسۆی سەرکەوتنە و بۆ گەیشتنیش پێی هەروا هەورازان دەبڕێ.

***

«خەبات کردن بەبڕوای من وەک خواردن وهەوا پێویستە. وەک نوێژ کردن لەسەر کورد فەرزە». کە پێشمەرگە لەپێویستیی خەبات دەدوێ ئاوای باس دەکا. ئەوە خاڵی دەستپێکی قسەکانی تێکۆشەر ڕەحیم پەڕشەیییە کە نەک هەر خەبات لەسەر کورد بە فەرز حیساب دەکا، بەڵکوو خۆشی شانی وەبەر دەدا و ئەوەی لەو ڕێگایە دا بۆی دەکرێ دەی کا. کەسێک ئاوا لە خەبات تێ بگا و بەو جۆرە گرینگییەکەی هەست پێ بکا چۆن لەپێناویدا ئارەق نارێژێ و شاخە و شاخی بۆ ناکا. لە مێژە گوتوویانە ئازادی بۆ ئینسان وەک هەوا پێویستە و هەر وەک چۆن نەبوونی هەوا ژیان دەخنکێنێ، نەبوونی ئازادییش دڵ دەمرێنێ و لەنەشەی دەخا. ئەوانەی لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن هەوڵیان ئەوەیە ڕەوتی ژیانی ئینسان بەردەوام ڕابگرن و بۆ ئەوەش زۆرجار ناچارن لەژینی خۆیان بگوزەرێن. ڕەحیم پەڕشەیی یەک لەو هەزاران خەباتکارەی ڕێگای ئازادییە کە ئازایانە هاتۆوەتە مەیدان و لێبڕاوانە درێژەی بە خەبات داوە و سادقانە خزمەتی کردووە. ئەگەر کورد لەکەسانی وەک پەڕشەیی ڕێز دەگرێ لەڕاستیدا لەخەبات ڕێز دەگرێ و ئەوەش خۆی مانای ڕێزگرتن لە ژیانە.

ناوی ڕەحیم و شۆرەتی فەلاحییە. بەڵام کەس نازانێ فەلاحی کێیە، کەچی ناوبانگی پەڕشەیی هەموو وڵاتی داگرتوە. لەگوندی پەڕشەی ناوچەی نمەشیری بانە و لە ساڵی ۱۳۳۹ی هەتاوی لە دایک بووە. وەک زۆر منداڵی دیکەی دێهات هەرکە دەستی چەپ و ڕاستی خۆی ناسیوە دەگژ کاری تاقەتبڕی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ڕۆچووە و بەم جۆرە زۆر زوو لەشی بۆ خۆڕاگری خاراوە. پەڕشەیی لە لێڕەوار و لە نێو هەوراز و لێژی هەزار بە هەزاری ناوچەکەی دا گەورە بووە و لە بەر سێبەری دارە بەن و مازوو و قەزوان و وێوڵ و شەکی حەساوەتەوە و تامی ترێ ڕەشەی ڕەزانی کردوە و بۆنی بە کاڵەکە بۆندار و بەتامەکانی دێمەکارەوە کردووە. لە هەڕەتی منداڵیەوە شانی وەبەر باری قورسی ژیان داوە و خۆی بۆ ڕۆژە سەختەکانی داهاتوو ئامادە کردووە. کوڕێک لەو ناوچە ڕام نەکراوەدا گەورە بووبێ و ئاوا زوو لەشی وەبەر باری قورسی ژیان دابێ و تاڵی و سوێریی لە ڕادەبەدەری چێشتبێ، زۆر سروشتییە دەگەڵ دنیای ترس بێگانە بێ و ئازایەتیی لێ ببارێ. ڕەحیم پەڕشەیی جگە لەکار و زەحمەتی ڕۆژانە و ژیان لە نێو شاخ و داخی ڕام نەکراو دا، شتی دیکەش وایان لێ کرد تەبعێکی سەرکێشی هەبێ و لەبەرامبەر زۆرداری دا وچان نەدا. ئەگەر سەدان لاوی گیرۆدەی ناوی شەریفزادە و ئازایەتییەکانی لەخۆشەویستیی ئەو ڕێگای خەباتیان گرتە بەر، ڕەحیم پەڕشەیی شانسی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە بیبینێ و سیمای شۆڕشگێڕانەی لە سەر دڵی بنەخشێنێ.



ڕەحیمی خولیای ناوی شەریفزادە و ڕێبازە پیرۆزەکەی، ئەو کاتە کە مەیدانی خەبات بە کراوەیی دەبینێ و توانای چەک هەڵ گرتن دەخۆیدا سۆراغ دەکا، سێ و دووی لێ ناکا و هەر وەک ئەوە کە خەبات بە بێ ئەو بە هیچ کوێ ناگا ملی لێدەنێ. ئەو هەر چەند کاتی چەک هەڵگرتنی منداڵکارە بووە و لە ئەزموونی شەڕی چەکداری بێ بەش، بەو حاڵەش چونکە خولیای خەبات کردن خانەکانی مێشکی تەنیوە توانای جیسمی و فکریی خۆی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە. تێکۆشەر پەڕشەیی لەناوچەی بانەڕا دەستی پێکرد و هەر لەو ناوچەیەش درێژەی دا و هەتا ئێستاش هەر لەو مەڵبەندە خزمەت بە ئامانجەکانی شۆڕش دەکا. هەڵبەت بۆ مەئموورییەتی حیزبی ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان و ڕەبەت گەڕاوە و تواناکانی خۆی تێدا تاقی کردوونەوە. ئەو بە غرووری کوردانە دەستی پێ کرد، بە ئازایەتیی خۆی درێژەی دا و بەچەکی بیروباوەڕ خۆی تەیار کرد. لە درێژەی ئەو ڕێگا سەخت و پرکەند و لەندە دا کاک ڕەحیم وەستانی نەناسی، ترسی ڕێ نەنیشت و ڕاستە ڕێی بەرنەدا. هەر بۆیە ناوی ئەو تێکۆشەرەش وەک زۆری دیکە ڕازێنەری لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلەکەمانە و مایەی فەخر و شانازی.

کاک ڕەحیم پەڕشەیی، بۆیە نەبوو بەپێشمەرگە هەتا کات تێپەڕ بکا و منەت بەسەر خەڵک دا بکا. ئەو بۆیە بوو بەپێشمەرگە هەتا توانا و لێوەشاوەیی خۆی لە پێناو ڕێگایەکی پیرۆز دا سەرف بکا کە ئەلحەق کردیشی. هەر بۆیە دەبینین لە درێژەی کار و تێکۆشانی بێ وچانیدا ئەرکی قورستر دەبێ و بەرپرسایەتیی سیاسی و نیزامی پێ دەسپێردرێ. بە گشتی تێکۆشەر پەڕشەیی لە ماوەی تێکۆشانی بێ وچانیدا ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی هەبوون: فەرماندەریی دەستە، جێگریی لک، فەرماندەریی لک، کادری سیاسی، ئەندامی کۆمیتەی شارستان و کادری کۆمیسیۆنی تەشکیلات.

تێکۆشەر پەڕشەیی هەر وەک چۆن بە دڵ و داو ملی لە خەبات نا و بە ئیمان بە ڕێبازی، ساڵە سەخت و پڕ مەترسییەکانی تێپەڕ کردن، ئێستاش سەنگەری تێکۆشانی بەرنەداوە و هەر وەک جاری جاران دڵی بۆ ئازادیی گەلەکەی لێدەدا و هەنگاوەکانی بۆ گەیشتن بە مەبەست هەروا قورس و قایمن. ئەو لە درێژەی ئەو ڕێگا دوور و پڕ هەوراز و لێژە دا گەلێ مەینەتی دیوە و یەکجار زۆر ماندوو بووە. چەکی دستی دوژمن ٥ جار لەشی پێکاوە و خوێنی لە جەستەی هێناوە، بەڵام وەک هەر قارەمانێکی دیکە وڕەی بەرنەداوە و سەنگەری خەباتی چۆڵ نەکردوە.

ئازایەتی، چاونەترسی و لێبڕاوەیی لە دۆستانی هەرە نیزیکی پێشمەرگەن. بە پشت بەستن بەو هاوسەنگەرە خۆشەویستانەیە کە پێشمەرگە وەک ڕێڕەوی ماندوو نەبووی ڕێگای خەبات دەمێنێتەوە. هەرکە ئینسانێک بڕیار دەدا بۆ گەیشتن بەئامانجێکی پیرۆز ڕێگای خەبات بگرێتە بەر خۆ لەو تایبەتمەندی و سیفەتە بەرزانە نیزیک دەکاتەوە کە بۆ درێژەی ڕێگاکەی بە کەڵکی دێن. تەنیا بە بوونی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە دەکرێ ناوی پێشمەرگە بۆ کەسێک دیاری بکرێ. بێگومان ڕەحیم پەڕشەیی توانیویەتی لە پشتیوانیی ئەو هاوسەنگەرانە بەهرەمەند بێ.


# ڕێچۆس و ئەدەبیاتی بەرگری



عەلی فەتحی

وشە تەنیا وەکوو خۆی خاوەن مانایەکی ئەوتۆ نییە، ئەگەر هەڵگری مانا و مەبەست لە شوێنی گونجاودا نەبێ. بەردی بناخەی ڕستەیە و پێکهێنەری قەوارەی نووسراوێکە. هەڵبەت مەبەستم لە لایەنی بێدەنگیی ئەوە، وەختێک لەسەر ڕوخساری سپیی کاغەز خۆی دەنوێنێ. مرۆڤ وشە دەکا بە ئامراز، بۆ دەربڕینی سۆز، هەروەها گەیاندنی زانیاریی و بەگژداچوونەوەی خامۆشی بیر و هزر. وشە لە زەمەن و تەمەندا و بەقەیاسی باڵای ڕووداوەکان داگژاوەتە تاریکی، داگیرساوە وەکوو مۆم، بڵێسە یا خۆرێک بووە پڕ لە ڕووناکی، هەڵبەت بەباری ئەرێنی خۆیدا و ڕەنگە لە نەرێنیبوونیش بێبەش نەبووبێ. ئەگەر سەیری مێژووی عومری وشەبکەین، ئەوەندەی یەخسیری حەز و مەیلی چەوسێنەر بووە، هێندەش هەوێنی سەرهەڵدانی خەیاڵ و خۆزگەی نووسەر و مرۆڤی دڵ پڕ لە سۆزە. بە واتایەک، ئیمپراتۆری گشت وەرزەکانی هەست لە ژیان و جیهاندا.

زۆر نەتەوەی بندەست زمان و پەنجەی نووسەرانیان کردووەتە مێعرابی کڕنۆش و خەون و نزای ئەوانیان تێکەڵ بە ژیان و گیانیان کردووە. بۆ سەربەستی، بۆ خۆیبوون و ڕێگەی هزری شێعر و سروودەکانیان ڕەچاوکردووە. زۆرێک لەو خامە بوێرانە، بە دەنگ و وشەیان بەگژ نەهامەتییەکاندا چوونەوە، جیا لە کۆمەڵگای خۆیان، سنوورە دەستکردەکانیشیان دەربازکردووە. ئەوانە وەکوو مانگ لە شەوی تاریکی خەڵکانی دیکەشدا، ڕووناکییان بە ڕێگا و هزر



بەخشیوە. یەک لەوانە، کە لە نووسیندا سالارێکە، ناسراوی گەلانیتر سالانێکە، بەردەوام دەیخوێنمەوە و لەبەرخۆمەوە دەیڵێمەوە، یانیس ڕێچۆسی یونانییە. ئەو کەسەی مرۆڤایەتی دەینداریەتی.

یانیس یەکی مای ١٩٠٩ لە شارۆچکەی مۆنێمڤاسیای دەڤەری لاکۆنیا لەدایکبوو. ناوبراو ٨١ساڵ ژیا و لە ١١ی نوامبری ١٩٩٠ لە شاری ئاتێن کۆچی دوایی کرد. شاعیر و نووسەرێکی ڕیالیست.

یانیس ڕیچۆس شاعیر و نووسەری ناسراوی یونانی و جیهانی، لەباری فکرییەوە لە بەرەی چەپدا بوو. ساڵی ١٩٣١ کە تەنیا بیست و دوو ساڵی تەمەن تێپەڕکردبوو، وەکوو ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی یونان وەرگیرا. ساڵی ١٩٣٤ یەکەم دیوانە شێعری خۆی بەناوی «تراکتۆر» بڵاوکردەوە و ئیلهامێک لە شێعرەکانی ولادیمیر مایاکۆفسکی بوو. دووهەم دیوانی ئەو بەناوی «ئەهرام» لە ساڵی ١٩٣٥دا بڵاوبوەوە و لەودا پارسەنگی نێوان باوەڕ بە داهاتوو و ناهومێدی تاکەکەسیی خستە بەرباس. ساڵی ١٩٣٦ شێعری «شینگێڕیی»ی نووسی و دواتر، واتە ساڵی ١٩٥٠ ئەو شێعرەی لەلایەن ئاهەنگسازی ناسراوی یونانی و جیهانی، میکیس تیۆدۆراکیس کرا بە سروودی نەتەوەیی یونان. نیزیک بە تەواوی بەرهەمەکانی ناوبراو وەرگێڕدراونەوە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا. خاوەن ١١٧ دیوانی شێعر و ڕۆمان و شانۆنامە و بەرهەمی وەرگێڕدراوە. یەک لە پێنج شاعیری گەورەی سەدەی بیستەم بوو. سەردەمێک تووشی نەخۆشی سیل هات و لە ئاسایشگای «ڕەستگاری» مایەوە و لەوێ بوو بە هۆگری مارکسیسم و تێڕوانینی چەپگەرایانە. ئەو ڕوح و هەستی شۆڕشگێڕانەی خۆی ئاوێتەی شێعرەکانی کرد.

یانیس ڕێچۆس لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤١ تاکوو ١٩٤٥ کە شەڕی دووهەمی جیهانی لەگۆڕێدا دەبێ و خاکی یونان بەدەست نازییەکانی ئاڵمان داگیردەکرێ، وەکوو پارتیزان دەبێتە ئەندامی «بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی». دواتر، ساڵەکانی ١٩٤٦ تا ١٩٤٩ ڕەگەڵ جووڵانەوەی چەپ بەدژی فاشیزم دەکەوێ. ساڵی ١٩٤٨ دەگیرێ و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئۆردووگاکاندا زیندانی دەکرێت و ئیزنی نووسینی پێنادرێت، بەڵام کۆڵنادا و بەنهێنی شێعرنووسین درێژە پێدەدا. ماوەیەک بۆ دوورگەکانی لیمنۆس، ماکرۆنیسۆس و ئایۆ ئێفستراتۆس دووردەخرێتەوە. ساڵی ١٩٥٦ سەردانی یەکیەتی سۆڤییەت و کوبا دەکا. ڕێچۆس لە سەردەمی هاتنە سەرکاری حکوومەتی دیکتاتۆری سەرهەنگەکان لە ١٩٣٦دا، دووبارە دەکەوێتەوە بەر گوشار و تووشی دوورخراوەیی دەبێ و سەرەتا بۆ دوورگەی یی‌ئارۆس و پاشان بۆ دوورگەی لێرۆس دەنێردرێ. ناچاردەبێ ڕەوتی هۆنینەوەی شێعرەکانی بگۆڕێ و شێوازی سورریالیستی بگرێتەبەر. ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵە بەرهەمی «گۆرانی خوشکم» دەخولقێنێ و ١٩٣٨ ‹› پەیمان و ئاشتی بەهار››. لەو دوو بەرهەمەدا بیرەوەرییەکانی تاڵی سەردەم بە زمانی شێعر دێنێتە بەرباس.

یانیس زۆربەی شێعرەکانی ئەلێکساندرۆس بلۆک، نازم حیکمەت و ڤلادمیر مایاکۆڤسکی وەرگێڕاوە سەر زمانی یونانی. لە یەکییەتی سۆڤییەت خەڵاتی لێنینی پێبەخشرا. هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە، بەڵام خۆی بوو بە شاعیری هەژار و چەوساوەکان. ناسراو بوو بە شاعیری دەیەی سی. کۆمەڵە شێعرەکانی «ڕۆمیۆسینی – ڕوحی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی یونانییەکان» ١٩٤٧ و «موسیقای ڕووناکی مانگ» ١٩٥٦ کە بەرهەمی سەردەمی زیندان بوونە، بڵاودەکرێنەوە. نۆ جار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل پێشنیار دەکرێت و پێی‌نادرێت. پابلۆ نێرۆدا، شاعیر و سێناتۆری نوێخوازی شیلیایی و براوەی خەڵاتی نۆبێل لەوبارەوە دەڵێ:

«ئەو پتر شایانی ئەو خەڵاتەیە، بەڵام نایدەنێ، چونکە شاعیرێکی چەپە.»

لوویس ئاراگۆن، شاعیر و ڕۆماننووسی سووریالیستی فەڕانسەوی سەبارەت بە ڕێچۆس دەڵێ: «ئەو مەزنترین شاعیری سەردەمی ئێمەیە.»

پابلۆ نێرۆدا هەروەها دەڵێ:

«رازی نیم شێعرەکانم لەگەڵ شێعری هیچ شاعیرێک جیا لە یانیس ریچۆس هەڵسەنگێندرێن.»

یانیس خۆی لەمەر نەهامەتییەکانی بەسەری هاتووە دەڵێ:

«پێموایە مرۆڤی سزانەدراو هیچکات لە ژیانیدا تێناگا سنووربەزاندن چ مانایەکی هەیە. لەبەر ئەوەی ژیان پڕە لە مەمنووعکران، فێربووم بە شێعر ئەو سنوورانە ببەزێنم...»

هومێد بەرنادا و گەشبینە بە داهاتوو و هاواردەکا:

«دڵنیام سایەمان بەسەر هەموو کێڵگەکانەوە دەبێ
بەسەر دیوارە گڵییەکانی ماڵی هەژاران
بەسەر گشت شوێنێکی گەورەماڵان
کە لەداهاتوودا دروستدەکرێن...
تاڵییەکان وەشادی دەگەڕێن
خوشکوبرایەتیمان دەگەشێتەوە
خۆشحاڵ دەبێ ئەو جیهانەی تازە لەدایکدەبێ....»

با بزانین یانیس ریچۆس، شاعیری ئەدەبیاتی بەرگری، سەرەڕای ئەوەی خاوەن هەست و بیر و روحێکی سەرکێشە، سەبارەت بە ئاشتیش چۆن دەدوێ:

**«ئاشتی»**

**خۆزگەی منداڵ ئاشتییە،**
**هیوای دایک ئاشتییە،**
**ڕاز و نیازی دڵدارانی ژێر سایەی دارەکان،**
**ئەویش هەر ئاشتییە.**

**ئەو باوکەی شەودرەنگان دەگەڕێتەوە و**
**زەردەخەنەیەکی مەزن لە چاوەکانیدا دەدرەوشێتەوە،**
**بە زەمبیلی پڕ لە میوەی دەستیەوە،**
**بە ئارەقی نێوچاوانیەوە،**
**ئارەقەیەک وەکوو شەونمی سەر پۆڕەگیا**
**کە لەبەر پەنجەرە لەسەرمان بەستوویەتی،**
**ئەویش هەر ئاشتییە.**

**ساتێ کە برینی کوانەکانی ڕوخساری جیهان نامێنێ و**
**لە قووڵکەکانی گوللە تۆپ و خومپارەدا،**
**دار و گوڵ دەچەقێندرێ.**
**لەنێو دڵە سووتاوەکاندا**
**یەکەم خونچەی هیوا سەردەردێنێ و**
**شەهیدانیش وەردەسوڕێنەوە سەر تەنیشت و**
**حەساوە دەخەون و گلەییان نامێنێ،**
**دڵنیان خوێنیان بەفیڕۆ نەچووە و بۆ ئاشتی بووە،**
**ئەویش هەر ئاشتییە.**

**بەرامەی جەمی شەو، ئەویش ئاشتییە.**
**ئەوکاتەش هەروەها کە سەیارە لە ڕێگادا دەوێستێ و**
**ئیتر مەترسی ڕێگرییەک لەگۆڕێدا نییە.**

**ئاشتی ئەو دەمەیە، لە درگا دراوە و**
**واتای هاتنی دۆستێکە،**
**یا کەلێنی هەمیشە ئاواڵەی پەنجەرە و**
**مانای هەبوونی ئاسمانێکە،**
**کە یارمەتیدەر دەبن، چاوەکانمان زەنگۆڵە ڕەنگینەکانی ئەو ئاسمانە ببینن و**
**جێژنبگرن و شاگەشکە دەبن،**
**ئەوەش خۆی ئاشتی و سوڵحێکە.**

**ئاشتی پەرداخێک شیری گەرمە و کتێبێک**
**لە دوای وەخەبەر هاتنی مناڵێک.**
**ئاشتی ئەو ساتەیە، گوڵەگەنمەکان وەردەسوڕێنەوە،**
**بەیەکتر دەڵێن: ئەها ڕووناکی، تیشک!**
**تاجی خۆریش لەو ساتەدا لێوڕێژ بووە لە گزینگ،**
**بەڵێ ئەوەش هەر ئاشتییە.**

**ئەو دەمەی زیندانەکان دەکرێنە کتێبخانە**
**ئەو ساتەی گۆرانی ماڵەوماڵ، لە شەودا دەزرینگێتەوە**
**ئەو وەختەی مانگی بەهار لەبن هەور دەردەکەوێ، دەدرەوشێتەوە**
**وەکوو چۆن هەموو ئێوارەی شەمۆیەک، لە دەلاکی،**
**کرێکارێک سەر و ڕوخساری پاککردبێتەوە،**
**بەڵێ ئەوەش هەر ئاشتییە.**

**کاتێ ڕۆژ تەواوبوو،**
**هیچ ڕۆژێک بەبەتاڵی دەربازنەبوو،**
**نەمامی نیشتمان لە شەودا، چرۆیدا و**
**ڕۆژێکی پڕبەهرەی تێپەڕاند و خەوێکی بەرهەقیکرد،**
**تۆش هەست دەکەی خۆر بە باقە تیشکێ**
**خەم و خەفەتی لە کەلێنە شاراوەکانی ڕۆژگار ڕاکرد،**
**ئەوەش ئیتر ئاشتییە.**

**ئاشتی، حاسڵاتی تیشکی خۆرە لە پێدەشتەکانی هاویندا**
**ئەلف و بێی دڵپاکییە، لەکۆشی سپێدەدا،**
**بەڵێ ئاشتی ئەوەیە.**

**کاتێک دەڵێی: خوشک و برایانم!**
**کاتێک دەڵێی: سبەینێ بنیات دەنێین**
**ڕاست ئەو دەمەی مژوڵی دروستکردنین، گۆرانی دەڵێین،**
**ئاشتی ڕاست ئەو ساتەیە.**

**ئاشتی دەستی یەکگرتووی مرۆڤەکانە**
**نانێکی گەرم لەسەر سفرەی خەڵکی جیهانە**
**بزەی سەر لێوی دایکانە،**
**ئاشتی جیا لەوانە هیچیتر نییە.**

**ئەو گاسنە جووتانەی کێڵگەی پانوپۆڕی زەوی جیهان دەکێڵن**
**تەنیا یەک وشە دەنووسن:**
**«ئاشتی. هیچ وشەیەکیتر جیا لە ئاشتی»**
**لەسەر هێڵی شێعرەکانی منیش**
**شەمەندنەفەرێ بەمەقسەدی داهاتوو بەڕێوەیە،**
**پڕە لە گوڵەگەنم و گوڵەباخ و ئاشتی و ئاشتیش هەر ئەوەیە.**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 698 18 february 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# «چونکی ئەمەلت بوو چ عومرێکی کەمت بوو»



قادر وریا

دوێنێ شەو، بەداخبوونو ناڕەحەتییەکەم بۆ مەرگی «مام عەلیی گوڵی» زیاتر بوو کاتێک وەبیریان هێنامەوە کە وەسیەتی کردبوو ئەگەر مرد، من لە سەر مردنەکەی قسە بکەم. کاتی خۆی ڕووبەڕووی خۆشم ئەو داوایەی لێ کردبووم، بەڵام لە بیرم چووبوەوە. ئێستا مام عەلی بۆ چی منی بۆ قسەکردن لە سەر ژیان و مردنی خۆی دەستنیشان کردبوو، تەنیا دەتوانێ یەک هۆی هەبووبێ ئەویش ئەوەیە:


جارێک لە جاران، وەکوو کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ڕۆژنامەی «کوردستان» قەدری ئەو کارەیمان زانی کە ئەو چەند ساڵ بووهەموو مانگێ دوو جار دووپاتی دەکردەوە. ئاخرمام عەلی، هەر١٥ ڕۆژ جارێک کە ڕۆژنامەی «کوردستان» دەردەچوو، دەگەیشتە شوێنی ئامادەکرانی ڕۆژنامەو داوای بەشی خۆی لە ژمارەی تازەی «کوردستان» دەکرد.٢٠- ٣٠ نوسخەی لە هەر ژمارەیەک وەردەگرتو بە پێیان یا بە ماشێن( دیارە لە سەر حیسابی گیرفانی خۆی، کرێی تاکسی دەدا )و دەیبرد بۆ کۆیە. لە نێو ئیداراتی ئەو شارەو لە بازاڕ، کۆمەڵێک کەسی عادەت دابوو بە وەرگرتنو خوێندنەوەی ڕێکوپێکی ڕۆژنامەی «کوردستان». جاروبار کە بە ڕێکەوت تووشی هێندێکیان دەبووم، بە سەرسوڕمانەوە باسی ئەرکناسیو ڕێکوپێکیی ئەو مامە پیرە لە گەیاندنی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان بە دەستی ئەوان دەکرد. ساڵێک، لە پێشوازی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە گەڵ هاوکارەکانمان لە ڕۆژنامەی» کوردستان» وا ساغ بووینەوە لە گەڵ ژمارەیەک لە راگەیەندنکارەکانمانو نووسەرانو کادری فەنیی ڕۆژنامەدا، لەوحێکی ڕێزلێنان پێشکەشی مام عەلیی گوڵی بکەین کە سەرەڕای نەخوێندەوارییەکەی، عاشقانە»کوردستان»ی خۆش دەوێو بەو پەڕی دڵسۆزیو خۆشەویستییەوە، ئەرکی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی چەندین نوسخەی ئەم ڕۆنامەیە بە هۆگرانی، خستووەتە سەر خۆی. ئەم لەبیربوونو پێزانینو خوێندنەوەیە بۆ مام عەلی، زۆر مایەی خۆشحاڵیو دڵگەرمی بوو.

مام عەلی، ساڵانێک بوو وەک پێشمەرگە لە گەڵ پێرسۆنێلی رادیۆ دەنگی کوردستان هاوکارو هاوسەنگەر بوو. خوا نەکا گرفتێکی فەننی بۆ رادیۆ هاتبایە پێشو چەند دەقیقەیەک پەخشی بەرنامەکانی رادیۆ دواکەوتبا یا ڕۆژێک هەر بڵاو نەببایەوە. دنیای لێ وێک دەهاتو نیگەرانی دایدەگرت. خۆی دەگەیاندە ئەمو ئەو هاوڕێی کاربەدەستی رادیۆو، هەتا دۆخەکە ئاسایی دەبووە، حەجمینی لێ هەڵ دەگیرا. ئەوینداریانە حیزبی دیموکراتو خەباتی پڕ لە قوربانیدانی ئەم حیزبەو نەتەوەکەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی خۆش دەویست. ئەو خۆشەویستییەو بە پەرۆشبوونەی مام عەلی لە ئاست رادیۆو ڕرۆژنامەو دواتر تەلەڤیزیۆنی حیزب(کوردکاناڵ)، هەر وەها خەمخۆربوونی لە ئاست هەموو کارو تێکۆشانو چالاکیەکی حیزبەکەی، بە تایبەتی بەشدارایی گەرموگوڕی لە بە خاکسپاردنو پرسەو سەرەخۆشیی شەهیدەکانو کۆچی دوایی هاوڕێیانو هاوسەنگەراندا، لە بەر چاوو لە دڵی هەمووماندا کردبوویە نموونەی دیاری مرۆڤێکی دڵسۆزو بە ئەمەگو نیشتماندۆست. ئەو کە لەم ساڵانەی دواییدا، هاوسەرەکەشی لە دەست دابووو بە تەنیا مابوەوەو پیریو نەخۆشی تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، لە وڵامی یەکێک لە ناسیاوانیدا کە کوتبووی: «مام عەلی بۆ ناگەڕێیەوە لای کەسوکارت لە ئاوایی»مەللالەر»(لە ناوچەی بۆکان)؟» کوتبووی: کەسوکاری من ئەو پێشمەرگانەن. بۆ من شانازییە لە نێو ئەوانە بمرم، تەرمم لە سەرشانی ئەوانو لە توێی ئاڵای کوردستان دا لە مەزارگەی شەهیدانو نەمرانی حیزب بە خاک بسپێردرێ. دیارە مام عەلی لە نێو خەوتووانی ئەو مەزارگەیەشدا غەریبو نامۆ نەبوو. جگە لەو هەموو تێکۆشەرانەی ساڵانێک لە ئۆرگانو بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب کاری ڕۆژانەی لە گەڵ کردبوون، کوڕێکی پێشمەرگەی خۆشی بە ناوی حوسێن لەم مەزارگەیە نێژرابوو.

«عەلی گوڵی»، خەڵکی مەڵلالەری ناوچەی بۆکان بوو. بە سجیل ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە دایک ببوو. نزیکەی ٢٥ ساڵێک لەمەوبەر کە گوێم دابووە بەرنامەیەکی تایبەتی رادیۆ دەنگی کوردستان لە بارەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەک لەو کەسانەی بەرنامەکە لە پێوەندی لە گەڵ ئەو ڕووداوە دا دواندبوونی، مام عەلی گوڵی بوو. لە بیرمە کە گێڕایەوە» کاتێک خەبەری دامەزرانی جمهووریمان پێ گەیشت من جەوان بووم لە مەزرایە جووتم دەکرد». مام عەلی ساڵی ١٣٣٦ بە هۆی ئامۆزاکەی، نەمر میرزا عەولا جەهانگیری، هاتبووە ڕیزی ئەندامانی حیزب. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانش، جارێکی دیکە پێوەندیی بە حیزبەوە گرتبوو، چوو بووە مەهابادوچەکی لە سەرگورد عەبباسی وەرگرتبووو لە کۆمیتەی ناوچەی ئەحمەدی کوڕو دواتر لە بنکەی «قەرەمووسالی» وەک پێشمەرگە قۆڵی لە خزمەتی حیزبەکەی هەڵماڵیبوو. لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ، کۆمیسیۆنەکانی ماڵیو سیاسی-نیزامیو دواتر لە کۆمیسیۆنی رادیۆ(رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران)، درێژەی بە کار و ئەرکی حیزبیی خۆی دابوو. لەمێژ ساڵ بوو بە هۆی چوونە سەری تەمەن، خانەنشینو لە بەڕێوەبردنی کارو ئەرکی حیزبی معاف کرابوو. بەڵام تەنانەت پیریو نەخۆشییش نەیانتوانیبوو مام عەلی گۆشەگیرو خانەنشین بکەنو لە خزمەتکردنو خۆشەویستیی حیزبەکەی دووری بخەنەوە، تەنیا مردن بوو کە توانی مام عەلی، ئەویش بە جەستە لە حیزبی دیموکرات بستێنێتەوە.

بە پێی ستانداردەکانی ناوچەی ئێمە ،٩٥ ساڵ بۆ مرۆڤێکی کورد تەمەنێکی کەم نیە. مام عەلیو زۆر تێکۆشەری دێرینی دیکەی هاونەسلی مام عەلی کە بە داخەوە بە دەگمەن گەیشتوونە تەمەنی ٩٠ ساڵی، زۆربەی هەرە زۆری تەمەنی خۆیان لەکاروانی خەباتو تێکۆشانو وەفاداری بە ئامانجی پیرۆزی رزگاریی نەتەوەی کورد دا تێپەڕ کرد، سەرئەنجامیش بێ ئەوەی بە ئاواتەکانیان بگەن، دوور لە زید و کەسوکار، سەریان نایەوە. لە گەڵ ئەوەی ئارەزوو دەکەم پاشماوەی تێکۆشەرانی هاونەسلی مام عەلی و نەسلەکانی دواتر، پتر لە مام عەلییش تەمەن بکەن، لەو بڕوایە دام هەر کامێک لەوان، چونکە دەزانن بۆ چی دەژینو بەو هۆیەوە کە «ئەمەل»و هیوای گەیشتنی نەتەوەکەیان بە ئازادی، ڕێڕەوی ژیانی دیاری کردوون، لە هەر تەمەنێک دا بمرن، هەتا ئەو کاتەی ئاواتەکانیان وەدی نەهاتوە، هەر زوویەو هەر بۆیان بە پەرۆش دەبم.

# خاوەنی "شکۆی ئەوین" دڵی لە لێدان راوەستا




ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی ناسراو بە "ماموستا هەڵوەدا" دوای ماوەیەک بەربەرکانی لە گەڵ نەخۆشی ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندان بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کردو، کۆڕی هۆگرانی وێژەو ئەدەبی کوردیی بەجێهێشت.

ماموستا هەڵوەدا نووسەر وشاعیری بە ناوبانگی کورد دانیشتووی شاری مەهاباد لە زێدی لە دایکبوونی خۆی کۆچیدوایی کرد.

شکۆی ئەوین، خەزینەی بزە، شارۆچکەی شادی و بەرخۆڵە. چەند بەرهەمی بەنرخی ئەو نووسەر وشاعیرە جوانووسەن کە پێشکەشی کردوە بە کتێبخانەی کوردی و، هەروەها خاوەنی چەندین بەرهەمی دیکەی کە بەداخەوە بە هۆی نەبوونی پشتیوانەیەکی ماڵی تاکوو ئێستا لەچاپ نەدراون.

ماموستا ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی وەکوو هونەرمەندێکی لێهاتوو پتر لە سەد چیرۆک و شانۆنامەی نووسیوە کە بەهونەرمەندی هونەرمەندانی مەهابادی لە دەنگ ورەنگی ئەو شارە نواندراون و، دەرخەری توانایی و لێهاتوویی ئەو نووسەرە کوردەن لە بوارە جیاجیاکاندا ماموستا هەڵوەدا نزیک بە ٥دەیە خزمەتی بە ئەدەب وفەرهەنگی نەتەوەکەی کردووە، لە ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندان دوای بەجێهێشتنی کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخ ماڵاوایی لە ژیان کرد.

# بانگەواز بۆ یەکەم فیستیڤاڵ و پێشانگای راگەیاندنی کوردی لە سنە

بانگەوازی یەکەمین فیستیڤاڵ و پێشانگای راگەیەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی میوانانی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە. بەپێی هەواڵی سەرچاوە نێوخۆییەکان، خانەی راگەیاندنی پارێزگای سنە بە هاوکاریی پارێزگاری ئەم شارە یەکەمین فیستیڤاڵی راگەیەنە کوردییەکان لە دوو بەشی زمانی کوردی و فارسی بەڕێوە دەچێ. لە بانگەوازی ئەم فیستڤاڵەدا هاتووە کە بابەتەکان دەبێ پێشتر لە ڕێکەوتی ١٧ریبەندانی ساڵی ٩٤ تا ٢٠ی رەشەممەی ئەمساڵ لە راگەیەندراوەکانی ڕرۆژهەلاتی کوردستان بڵاوکرابێنەوە. ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ و ئازاد لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن بەشداریی ئەم فیستیڤاڵە بکەن و بەشی تایبەتیشی بۆ بابەتی جیاواز هەیە. پێشانگای راگەیاندن و راگەیەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی راگەیەنکارانی بژاردەی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لە حەوتووی کۆتایی خاکەلێوەی ساڵی٩٦ لە شاری سنە بەڕێوەدەچێ.




# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێک بۆ یادکردنەوە لە دوکتور برایم یوونسی



بنکەی فەرهەنگی ئەدەبیی «بەڕۆژە» لە پێنجەمین ساڵیادی کۆچیدوایی وەرگێر و نووسەری بەناوبانگی کورد دکتور برایم یوونسیدا بە بانگهێشت کردنی بەشێک لە نووسەران و شاعیران و بنەماڵەی یوونسی ڕێورەسمێکیان بەو بۆنەوە بەڕێوەبرد.

لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕێبەندان بەڕێوەچوو، ئازاد یوونسی کوڕی برایم یوونسی لە قسەکردنێکی کورتدا وەڵامی ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی دایەوە کە لە برایم یونسی دەگیرێ کە بۆ بە زمانی کوردی هیچ بەرهەمێکی نییە.

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا چیرۆکنووس عەتا نەهایی لەبارەی ژیانی برایم یونسی و جێگە و پێگەی نووسەرانی کورد لە ئێران باسێکی پێشکێش کرد.

# گرووپی «نیشتمان» وەک باشترین گرووپی سەمای جیهان هەڵبژێردرا

لە فێستیڤاڵی فەرهەنگ و هونەر لە شاری سەنپیتێرزبۆرگی وڵاتی ڕووسیە، گرووپی هەڵپەڕکێی «نیشتمان»ی بۆکان، لە نێوان ٧٢ گرووپی بەشداربوو لە وڵاتانی جیهانەوە، وەک باشترین گرووپی سەماکار هەڵبژێردرا.

گرووپی هەڵپەڕکێی نیشتمان ساڵی ١٣٨٤ی لە شاری بۆکان دامەزراوە و لە ماوەی ئەم ١١ ساڵەدا توانیویەتی وەکوو گرووپێکی فەرهەنگی و هونەری، ڕۆڵێکی بەرچاو لە بووژانەوەی گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیدا بگێڕێ.

دامەزراندن و ڕێکخستنی گرووپی هاوشێوە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان بۆ ڕاگرتن و ناساندنی کلتووریی کوردەواری لەسەر دەستی خەمخۆرانی کوردستانی بەتایبەتی شانۆکاری بەناوبانگی کورد، دکتور قوتبەددین سادقی هاتە ئاراوە و ئەو گرووپانە توانیویانە بۆ ناساندنی ئاستی شارەستانیەت وهونەری کوردی بە جیهان، دەور و ڕۆڵی باش بگێڕن.



# ڕێوڕەسمی پیرشالیار لەسەر بەفری هەورامانی تەخت بەڕێوە چوو

ڕێوڕەسمی پیرشالیار بە بەشداری هەزاران کەس لەژێر ڕەهێڵەی بەفر و سەرمادا بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمی کۆنی پیرشالیار کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بە»زەماوەندی پیرشالیار» بەناوبانگە، هەموو ساڵێ لە وەرزی زستان و لە نیوەی مانگی ڕێبەندان و هەروەها درێژەی ئەو ڕێوڕەسمە لە وەرزی بەهار لە ١٨ی بانەمەڕدا بەڕێوە دەچێ.

لەو ڕێوڕەسمەدا دەروێشەکانی ئەو ناوچەیە زیکر دەکەن و هەروەها لێنانی چێشتی تشین، دەفژەنی و سەمای عیرفانی و تەواف کردن و خوێندنەوەی شێعر و پەخشانی عێرفانی- ئاینیی بەشێکی دیکە لە بڕگەکانی ڕێوڕەسمەکەن.

